# ڕاپەرینەکەی پێنجوێن

مێژووی ڕاپەرینەکەی 1980/7/19ی
پێنجوێن، لە یادەوەری بەشداربوانیدا







ئامادەکردن و کۆکردنەوەی
سیروان عمر - عزیز بلکیانی

چاپی یەکەم 2018

مێژووی ڕاپەڕینەکەی ١٩٨٠/٧/١٩ی پێنجوێن
لە یادەوەری بەشداربوانیدا

# ڕاپەڕینەکەی پێنجوێن

مێژووی ڕاپەڕینەکەی ١٩٨٠/٧/١٩ی پێنجوێن
لە یادەوەری بەشداربوانیدا

ئامادەکردن و کۆکردنەوەی

سیروان عمر- عزیز بلکیانی

ناوی کتێب : مێژووی ڕاپەرینەکەی ١٩٨٠/٧/١٩ی پێنجوێن لە یادەوەری بەشداربوانیدا
ئامادەکردن و کۆکردنەوەی : سیروان عمر – عزیز بلکیانی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئەیوب ناجی
نۆبەتی چاپ : یەکەم
ساڵی چاپ : ٢٠١٨
چاپخانە: گەنج
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٤٨٤)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێ دراوە.

**بە سپۆنسەری بەڕێز: فریاد محمود غولام (مامۆستا فریاد مامە خولە)**

# پێڕست


دەسپێك..................................................................................... ٩

پێشەكی..................................................................................... ١١

دیدار لەگەڵ دەروێش حبیب (برای دێوانە مجید).................................... ١٥

دواشوانی گاگەلەكەی پێنجوێن، تەها بهاالدین ناسراو بە (شێخ تەها)........................ ٢٣

دیدار لەگەڵ حمەصاڵح صۆفی ئەحمەد (صاڵحە تاریك)........................................ ٢٦

دیدار لەگەڵ محمدی حاجی عارفی دارەبەن............................................. ٣١

یادەوەریی ڕاپەرینەكەی ساڵی ١٩٨٠ی پێنجوێن نوسین: فاروقی ڕەشە چالە........................ ٣٨

دیدار لەگەڵ محمد حاجی قادری شیرین ............................................... ٤٢

دیدار لەگەڵ گەلاوێژ خان................................................................. ٥١

ڕاپەڕینی١٩/ی تەموزی ساڵی ١٩٨٠، نوسینی: فاروق حاجی احمد.............................. ٦٤

خۆپیشاندانی شارۆچكەی پێنجوین ١٩٨٠/٧/١٩، نوسین: محسین كریم.......................... ٧٢

ڕاپەرینەكەی ١٩٨٠/٧/١٩، نوسین: تۆفیق سعید (تۆفیقی سەعا ڕەش)........................... ٨٣

دیدار لەگەڵ تۆفیق حمە كریم نادر، ناسراو بە (تۆفە ڕەش)................................ ٩١

دیدار لەگەڵ خانم قادر ................................................................ ٩٩

دیدار لەگەڵ شێخ معتصم................................................................... ١٠٢

دیدار لەگەڵ جمال حەمەی خواكەرەم....................................................... ١٠٦

ڕاپەڕینی پێنجوێن ساڵی ١٩٨٠، نوسین: كامەران ڕەشید چالە..................................... ١١٧

مامۆستا عزیز بلكیانی، مشتێك لە خەروارێك ولاپەڕەیەكی پرشنگداری پێنجوێن........................ ١١٩

شیوەنێك بۆ پێنجوێن......................................................................... ١٤٤

ئەلبومی وێنەكان ............................................................................. ١٤٩

**پێشکەشە بە:**

- گیانی پاکی ئەو شەهیدانەی لە پێناو نیشتیماندا گانیان بەخت کرد

- گیانی شەهید دێوانە مەجید

-بەهەموو کوردێکی نیشتیمان پەروەر

# دەسپێک

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

شاری پێنجوێن مێژووەکەی پڕە لە ڕووداوو بەسەرهات، کە مرۆڤە گەورەو بەخشندەو شۆڕشگێڕو خاوەن ئیرادەکان ڕۆڵ و نەخشیان هەبووە و جێ دەستیان دیارە پێوەی.
لەمێژووی نزیکدا دەیان و سەدان ڕووداوی گرنگ ڕویان داوە، بەڵام لێرەدا ئێمە تەنها کارمان لەسەر مێژووی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٨٠ کردووە.

کاتێك بیرۆکەی نوسینەوەی یاداشتی بەشداربوانی ڕاپەڕینەکەم لەگەڵ هەردوو هاوڕێی خۆشەویستم(کاك سیروان عمر و مامۆستا عزیز بلکیانی) باسکرد، بەسوپاسەوە هەردووکیان پشتگیریان کردم و ئەرك و زەحمەتی کارەکەیان گرتە ئەستۆ.

وەك قائیمقامی قەزای پێنجوێن ئەم کارەمان بە ئەرکی سەرشانی خۆمان زانی کە ئاورێك لەم مێژووە بدەینەوە، هەرچەندە ساڵانە یادی ئەم ڕۆژە مەزنەمان کردۆتەوە بەڵام بە ئەرشیف کردنی یادەوەری ئەم ڕاپەڕینەمان بە گرنگ زانی.

لەبەر ئەوەی چاوپێکەوتن و هێنانەقسەی ئەو کەسانەی کە خۆیان شایەتحاڵی ڕووداوەکەبوون جیاوازە لەوەی کەسانێك بیگێڕنەوە کە زانیارییەکانیان تەنها لەڕێگەی بیستنەوە پێگەشتووە چونکە ئەو کەسانەی شایەتحالی ڕاپەڕینەکەو بەشداربووی ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕاپەڕین بوون

ئێستاش بەهەست و سۆزو بە حەماسەتی ئەو ڕۆژگارەوە یادەوەرەیەکانیان باس دەکەن.

ئەم کارەی ئێمە لەچوارێوەی نوسینەوەی مێژووی زارەکیە، ئەو مێژووەی تا ئێستا بەشێکی بەشاراوەیی لەیادەوەری کەسەکاندا ماوە، گەر کارمان لەسەر نەکردایە یان بەفەرامۆشیمان دەسپارد یاخود لەگەڵ لەدنیادەرچوونی کەسەکاندا (کە ئومێد دەکەم سەرجەمیان سەدان ساڵ تەمەن بکەن) کۆتاییان پێ دەهات.

بۆیە ئەم کارەی ئێمەپاداشتێکی بچوکە لەپای گەورەیی ڕەنج و قوربانی دانی سەرجەم کەسەکانی نێو ڕاپەرینەکە، هیوادارم وەك ڕێزلێنانێکی بچوك سەیربکرێت.

بە ئومێدی ئەوەی ئەم کارەشمان دەروازەیەك بێت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بە هەمووومان بناغەی مێژوو نوسینێکی نوێ دابنێین، هەوڵ بدەین مێژووی ئەم شارە بنوسینەوە، ببێتە دەروازەیەك زانیارییەکانی ڕابردوومان چ لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و هونەری و کلتوری شارەکەمان ئەرشیف بکەین تا دەرفەتێك بێت بۆ ئەوەی کەسانێکی شارەزاو دڵسۆز دەست بکەن بە لێکۆڵینەوە و مێژووی ئەم شارە ماندوو قوربانیدەرە بنوسنەوەو ڕۆڵمان لە مێژوودا وون نەبێت.

لەکۆتاییدا سەری ڕێزو نەوازش دادەنەوێنین بۆ شەهید دێوانە مەجید و سەرجەم شەهیدانی کوردستان، بەئومێدی ئەوەی ڕەنج و گیان فیدایی سەرجەم بەشداربووانی ڕاپەرین بەفیڕۆ نەچوبێت و توانیبێتمان بەهەمووومان کەمێك پاداشتی ماندووبوونیانمان دابێتەوە.

**زانا رحمان رحیم**

**٢٠١٨/٧/٨**

**پێنجوێن**

## پێشەکی

کۆکردنەوەو بە ئەرشیف کردنی مێژووی هەر شارو نەتەوەیەك یەکێکە لە ئەرکە هەر گرنگ و بایەخدارەکانی رۆشنبیری و شارستانیەتی مرۆڤایەتی، گەلانی پێشکەوتووی دنیا هەمیشە لەم بوارەدا پەرۆش و لێبڕاوانە کاریان کردووە و چرکەساتێکیش نیە لە ڕابردوویاندا تۆماریان نەکردبێت و نەیانکردبێتە ئەرشیفێکی گەورەو دەوڵەمەند. لەتۆمارکردن و نوسینەوەی مێژوودا تەنها خاڵە گەشەکان و سەرکەوتنە گەورەکان جێگەی بایەخ نین بەلکو نشوست و نوچدانەکانیش گرنگی خۆیان هەیەو شایانی ئاوڕ لێدانەوەن.

ڕابردووی ئێمە وەکو کورد گەرچی زۆر کۆن و پڕ ڕووداوی گەورەو بچوك و لەهەمان کاتدا سەرکەوتن و نوچدانی گەورەیە بەڵام تا هەنوکەش نەتەوەیەکی دەرەمێژوو و شارستانیەتین. بۆ چونە نێو مێژووی مرۆڤایەتی و تێکەڵبون و جێگرتن لەم مێژووەدا پێویستمان بە هەوڵ و ماندوبوون و کۆششی لێبڕاوانەو لەخۆبوردوانە هەیە.

شاری پێنجوێنیش لە باشوری کوردستان ڕابردوویەکی زۆر دێرین و کەلەپورو کلتورێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و ئابوری و تەنانەت شۆڕشگێڕی دەوڵەمەند و پڕ ڕووداوی گەورەی هەیە لە ناوچەکەدا، بەمەبەستی تیشك خستنە سەر چرکەساتێکی گرنگ و ڕوناککردنەوەی مێژووی شارەکەمان لەهەوڵێکی بچوك و لەخۆبوردووانەماندا دەستمان دایە کۆکردنەوەو نوسینەوەی مێژووی راپەرینی ١٩٨٠/٧/١٩ی پێنجوێن کە یەکێکە لە ڕاپەرین و ڕووداوە گەورەو گرنگەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان و ناوچەکە.

ئەم هەوڵەی ئێمە ئەرشیف دۆزییەکەی شێلگیرانەبوو سەبارەت بە دەست پێڕاگەشتنی ڕاستیەکی مێژووی شارەکەمان، گێڕانەوەیەکی سادەی حیکایەت ئامێزی ڕووداوەکانی ئەو ڕاپەرینە پڕ شکۆو گرنگەیە لە زاری بەشداربووان و سەرپەرشتیارانیەوە.

بۆ ئەمەش ئەوەندەی کات یارمەتیدەرو توانای سنورداری ئێمە هاوکارمان بوبێت زۆرینەی هەرە زۆری چالاکان و ڕێکخەران و بەشدارانی ڕاپەرینەکەمان ڕووبەڕوو دوانـدووە و هەندێکیشـیان بـەداواکردنی وتـارو نوسـینی خۆیـان بەسەرمان کردونەتەوە.

ڕەنگە لە خوێندنەوەی دیدارو وتارەکاندا لـە چەنـد شـوێنێکدا گێڕانـەوەی هاوشـێوەو دووبـارە یـاخود پێچەوانـەو دژ بەیـەك ببیـنن و هەسـتی پێبکـەن. لەڕاسـتیدا ئـەم حاڵەتـە پەیوەنـدی بـە لێـك نزیکـی و کـارکردنی پێکـەوەیی هەنـدێکیان و لەهەمانکاتـدا دووری و جیـاوازی بۆچـون و ئینتیمـای سیاسـی هەندێکی تریانەوە هەیە و فراوانی و گەورەیی ڕاپەرینەکەش هۆکارێکی ترە بۆ جیاوازی گێڕانەوەکان. بەڵام ئەوەی کە بۆ ئێمە گرنگ بوو پاراستنی ئەمانەتی گێڕانەوەکان و دانانەوەی نوسین و وتارەکان بوو وەك خۆی کە دەتوانین لـەم ڕووەوە دڵنیـایی تـەواوتان بـدەینێ و خۆشـتان لـەکاتی خوێندنـەوەی تـەواوی کتێبەکەدا بەڕوونی هەست بەبێ لایەنی و ئەمانەت پارێزی ئێمە دەکەن.

وەك دەوترێت هیچ کارێك بێ کەم و کورتی نیە، ئەم کارەی ئێمەش بێگومان لـە کـەم و کـورتی بـەدەر نیـە بۆیـە داوای لێبـوردن لـەو کەسـانە دەکـەین کـە شایسـتەی ئـەوەبوون دیداریان لەگـەڵ ئـەنجام بـدەین و بەهـەرهۆکارێك بـووە نـەمانتوانیوە دەسـتمان پێیـان بگـات، هیـوادارین لـە چـاپی ئاینـدەدا بتـوانین هـەمویان بـدوێنین و مێـژووی ڕاپەرینەکـە وردتـر بنوسـینەوەو کتێبەکـە زیـاتر دەوڵەمەند بکەین.

وەداواکارین لەخوێنەرانی ئازیز هەر رەخنەو پێشنیارو سەرنجێکیان هەیە ئاگادارمان بکەنەوە.

لەکۆتایدا جێی خۆیەتی سوپاسی تایبەتی زۆر بەڕێز کاك(زانا ڕەحمان) قائمقامی پێنجوێن بکەین کە هاوکارو یارمەتیدەرێکی زۆرباش و پەرۆشی ئەم کارەمان بوو گەر هەوڵی لەخۆبوردووانەو هاندانی بەردەوامی ئەو نەبوایە لە سەرڕێخستن و کارکردن و بە ئەنجام گەیاندنی کارەکەدا هەرگیز نەدەگەشتینە ئێرە.

سیروان عمر
٢٠١٨/٧/١٠

پێنجوێن

# دیدار لەگەڵ دەروێش حبیب
# (برای دێوانە مجید)



**پرسیار /** کاك حبیب جەنابت وەك برای شەهید دێوانە مجید، دێوانە مجید چەند ساڵ تەمەنی بوو؟ چەند ساڵیش شوانی گایەلەکەی پێنجوێن بوو؟

**وەڵام /** موالیدی ١٩٤٥ بوو واتە(٣٥)ساڵ تەمەنی بوو وە ساڵێکیش دەبوو شوان بوو.

**پرسیار /** ئەو کاتەی دێوانە مجید شەهید کرا جەنابت چۆن هەواڵەکەت زانی؟

**وەڵام /** لە ڕاستیدا من ماڵم لە ئۆردوگای شانەدەری بوو لەوێ خەریکی ئیش کردن بووم هەواڵەکە خاڵە صاڵحم و بەشێك لەخەڵکی دەیبیستن کە ئێوارەی پێشوو تر کە کاکە مجیدم دەگیرێت کوڕێکی بچووکی لەگەڵدا دەبێت کە ناوی (شێخ تەها) بوو هاتبووەوە بۆ ناو پێنجوێن و هەواڵەکەی دابوو بە پێنجوێن ئیتر دایك و باوکی هاتبوون بۆلای خاڵە صاڵح و خەڵکە کە هەرچەندە شێخ تەها ئاگای لە ڕووداوەکە بووبوو بەڵام نەی وێرابوو سەیری بکات ئیتر بەعسیەکانیش چونکە ئەم زۆر منداڵ بوو نەیان گرتبوو ئازادیان کردبوو.

دوای زانینی هەواڵەکە خاڵە صاڵح و خەڵکەکە چووبوون بۆ ماڵی (شێخ محمد سید عبدالکریم) جا شێخ محمد باش نەهاتبوو بەدەمیانەوە ئیتر خاڵە صاڵح توڕەبووبوو پێی وتبوو ئەگەر دەوڵەمەنێك بوایە لە ئاسناوەوە بهاتایە دەچوون بەدەمیەوە شێخیش پێی وتبوون ئێوە دڵتان گەرمە خۆمن دڵم گەرم نیە.

ئیتر بەیانییە زووەکەی هاتن بەشوێن مندا بۆ شانەدەری کە کاك صاڵح کوێخا مارف هات (ئێستا ماڵی لە پێنجوێنە لە گەڕەکی ناوشاخان) کەهات و

ووتی حبیب با بچین بۆ پێنجوێن دەروێش مجید زۆر نەخۆشە ووتم بەحەقی ئەو قورئانە کاکە مجیدم نەماوە ووتی تۆ غەیبت پێ نیە ووتم خوا وەکیلە کاکە مجیدم نەماوە ووتی هەستە بابچین بۆ پێنجوێن و مجید ماوەو داوای تۆ دەکات.

کەهاتین بۆ پێنجوێن لە بەنگەڵەکان گەیشتین بە خاڵە صالح و زاوایەکمان کە صاڵحی ناوە، کۆمەڵێکی تر خەڵکی لێ بوو ووتیان دەچین بۆ ماڵی کاک شریف (شەریفە کەچەڵ) بزانین شتێکمان بۆ ناکات ئیتر ڕۆشتیت بۆ ماڵیان کاک شریف پێی ووتین کاکە مەوعیدیان پێ داوین سێ کەس تا چوار کەس نا بێت بچێتە پێنج دەبێت بچین بۆ تەرمەکەی وا لەبەری گوندی (مەسۆ) ئیتر من و خاڵە صاڵحم و خوا عافووی بکات کاک قادر بەگ کە لەڕای خوا هاتبوو عەرەبیشی باش دەزانی، دەروێش عمری نزارەو کاک صاڵحی زاوامان و کاک شریف کە جێبێکی کورتی پێ بوو کە ئێمە لەگەڵ کاک شریف دا سەر کەووتین ، سید بەهاو کوڕە بچکۆلەکە (شێخ تەها) مان لەگەڵدا بوو.

لەگەڵ کاک عەریفە سور کە خۆی خستە ناو سەیارەکەوە و ووتی: منیش لەبەر خاتری دەروێش مەجید هەر دێم ، ئیتر ڕۆیشتین و چووینە سەر چەمی ئاڵیاوا (بوارەکەی ئاڵیاوا)، شێخ تەها ووتی: ئالێرەدا کاک مجیدیان گرت.

(خاڵۆ صاڵح و کاک قادر بەگ و کاک شریف) ئەم کۆمەڵەیە بەرەو باشماخ ڕۆشتن، منیش بەتەنها ئاوا پەل بوومۆ و کوڕەکە شوێنەکەی پێ ووتمەوە و ووتی ئا لێرەدا بوو کاک مجیدیان گرت.

چەند هەنگاوێك ڕۆیشتم بینیم پارچەیەك لە جامانەکەی کەوتبوو هەڵم گرتەوەو ماوەیەکی تر ڕۆیشتم قەڵەم جافەکەیم دۆزییەوە و هەڵم گرتەوەو مەسافەیەکی تر ڕۆیشتم تەوراسەکەشیم بینی و هەڵمگرتەوە ، جا بە تەوراسەکە لێیان دابوو دەمی تەوراسەکە خوێنی پێوە بوو ، ماوەیەکی تر ڕۆیشتم تەماشام کرد سەربازێك بەسواری هێسترێکەوە لە پشتی مەسۆوە هاتە

خوارەوە خاڵە صاڵحم بەرامبەر بوو ئەوانیش ئاگایان لێ بوو هاتنەخوارەوە و منیش چووم بۆ سەر کانی و ئاوەکە و ئاگام لێ بوو سەربازەکە لە پشتی کانیەکەوە دوو فیشەك یان سێ فیشەك بوو تەقاندی بەرەو زەویەکە.

ئیتر هەڵگەڕاوەو منیش ڕۆیشتم کە چووم سەیرم کرد کاکە مەجیدم درێژ ڕایان کێشابوو تەرمەکەشیان زۆر شێواندبوو، جا کاتی خۆی کە ژنم هێنا دوو ددانی ئاڵتونم بۆ کردبوو (قەباغی ئاڵتون) کردبوویان بە ملی ددانەکانی لە بەری خوارەوە جا هەردوو ددانەکەیان بە قەمە هەڵکەندبوو بردبوویان ، هەردوو عەزەڵەی باڵەکانی و نەرمایی هەردوو ڕان و پوزی و هەردوو لچ و لێویان بڕیبوو ، کەلەسەریان پان کردبووەوە و هەرچی گیانیەتی فیشەك بوو، ئینجا قژیان ئاڵاندبوو بە چڵێك چەق چەقەوە (چونکە خۆی دەروێش بوو قژی زۆر درێژ بوو)، ئیتر کە چاوم کەوت بە کاکە مەجیدم حەپەسام دوای تۆزێك فکرم کردەوە تەوراسەکەم هێنا و لقێك دارم بڕی و سەریم بەرز کردەوە کە بەرزم کردەوە مۆخی سەری کەوتە سەر زەوییەکە بە نووکی تەوراسەکە چاڵم هەڵکەند و مۆخەکەیم تێ کرد، ئیتر هاوارم کرد و خاڵە صاڵح و کاك شەریف و ئەوانی تر بە سەیارەکە گەڕانەوە و تەرمەکەیمان هێنایەوە خۆ ئیتر لاشەی هیچی نەمابوو، کە هاتین خەڵکی پێنجوێن بە مەکینەو پیادە هاتبوون بۆ سەر چەم و هێنامان بۆ مزگەوتی حاجی ڕەسوڵ.

**پرسیار /** سەعات چەند بوو تەرمەکەیتان دۆزییەوە؟

**وەڵام /** ڕۆژی پێشتر سەعات (٤)ی ئێوارە شەهیدیان کردبوو ئێمە ڕۆژی دواتر سەعات (١٠)ی بەیانی چووینە سەر تەرمەکەی.

لە مزگەوت خالە صالح و ئەوانە چوونە ژوورەوە بۆ شۆردنی جەنازەکەی.

دواتر خاڵە صاڵح هات بۆلای من کە لەلای مزگەوتەکە دانیشتبووم، وتی حبیب گیان وتم خاڵە گیان ووتی جەماوەری پێنجوێن بەچاك و خراپەوە هاتوون دەڵێن لەسەر ئەمری ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی بە خۆ پیشاندان

تەرمەکەی دێوانە مجید دەبەن وتم خاڵۆ بیکە بەخاتری حەقی ئەو قورئانە ئێمە کاکە مجیدمان تیاچووە با خەڵکی تر تیانەچێت و نەگیرێت.

خاڵۆم وتی وەڵا ڕێکخستن دەڵێت ئەگەر (١٠٠) کەسیش بکوژرێت دەبێت خۆپیشاندان بکرێت جاتۆ تا ئێوارە بڵێیت و نەڵێیت دەرویش مجید هی تۆ نیە و هی هەموو جەماوەری پێنجوێنەو خەڵك هەر خۆپشاندان دەکات.

**پرسیار** / ئێوە وەك بنەماڵەی دێوانە مجید بەشدار بوون لە خۆپیشاندانەکەدا؟

**وەڵام** / بەڵێ خۆم و خاڵە صاڵح و نەجیبەی خوشکم و دایکە نازدارم و صدیقی برام و خاڵە تۆفیقمی تیا بووین و بەشدار بووین و هەموو خەڵکی تیا بوو خۆ لەبەر چاکی و پیاوەتی ئێمە نەبوو کە هەموو خەڵك بەشدار بوو بەڵك و لەبەر ئەوە بوو کە دێوانە مجیدیان بە بێ تاوان شەهید کردبوو.

ئیتر دوای کفن کردنی بە شێوی جولەکاندا تەرمەکەیان برد بۆ بەر مەرکەزەکەو ڕەسمی احمد حسن بکرو صدام حسێن یان داگرت و دڕاندیان، ئیتر لەوێوە بردمان بۆ سەر قەبران، عەسکەریە هات لە ژێردا کەوتنە خەڵکەکە بە لێدان و ئەوەی کە گەنج بوو دەترساو ڕایان دەکرد بەڵام خوشکە گەلاوێژ هەزار کەڕەت بەقوربانی بم نەعلەکانی بەرز کردەوە بۆ دەم عقید ضاحی و بەردێکی گەورەی هەڵگرت و کێشای بەجێب قیادەکەدا ئیتر دوای خەڵك بڵاوەی کردوو شەوی دواتر کەوتنە خەڵك گرتن.

**پرسیار** / لەکوێ پرسەتان بۆ دانا؟

**وەڵام** / لە مزگەوتی حاجی ڕەسول و تەکیەی حاجی شێخ قادر پرسەیان بۆ دانا و خەڵکی پێنجوێن و هەموو لادێکانی دەوروبەری پێنجوێن بەگەورەو بچوکەوە دەهاتن و هەروەها خەڵکی شانەدەریش دەستە دەستە دەهاتن بۆ

پرسەکەی، لەهەمان کاتدا خەڵکی پێنجوێن خۆپشاندانیان دەکردوو دوکان و بازاڕیان داخست بوو.

ئیتر بەعس ناچار بوو جاڕی دا بە بازاڕدا ووتی ئەوەی وەکالەتی هەیەو ئەوەی شەریکەی ئەفریقی هەیە ئەگەرنەیەن دوکان و بازار کەنەوە وەکالەت و شەریکەکانیان دەبڕین.

**پرسیار /** ئایا حکومەتی بەعس هەوڵی نەدا بێت قسەتان لەگەڵ دا بکات وەك بنەماڵەی شەهید دێوانە مجید؟

**وەڵام/** تا (٤) ڕۆژ نەهاتن لە دوای ئەوە کاك (ابراهیم) برای کاك (خدری ڕەشە بەحری) خوا عەفوی کات نەماوە هات ووتی کاك شریف پێ ی وتوین کە بچین ژن و منالەکانی (دەروێش مجید) ی بۆ بانگ بکەین، منیش چووم بۆ لای کاك شریف و بردمیان بۆ استخبارات، لە ناو پێنجوێندا کە نزیکەی ٢٩ تا ٣٠ کەس گیرا بوون.

من لە استیخبارات زۆر ترسام و ووتم کاك شریف بە خوا من دەگیرێم، ووتی بە خوا ناگیرێیت من ئەم کەلەسەرەمت لەسەر دا ئەنێم.

ئیتر بردمیانە ژوورەوە و قسەیان زۆر لەگەڵ دا کردم و ووتیان ئێوە بە قسەی خەڵك و ئاژاوە چییەکان مەکەن و چیتان دەوێت ئەتاندەینێ (پارە و زەویتان پێ دەدەین) بەڵام من هیچیانم قبووڵ نەکرد،

جا ئەوەم بیر چوو لە استخباراتەوە بردمیان بۆ فەوج لە بووبان کابرایەکی کەتە و زل دانیشت بوو ووتی پێم ئێوە (مخریب)ن ووتم وەڵا ئێمە (مخریب) نین ئەگەر تێکدەر و ئاژاوە گێڕ بووینایە بەخوا لێرە دانەدەنیشتین.

ووتی ئەی ئەوانە بۆچی ئاوایان دەکرد، ووتم دەی بەبێ تاوان کاکە مجیدم شەهید کرا، لەو کاتەدا کاك شریف خوا عەفوی بکات هاتە قسە و ووتی ڕاست

دەکات خەڵکی پێنجوێن تورەن لە بەرامبەر ئەم کارەدا کە بەبێ تاوان دێوانە مجیدتان کوشتووە.

بەڵام کابرای بەعسی هەر ئینکاری دەکرد و دەیووت نەخێر ئێوە هەر تێکدەرن ئیتر من و کاك شریف هاتینەوە بۆ ماڵەوە بۆ ڕۆژی دواتریش هەم بانگیان کردمەوە ئەمجارەیان لە استیخبارات کەسێکی باڵا بەرزی ڕەش تاڵەی لێ بوو ناوی (خەڵەف) بوو ، کوردی چاکی دەزانی ووتی تۆ برای دەروێش مەجیدی، ووتم بەڵێ، ووتی هیچ مەترسە ئەم ضابطە هاتووە لە لیژنەی باڵاوە و مەترسە هەرچی قسەت هەیە بیکە، لە ڕاستیدا من نەموێرا هیچ بڵێم لەو کاتەدا کاك شریف هاتە ژوورەوە و منیان بردە دەرەوە و دوبارە هێنامیانە ژوورەوە ئەم خەڵەفە من هەرچی قسەم دەکرد تەرجەمەی دەکردەوە بۆ عەرەبی بۆ ضابطەکە.

پرسیان بۆ وایان کرد لە دەروێش مجید، ووتم وەڵا نازانم، ووتی ئەی نازانی ئەو ڕۆژە پیش دەروێش مجید چوار پێنج سەربازیان کوشتووە ، ووتم نەوەڵا من بێ خەبەرم و ئاگادار نیم ئەگەر ئاگاداریش بین خۆ ئێمە دەسەڵاتێکمان نییە پێشمەرگە چووەتە ئەویا و عەسکەرییە هاتووە بۆ سەر ئەو کانیە.

ضابطەکە ووتی بەرەوەڵا ئەو ڕۆژە دەرۆیش مجید هاتووە نانی بردووە بۆ پێشمەرگەکان و بردونیەتە دەرەوە و لە ناو گایەلەکەدا ئاوا بردوونی ، ئەو شەوە ئیخباری عەسکەرەکانیشی کردووە، ووتم وەڵا لە شتی وا بێ خەبەرین ئیتر شەڕەو خۆ حوکمەت ئەوبەرەوەی کردووە بە محەرەمە و دەرۆێش مجید شوانێکی فەقیربوو لە پێنجوێن و بێ ئاگاین ئیتر قەیرێك ضابطەکە بێدەنگ بوو و دواتر کەوتە قسەکردن و ووتی ئێوە چیتان دەوێت بۆتان بکەین ، ووتم وەڵا هیچمان ناوێت تەنها ئەو خەڵکەی لەسەر مەوزوعی ئێمە گیراوەو لەسەر کاکە مجیدم گیراون ئێوە ئەگەر یارمەتی ئێمە دەدەن ئەو خەڵکەمان بۆ بەربدەن ووتی انشاالله انشاالله.

چونکە ئەگەر ئێمە شتمان وەربگرتایە ئەو خەڵکەی کە گیرا بوون هەموویان ئیعدام دەکردن، هەرچەند پێشتر خاڵە صاڵحم پێ ووتم هیچ وەر نەگرن، منیش وتم خاڵە ئێمە شتی وا چۆن دەکەین ئێمە لەگەڵ ئەو خەڵکەداین.

ئیتر لەگەڵ کاک شریف دا هاتینەوەو لەگەڵ خاڵە صاڵح دا چووین بۆ ماڵی کاك شێخ قادرشێخ کاکە حمەو قسەکانم بۆ گێڕانەوە دواتر من چوومەوەو بۆ شانەدەری و ئیتر لەوە بەولا یەکە یەکە خەڵکەکەیان ئازاد کرد بەس خەڵکەکەیان زۆر عەزێت دابوو منیش تا دوای جەژنی ڕەمەزان نەگەڕامەوە.

جەژنی ڕەمەزان کە گەڕامەوە ئەنجا سەردانی ئەو خەڵکانەم کرد کە ئازاد بوبوون، لەکۆتایدا ئێمەو منداڵەکانمان هەتا ئەو ڕژەی لەژیاندا مابین قەرزداری خەڵکی پێنجوینین چونکە ئەوەی خەڵکی پێنجوێن بە ڕیش سپی و گەورەو بچوك و ژن و کچیانەوە کردیان بە مێژووی ژیان نەکراوە بۆیە ئێمە مەمنونی گەورەو بچوکی خەڵکی پێنجوێنین.

## دواشوانی گاگەلەکەی پێنجوێن
## تەها بهاالدین ناسراو بە (شێخ تەها)



من کەناوم طه بەهادین عبداللەیە ناسراوم بە(شێخ طه) من وکاك درویش مجید عبدلله عزیز شوان بوین لەشاری پێنجوێن شوانی گاگەلی پێنجوێنی سەرەوە، نیوەڕۆی ڕۆژی ١٨/٧/ ١٩٨٠نیوەرۆکەی ئێمەو چەند شوانێکی تر کە بەیەکەوە لەسەر چەمی گەورەی پێنجوێن بوین لەسەعات ٢ی دوای نیوەڕۆ ئێمە گاگەلەکەمان برد بەرەو سەر بۆ بەرامبەر گوندی ئاڵیاوا بۆ لەوەراندن لەسەعات حدودی ٤دا پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتەلامان پرسیاري لێ کردین کەدەمەوێت بچمە ناو شاری پێنجوێن لەکوێوە بڕۆم، کاك مجیدیش ڕێنمایی کردو لەئێمە رەدبو، پاش چەندخولەکێك گەڕایەوە بەرەو سنوری ئێران بەئێمەشی ڕاگەیاند کەئەوە عەسکەری هاتن، لەناکاو بینیمان ئەوعەسکرانەی ڕەبایەکەی هەڵاڵاوا مەسۆ کەبەیانیان بەکەشافەیەکەوە بەجادەکەدا دەهاتن بۆپێنجوێن عەسرانیش دەگەڕانەوە بۆڕەبایەکە، کەهاتنەلای ئێمە یەکسەر ئێمەیان گرت پاش کەمێك منیان ئازادکرد لەبەرئەوەی ئەوکات من مندال بوم بەڵام کاك مجیدیان لەگەڵ خۆیان برد بەرەو ڕەبایەکەی هەڵاڵاوا مەسۆ، منیش بەڕێکەوتم گاگەلەکەم هێنایەوە بەرەو شاری پێنجوێن لەرێگا سەیرم کرد کەوا کاك مجیدلەگەل عەسکەرەکانا بەرەو هەڵاڵاوا مەسۆ بەڕێگا دەروشتن کە عەسکەرەکان مەزەندە دەکران بەحدودی زیاترلە٥٠عەسکەرو زابت ئەودەشتی پێنجوێنە پربوبون لەئیڤاو زریپۆشو مدەرەعە، دەنگی تەقەیەکی زور دەهات لەگەشت لایەکەوە من کەهاتمەوە ناو پێنجوێن خەبەرم دا بەکەسوکار چوین بۆلای کاك شریف کە ئەوکات لەگەل ڕژێم بو، ئەویش پەیوەندی بەئیستخباراتەوەکرد پێیان راگەیاندبو کە لەڕەبایەکەیە گیراوە، ئەوەبو شەوهات بەسەرا، ئێمەش بەیانی پەنامان

بردەوە بۆکاك شریف پێکەوەچوین بۆ مقر فوجی عەسکەری لەبوبان کەوا کاك مجیدمان بۆئازاد بکەن کەچی پێیان راگەیاندین کەس لای ئێمە نەگیراوە دوای محاوەلەیەکی زۆر وتیان برۆن جنازەکەی بێننەوە. کەچوین ئێمەحدودی ١٠کەس دەبین بەکاك شریفیشەوە جیبێك و تراکتورێکمان پێ بوو، کەچوینە نزیك رەبایەکە بینیمان شەهیدیان کردوە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە و دور لەهەمو بەهایەکی مرۆڤایەتی. کەجەنازەکەیمان هێنایەوە بۆشاري پێنجوێن خەڵکی بەشەرەفی پێنجوێن بینیان بەوشێوە دڕندانەیە شهیدیان کردوە خەڵکی قارەمانی پێنجوێن راپەرین و دەستیان گرت بەسەردامودەزگاکانی پێنجوێندا، بەجۆرێك کە ڕاپەرینێکی گەوەی لێ دروست بو کەبۆ ماوەی ٣ڕۆژ بەردوام بوو.

# دیدار لەگەڵ حمەصاڵح صۆفی ئەحمەد
# (صاڵحە تاریک)



**پرسیار/** ئێوە وەك بنەماڵەی (دێوانە مەجید) سەرەتا چۆن هەواڵەکەتان بیست؟ خزمایەتی تۆ چیە لەگەڵ دێوانە مەجید؟

**وەڵام/**دایکی دێوانە مەجید ئامۆزامەو دێوانە مەجید و خوشك و براکانی هەر بە خاڵۆ صاڵح بانگم ئەکەن.
لەدوای نیوەڕۆوە هەواڵەکەمان بیست، وابزانم ڕۆژی جومعەش بوو، دەشتی پێنجوێن ناوچەی قەدەغەکراوبوو بەبێ مۆڵەتی حکومەت کەس نەیەتوانی بچێتە ناوچەکە،

بەلام (دێوانە مەجید) وەك شوانی پێنجوێن مۆڵەتی بۆ کرابوو. ڕۆژی(١٨/٧/١٩٨٠) پێشمەرگەیەکی یەکێتی بەناوی (ئەولا گۆج) چەندسەربازو زابتێکی ڕژێمی کوشتبوو ئەوانیش بەدوایدا گەڕابوون نەیاندۆزیبوەوە، دێوانە مەجید ئەبینن لەو ناوە و ئەیگرن دواتر بە بیانوی هاوکاریکردنی ئەو پێشمەرگەیە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەیکوژن و بە سەیارە بەسەریدا ئەڕۆن و بە چەقۆ لاشەکەی ئەشێوێنن.
هەواڵەکە لە پێنجوێن بلاو بویەوە وتیان شوانەکەی پێنجوێن کوژراوە ئیتر ئێمەش کەوتینە سۆراخ کردنی و چوین بۆلای موختاری پێنجوێن کە (نوری عزیز ئەفندی) بوو وتمان هەوڵێکمان بۆبدە، وتی محاوەلەی بۆ ئەکەم ئیتر دەنگی نەبوو، دواتر لەگەڵ دایکی دێوانە مەجید کەناوی (نازدار) بوو چوین بۆلای (شێخ محمدی شێخ عبدالکریم) لە بوبان و پێم وت کە دێوانە مەجید شەهید کراوە ئێوە دەسەلاتتان هەیە بەلکو هاوکاریمان بکەن جەنازەکەی بهێنینەوە وتی خۆ من موختار نیم جەنازەتان بۆ بهێنمەوە بچن بۆلای موختار منیش وتم ئەگەر ئێرانی بوایە چناری بۆ بهێنایتایە هاوکاریت ئەکرد.بەناچاری گەڕاینەوە کەسێك وتی بچن بۆلای کاك(شریف) چوین بۆ

ماڵەکەیان کە لەگەڕەکی قورڕەشە بوو وەستاو کرێکاری هەبوو خەریکی گەچکاری بوون خانووی دروست ئەکرد لەدەرگاماندداو خۆی هاتە دەرەوە کە من و دایکی دێوانە مەجیدی بینی کە قوڕی دابو بەسەریدا وتی چی بووە؟ وتم رووداوێکی ئاوا بووە هانامان بۆتۆ هێناوە، وتی چۆن؟ چوویتە لای کێ و کێ؟ وتم چووینە لای موختارو شێخ محمد ئاوا وەڵامیان داینەوەو هیچییان بۆ نەکردین. وتی بەسەر چاو بەس ئەمرۆ درەنگە تۆ بچۆ بۆ ماڵی شێخ قادر و من سۆراغی ئەکەم و تەلەفۆن ئەکەم بۆ ماڵی ئەوان و جوابت ئەدەمەوە. ئێمەش چووین بۆ ماڵی شێخ قادر شەو نزیکی سەعات ١٠ بوو تەلەفۆنی کرد وتی بەیانی مەکینەیەك بگرەو دواشوانەکەش بهێنە ئەوەی کە لەگەڵیا بووە وەرە بۆ استخبارات، ئیتر من و حەبیبی برایی و زاوایەکیان بەناوی حمەصاڵح و قایەربەگیش کە عەرەبی ئەزانی بەخێرهات لەگەڵمان چووین گەلا بیمان بڕی بۆ ئەوەی بیدەین بەسەر تەرمەکەیا.لە ئاڵیاواوە رۆشتین چووینە ئەوبەرەوە زۆر گەڕاین نەمان دۆزیەوە کاك(شەریف) خۆیی و پاسەوانەکانیشی بە پێ لەگەڵمان ئەگەڕان، عەسکەرێك لە ڕەبایەیەکی مەسۆوە هاتە خوارەوە و تەقەی لە زەوی کرد و بانگی ئێمەی کردو وتی ئەوەتا لێرەیە جەنازەکەی.کەچووینە سەری بینیمان پێشتر گیاو پوشی ئەوناوەیان سوتاندبو بەڵام بەقودرەتی خوا ئاگرەکە نەگەشتبووە تەرمەکە ئیتر بە پشتا کەوتبوو سەری پان کرابووەوە کە بە سەیارە بەسەریدا رۆشتبون قەمەیان دابو لە سنگی و لە سکی لە پشتەوە دەرچوبو لێویان بڕیبو بە چەقۆ، دەست و باسك و ڕانیان لەت لەت کردبو، بە گولە بێژرابوو هیچ خوێنی تیا نەمابوو.بە جامانەکەم سەریم بەست و خستمانە ناو مەکینەیەکەوە کاك شەریف پێمان کەوت بەرەو پێنجوێن گەڕاینەوە و بردمان بۆ مزگەوتی حاجی رەسول

**پرسیار/** کە ئێوە تەرمەکەتان هێنایەوە خەڵکی پێنجوێن چاوەڕێیان ئەکردن؟

**وەڵام/** بەڵێ هەموو خەڵك هاتبونە دەرەوە لەسەر جادەکان و لە مزگەوت چاوەڕێ بوون و جادەو بانیان گرتبوو.

ئیتر بردمانەمزگەوت و مامۆستاکانی قوتابخانە هاتن وتم وەرن سەیرکەن بزانن چیان لێ کردووە، مامۆستاو خوێندکارەکان کە سەیریان کرد وتیان هیچ کەس ئەمەی پێ قبول ناکرێت.

پاش شۆردن و کفن کردن خۆ پیشاندان دەستی پێکرد،تەرمەکەمان لە بەرکێوەوە برد بەرەوە مەرکەز کە گەیشتینە بەردەم مەرکەزەکە خەڵك بەردبارانی مەرکەزەکەیان کرد هەرچی شوشەو ڕەسمی پێوەبوو شکاندیان، قائمقام کە ناوی (فوزی)بوو سەیری جەنازەکەی کردو وتی ئارام بگرم منیش زۆرم پێ ناخۆشە ئەمە ئەگەینمە جێی خۆی و قبولی ناکەین و هەتا گۆڕستانیش لەگەڵمان هات.
خەڵکەکە ڕەسمی صەدام حسینیان شکاندو سەیارەی(عقید ضاحی)یان بەردباران کرد و شکاندیان، (گەلاوێژخان) بەنەعلەکانی سەروچاوی زابتێکی شکاند، ئەوەی کە خەڵکی پێنجوێن کردویەتی لەمێژوودا نەکراوە.

**پرسیار/** دوای ناشتنی تەرمەکە چیتان کرد؟
**وەڵام/** پاش تەسلیم کردنی جەنازەکە هاتینەوە بۆ بەردەمی مزگەوتەکە لەوێ خەڵکێکی زۆری لێ بوو کاك (عمری حمە میرزا فتاح)بەناوی پێنجوێنەوە سەرەخۆشیان لێ کردین و سێ ڕۆژو دوکان و بازاڕیان نەکردەوە خەڵکی پێنجوێن.

**پرسیار/** پرسەی دێوانە مەجیدتان لە کوێ دانا؟
**وەڵام/** پرسەکەی لە مزگەوتی حاجی ڕەسول بوو بەرۆژداو بە شەویش لەماڵی خۆیان بوین.بە هۆی خۆ پیشاندانەکەوە خەڵکێکی زۆر گیرا کاك شەریف دوای پرسەکە بانگی کردین و وتی لە بەغداوە لیژنەیەك دێن ئێوە داوای پارە نەکەن و سوڵح نەکەن چونکە بە پارە قەناعەت بکەن ئەو خەڵکەی کە گیراون هەموویان اعدام ئەکەن ئەبێت تەنها داوای ئازادکردنی گیراوەکان بکەن.ئێمەش چوین لەگەڵ خێزانەکەی کە ناوی (سێوە)بوو و براکانی قسەمانکرد ئەوەی کاك

شەریف وتی پێمان وتن ئەوانیش وتیان بەسەرچاو هیچ داواکاریەکمان نابێت جگە لە ئازاد کردنی گیراوەکان،

بۆ رۆژی دواتر لیژنەیەك لە بەغداوە هاتن خێزانەکەیی و دایکی و براکانی یەك یەك بانگ کرانە ژورەوە پێیان وتبون چیتان ئەوێت بۆتان ئەکەین ئەمانیش هەمویان وتبویان تەنها ئازادکردنی گیراوەکانمان ئەوێت هیچی ترمان ناوێت.لیژنەکەش قسەکانیان نوسی و بردیانەوە بۆ بەغداد دوایی ئەوە هەندێك لە گیراوەکان بەردران.

**پرسیار/**ئێوە وەك بنەماڵەی دێوانە مەجید لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت راوێژتان بە خەڵکی پێنجوێن ئەکرد؟

**وەلام/** بەلێ پرسمان بە جەنابی کاك شێخ قادرو خەلیفە میرزا حسن و عمری حەمەی میرزافەتاح کرد.

# دیدار لەگەڵ محمدی حاجی عارفی دارەبەن



لەڕووداوی ڕێپێوان و مانگرتنەکەی ١٩٨٠/٧/١٩ ز ،من (محمدی حاجی عارفی دارەبەنی) ئەوەی کە بۆتان باس دەکەم ،مەبەست خۆدەرخستن نی یە بەڵکە میژووی شارەکەمە لەدوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) ،کاتێك ڕژێم گەڕایەوە بۆ ناوچەی پێنجوێن دەستی کرد بە پڕو پاگەندە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك بەلای خۆیدا ڕابکێشێت بۆ بردنە خەڵك بۆ ناو ڕیزەکانی حیزبی بەعس، تا ساڵی ١٩٧٨ گوندەکانی سەر سنوری داگرت بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان، دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بە ڕابەرایەتی (ی. ن. ك) ڕژێم دەستی کرد بە سەرکوتکردنی خەڵکی ئازادی خواز و بەرتەسککردنەوەی شارەکە تا وای لێکرد کەس نەیتوانی بچێتە باخەکانی دەوروبەری پێنجوێن وەك چوارباخ و بلکیان و ناوشاخان، بەچواردەوری شاردا نوقطەی سەربازی دانابوو ناچار خەڵك دەستی کرد بە کاری سەرسنور بە شەودا ڕژێمی بەعس بە شەو کەمینی دادەناو خەڵکی دەکوشت بە تایبەتی وڵاغدارەکان بۆیە ئێمەش کۆمەڵێکی گەنج بیرمان لەوە کردەوە کە دەبێت بەرهەڵستی بکەین دەستمان کرد بەکار کردن بە تایبەتی لەناو خەڵك و لە چایخانەکاندا قسەمان بۆ خەڵك دەکرد وای لێهات گەنجێکی زۆر پەیوەندیان کرد بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە وەشەوان پێشمەرگەکان دەهاتنە ناوشار قسەیان بۆ خەڵك دەکردو پیاوەکانی ڕژێمیان ئاگادار دەکردەوە کە دەست لە کاری دوژمنایەتی هەڵبگرن بەرامبەر بەگەلەکەمان ئێمەش بیرمان لەوەکردەوە کە خۆمان ڕێك بخەین لە ڕێکخراوێکدا کە بتوانین کارەکانمان بەڕێك و پێکی ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی زیاتر بیرو بۆچوونەکانمان لەسەر ڕێبازی مارکسی وە بۆچوونەکانی ماو بێت پێیان وابوو کە بە تەنها هێزی چەکدار بەس نی یە بۆ شۆڕش کردن ئەبێت خەباتی شاریشی لەگەڵدابێت وەکو نارەزایی دەربرین و ڕێپوان و مانگرتن بۆیە لە (١٩٨٠/٣/٢١) چونکە حوکمەت نەیدەهێشت ئاگری نەوروز بکرێتەوە بۆیە یەکەم خۆپیشاندان لە ناوەندی قوتابیانی شاری پینجوێن دەستی پێکرد بەسەر پەرشتی چەند

قوتابیەکی زیرەك و بە توانا یەك لەوانە (انوری حاجی حمە فرج) و هاوڕێکانی بە نهێنی لە ژێر سەرپەرشتی ئێمەدا بەڕێپێوان هاتن بۆ بەر مەرکزی شاری پێنجوێن لەوێ چەند قوتابیەك گیران ئیتر خەڵکی شار هەموو هاتن بۆ بەرمەرکەزو داوایان کرد کە قوتابیەکان بەر بدرێت ، هەرلەوێ هەندێکیان بەردراو وە هەندێکیان هێنران بۆ شاری سلێمانی بەڵام خەڵك کۆڵی نەدا دوو ڕۆژ دوای ئەوە ئەوانیش بەربوون ئیتر دوای ئەوە خەڵکێکی زۆر کە هاتووچۆی سەرسنووریان دەکرد بەشەو بۆ پەیداکردنی پاروویەك نان بە دەستی سەربازانی عێراقی دەکوژران بەسەرپەرشتی (عقید ضاحی) کە جەلادێکی زۆر بێرەحم بوو ئێمەش بۆ هەلێك دەگەڕاین تاوەکو ئیشێکی گەورە بکەین دژ بە ڕژێم لە ڕۆژی (١٩٨٠/٧/١٨) بە هۆی چالاکی پێشمەرگەوە لەلای چەمی گەورە ئەفسەرێك و چەند سەربازێك کوژران دوای ئەوە ڕژێم شوانی گایەلەکەی پێنجوینی گرتبوو کەناوی (دێوانە مجید) بوو شەو بردبویانە ناو مۆڵگەی سەربازی بوبان لەوێ شەهیدیان کرد و لاشەکەیان تێکدابوو بۆ بەیانی بە هۆی چەند کەسانێك کەنزیك بوون لە ڕژێمەوە تەرمی (دێوانە) وەرگیرایەوەو برایەوە بۆ مزگەوتی (حاجی ڕەسوڵ) لەوێ لە دوای مەراسیمی شۆردن و نوێژکردن هەر لەوێ کۆمەڵێ لەو گەنجە و خوێن گەرمانە، وەك کاك (عزەتی مامە ڕەشید حاجیلە و جمالی ڕشید هەلاج و کاك صاڵح تاریك و عزەتی حمە کریم نادر) بڕیار دەدەن کە ئەمە قبول نەکرێ جەنازەکە هەلدەگرن و تا گەیشتە لای مزگەوتی بەرکێو لەوێ من و کاك(علی حمە فرەج) پێیان گەیشتین هاورێیەکم بانگی کردم و وتی ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە تۆ چاوەڕێت دەکرد بۆیە لەویا بڕیارمدا کەمن سەرپەرشتی ئەو ڕێپێوان و مانگرتنە بکەم وەکاك (علی)ش بە نهێنی بمێنێتەوە کاتێك ئێمە بە جەنازەکە گەیشتین دەستمان کرد بە ڕێپێوان بە ناو شاردا تا گەیشتین بەلای مزگەوتی (عوسمان پاشا)ی ناوبازاڕ ئیتر هەموو دووکاندارەکان دووکانیان داخست و بە دوای ئێمەدا هاتن بەرەو گۆڕستانی حاجی شێخ بەڕێکەوتین ویستمان بەرەو بەنگەڵەکان و ئۆردوگای زۆرەملێی ناوشاخان یان بوبان بڕۆین بەڵام کەسێك چرپاندی بە گوێمدا ووتی لای پردی حاجی کوێخا ئیستخبارات کەمینی داناوە بۆیە منیش بڕیارمدا کە

جەنازەکە تەسلیم بکەین لەکاتی ناشتنی جەنازەی دێوانە مەجید سەیرم کرد چواردەورمان بە سەرباز و مدەرەعە گیراوە لەوکاتەدا ئەمنێك کە دەیویست ڕەسمان بگرێت گەلاوێژ خان بەردێکی تێگرت دای بەدەستیا کامێرەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە ئا لەو کاتەشدا قائمقامەکە کە سەرپەرشتی حیزبی بەعسیش بوو لە پێنجوێن ووتی کێتان زمانی عەرەبی دەزانێت با چەند قسەیەکتان بۆ بکەم منیش بە زمانەکەی خۆی پێم ووت تۆ چی ئەڵێیت ووتی تا ئێرە تەواو چیتان کردووە قەیناکە بەڵام لەمەودوا دەستان لێ ناپارێزین منیش ووتم سەیری لاشەی ئەو مردووە بکە کەچۆن تێکدراوە و چی لێکراوە کە بینی زۆری پێ ناخۆش بوو ووتی بەس جوێن بە سەید رئیس مەدەن ئیتر چی دەڵێن قەیناکە، بەڵام کار لەکار ترازابوو وەختێ سەیرم کرد منداڵانی قوتابخانەکانی پێنجوێن و بلکیان لە شوێنێك وێنەی سەرۆکیان هێنابووە دەرەوە کە پێیان دەوت تلایع وێنەی جەنابی سەرۆکیان خستبووە ژێر پێیان چونکە بەزۆر منداڵانیان دەبرد و دەیانکردن بە تلایع، لەو منداڵانەش مامۆستا عزیز و هونەری برام لەبیر ماوە بەڵام ناوی ئەوانی ترم بیر نییە دوای تەواوبوون و بەخاکسپاردنی دێوانە بەردەوام بووین لە ڕێپێوان تا گەیشتینەوە لای ماڵی خوالێخۆشبوو دێوانە مەجید لەوێ بەناوی شۆڕشەوە بڕیارماندا کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دووکان و بازاڕ نەکرێتەوە ، ووتیان شێخ قادر لە مزگەوتی حاجی رسول دانیشتووە ووتم با بچینە لای و بەڵکو پشتگیریمان بکات لەبەرئەوەی خوا لێخۆشبوو دێوانە دەروێشی ئەوان بوو لەگەڵ دکتۆر عوسمان و حاجی حەمە بچکۆل چووینە لای ئەویش بڕیاری دا کە پشتگیریمان بکات وە هەموو دەروێشەکانی دەوروبەری پێنجوێنی ئاگادار کردەوە لە دوایدا ئەویش ئەمری گرتنی بۆ دەرچوو دوای ئەمانە حکومەت کەوتە خۆ کە نوێنەری گەل بچێت بۆ مەرکەز قسەیان لەگەڵ بکەن نوێنەری گەل بە سەرپەرشتی حاجی نوری کە هەم موختاریش بوو لەگەڵ چەند ڕیش سپییەك ڕۆشتن لەوانە حاجی خەلیفە میرزا حسن و حاجی حمە فرجی برای مام رشید و صالح خل خل و حاجی احمدی مجید و حاجی محمودی سۆفی فرەج و چەند پیاو مەقوڵانێکی تر کە چوونە مەرکز پێیان ووتبوون دوکانەکانتان بکەنەوە کە

وەفدەکە گەڕایەوە هەندێ کەس ویستیان دوکانەکان بکەنەوە بۆ ئەو مەبەستە منیش بڕیارم دا لەگەڵ چەند برادەرێك کە ئەبێت هەرچۆن بووە سێ ڕۆژەکە بەردەوام بین لە نەکردنەوەی دوکان و بازاڕ. دواتر داوای تەسجیلێکم لە کاك فاروقی رشید چالە و کاك حەمەی حاجی قادر کرد کە ئەمانە لە ڕێکخستنی (ی. ن. ك) ی پێنجوێن ئیشمان دەکرد من سیقەم پێیان هەبوو، ئەوانیش بەهەمان جۆر چونکە دائیرەکەی من کە پۆستەو تەلەگراف بوو(بدالە) ئەوان پۆلیس بوون لەوێ حرسیاتی دائیرەکەی ئێمەیان دەکرد وەپێکەوە وە زۆر ئیشی ترمان دەکرد دوای ئەوە کە تسجیلە کەیان بۆ هێنام پێم باش بوو بەدەنگی ئافرەتێك هەندێ داواکاری تسجیل بکەین وە بیخەینە سەر میکرۆفۆنی مزگەوتێك بۆ ئەوەی بڵاوبێتەوە لەماڵەوە بە دەنگی خێزانم کە (خانمی حاجی قادری شەمێ) تسجیلم کرد هەرچەند ئەو نەخوێندەوار بوو بەڵام زیرەك بوو هەرچییەکەم دەوت ئەویش دەیوتەوە داواکاریەکانیش بریتی بوون لە گەڕانەوەی هەموو گوندەکان ، چولکردنی نۆردوگا زۆرە ملێکان ،دۆزینەوەی هەلی کار بۆ کرێکاران و جوتیاران وە داواکاری سیاسیش دیموکراتیەت بۆ عێراق و مافی چارەی خۆ نووسین بۆ گەلی کورد ، لەدوای ئەو وتانە نەشیدی نەورۆز بە وتنی (صالح دیلان). پاشان تەسجیلەکەم بردەوە بۆ کاك (فاروق و ئەوان) لەسەر میکرۆفۆن و مزگەوتی (عوسمان پاشا) لە ناو بازاڕ لە سەعات (٨) ی بەیانی دامانا کردمانەوەو بەجێمان هێشت وەختێ خەڵك گوێیان لێ بوو هەموو دوکانەکانیان داخست و ئیتر بەوە فەشەلمان بە پلانەکەی ڕژێم هێنا بۆیە لە ئێوارەدا دەستیان کرد بە شکاندنی قفلی دوکانەکان بەسەرپەرشتی (بەرزان تکریتی) بەڵام خەڵك دوای ئەوان قفلی تازەیان لێدەدایەوە بۆیە بۆ جاری دووەم وەفدی گەلیان بانگ کردەوەو (عقید ضاحی) هەڕەشەی کردبوو وتی ئەم شارە ئەسوتێنم بەسەرتانا بەڵام شێرە پیاوی کورد (حاجی خەلیفە میرزا حسن) وەڵامی دەداتەوە دەڵێت من تۆ دەسوتێنم چونکە تۆ بێگانەی شاری منت داگیر کردوە وە هەر شەوەو چەند گەنجێك دەگیرێت و شەهیدیان دەکەی دوای ئەوە کابرا ی (ضابط) هەڵدەستێ و دەڕوات ، کە وەفدە گەڕانەوە (حاجی حمە فرەج) بۆ منی گێڕایەوە

نەسیحەتی کردم وتی هەمووتان دەگیرێن و وریای خۆتان بن ، منیش چوومەوە لای کاک فاروق و کاک محمەدی حاجی قادر وتیان پێشمەرگە کان هاتوونەتە (چوارباخ) جوابیان ناردووە کە ئەگەر ڕازین ئێمە دێینە ناوشار ، ئیمە دەمانزانی کە (عقید ضاحی) سەرباز دێنێت و بۆ شەوەکەی دەست دەکات بە گرتنی خەڵك ، بۆیە جوابمان لێ گێڕانەوەو پێمان وتن بابێنە ناوشار کاتێك پێشمەرگە هاتن لەناو جەرگەی بازاڕ لەپاڵ مەرکەزەکە خۆیان قایم کرد تا سەربازەکان هاتن ئیتر شەڕ دروست بوو، سەربازێکی زۆر کوژرا شەڕ درێژەی خایاند تا ڕۆژ بویەوە وە ڕیزێك دوکانیش سووتا پێشمەرگەکان بەسەلامەتی و بێ زیان گەڕانەوە هەڕەشەکەی مام حاجی سەری گرت و سەربازەکان کوژران بۆ بەیانی چوومە بازاڕ سەیرم کرد شوێنی شەڕکە بەتەنکەری ئاو دەیانشۆرد چونکە دیاربوو خوێنێکی زۆر ڕژابوو ئەیانوسیت خەڵك پێیان نەزانێت کەشکستیان خواردووە ، ڕۆژی پێشتر خەڵکێکی زۆر گیرابوو کە زۆریان لێدانیان بەرکەوت بوو بۆیە ئەمری گرتنی منیش دەرچوو بوو وەختێ چوو بونەماڵەوە ناوتەنکی ئاوەکەش گەڕابوون ، من لە گەڕەکی گوێژە بووم کاوەی برام هاتن ئاگاداری کردمەوە ئیتر لەماڵی کاک(حمە بچکۆڵ) باوکی کاک(صلاح) خۆم حەشاردا جوابم نارد بە شوێن احمدی حەمە نەسە کە سەیارەی پێ بوو وە زاواشی بوو بردمی بۆ کانی گویژ بۆ ماڵی ناسراوێکم ڕۆژی دواتر بردمە تا چەمی کانی مانگا لەوێ ئیتر ڕۆشتم بۆ (ئاسنەوە) گەیشتمە ناو پێشمەرگەکان لە دوای ئەوە کە تۆزێك هێواش بوویەوە ڕژێم دەستی کرد بە گرتنی کەس و کاری پێشمەرگەو هەندێك لەو هەڵسوڕاوانە کە لە ڕێپێوانەکاندا ئیشیان کردوە ، وەك کاك عزەتی حاجی ڕەشید و گەلاوێژخان و خێزانی عزەت چەند کەسێکی تر کە ناوەکانیانم بیر نەماوە ، پاش (٦) مانگ (ئەنوەری حاجی حمە فرەج و جمالی حمە بچکۆل و محمد عەبەی موسا و بەندە و محمد حاجی عارف) گیراین بەلام خۆشبەختانە پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر من و کاك محمدی عەبەی موسا بەربووین وە ئەنوەریش بە (١٥) ساڵ حوکوم و جمال بە (٥) ساڵ حوکوم دران. .....

داوای لێبوردن لە کەسانە دەکەم کە هەڵسوڕاو بوون لەم ڕاپەڕینەدا مـن ناویانم نەهێناوە لەبەر ئەوەی کە زۆر شتم لە بیـر نەماوە ، وە ئەم ڕوداوەش کەس بۆی نیە بیکات بە ناوی خۆی یان هەر حیزبێك چونکە خەڵکی شارەکە هەر هەمووی هەڵسوڕاوی ئەم ڕاپەرینەبوون لەو سەردەمەدا.

ئیتر لەگەڵ ڕێزم.

# یادەوەریی ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٨٠ای پێنجوێن
## نوسین: فاروقی ڕەشە چاڵە



لەلای چەمی ئالیاواوە پێشمەرگەیەك بە ناوی عبداللە تەقەی لە چەند ئەفسەرێك و چەند سەربازێك کرد و ئەفسەرەکەی کوشت، بۆیە دەسەلاتی ئەوکاتەی پێنجوێن کە چوون بەدەم تەقەکەوە تەنیا شوانێکیان بینی بە ناوی دێوانە مجید گرتیان و شەهیدیان کرد و نامەردانە تەرمەکەیان شێواند، خەلکی پێنجوێن ئەوکاتە لە دەسەلات بێزار بوون ئەمەیان بەهەل زانی بۆ دەربرینی بێزاریەکان بۆیە بە ڕاپەڕین و ڕێپێوان تەرمەکەی هێنرایە مزگەوتی حاجی رسول لەوێوە بەرەو گۆڕستان بەڕێ کرا بەوتاردان دژ بەدەسەلات، وە دەستە دەستە خەلکی پێنجوێن بەشداریان تێدا دەکرد لەوکاتەدا من و کاکە حمەی حاجی قادر توشی جمالی ڕەشە هەلاج بووین لە بەرکێو بڕیارماندا هەولبدەین بۆ سەرپەرشتی ڕاپەڕینەکە لەپشتی مزگەوتی قازی توشی حمەی حاجی عارف بووین و لەگەڵ کاك علی و عوسمانی حاجی خەلیفە لیژنەکە زیادی کرد و کاك محمد ڕێنمایی دەکرا لەلایەن کاك علی و ئەوانەوە. کەس لەو کۆمەلە سەرپەرشتیار نەبوو، لیژنەیەك بوو هەموو بڕیارەکان بەکۆمەڵ ئەدرا.

ئێمە لە ڕێکخستنەکانی کۆمەلە بووین زیاتر لە ڕیکخستنەوە ڕاسپاردەمان پێ ئەگەیشت ڕاپەڕین بەرنامە بۆ داڕێژراو نەبوو پاشان جەنازەکە گەیشتە بەردەمی دوکانی لالە سید سعید، عمری میرزا فتاح لە سەربازێکی دا و وتی ئەوە بێزاری خەلکە لێتان هەرلەسەر ئەو لێدانەش لە کۆتایدا ئەمن گرتی بۆ چەند کاتژمێرێك پاشان جەنازەکە بەڕێکرا بۆ گۆڕستان لە خوار مەرکەزەکەوە لوقمانی ڕەشە چالە وێنەکەی صدامی داگرت و شکاندی، چواردەوری سەر قەبران و خەلکەکە گیرابوو بە ئەمن و ئیستخباراتی دەسەلات وێنەی خەلکیان دەگرت و بۆیە بە دڕاندنی وێنەکەی صدام ئەوانی بێتاقەتکردوو شەڕەبەرد دروستبوو ڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕین بەردەوامبوو، بۆ شەوەکەی من وکاکە حەمە حەرەس بووین لە بەدالە کارەبا نەبوو ئەمنی سلێمانی داوای ئەمنی پێنجوێنی

کرد لە بەداڵە من چوومە خەتەوە ئەمنی سلێمانی بە جنێوەوە دوو جار وتی (اطلع من خط) ئەمنی پێنجوێن وتی (ماکو احد بالخط سیدی) ووتی (سجل، هس تروحون تلزمون کمال حسن رشید معلم مدرسة الابتدائیة وستة طلاب) ناوی قوتابیەکانی نەدا بۆیە تەلەفونم کرد بۆ ماڵی وەستا صدیقی ئاسنگەر مامۆستا کمال کرێچی ئەوان بوو یان دراوسێکەیان بوو پێم وت دەرچۆ لە ماڵ مەمێنە هاتن بۆ گرتنت وتی تۆ کێیت وتم بەیانی ئاگادار ئەکرێیت لە پاش دە دەقیقە ئەمن گەیشتە ماڵەکە و مامۆستا کمالیان دەست نەکەوت، بەیانی کاتێك لەدەوام هاتمەوە سەیرمکرد سیان لە قوتابیەکان فاروقی حاجی احمد کوڕی پورم بوو بەرزانی حاجی امین ئامۆزام بوو لوقمانی ڕەشە چاڵەی برام بوو لەگەڵ جمالی حەمە بچکۆل و عمری حەمە کریم و محمدی عبداللەی موسا بوون لەو ڕۆژەدا لەبەر درێژەدان بە ڕاپەڕین، احمدی حاجی محمدی مینە مەلێ دوو دەمانچەی بە هەدیە داینێ بۆ پاراستنی ژیانی خۆمان لە ڕاپەڕینەکەدا ئەگەر ڕوبەڕوبوونەوە روویدا لە کۆتایدا هەدیەی کرد بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە (سوپاسی هەستی شۆڕش گێڕی ئەکەین). بڕیارماندا بۆ درێژەدان بە بەردەوامی ڕاپەڕین لەسەر مکەبەری مزگەوتەوە قسەبکەین بۆیە کاك محمدی حاجی عارف ووتی تەسجیلێك بێنن خێزانەکەی من ئامادەیە بە دەنگی خۆی تۆماری بکات بۆ درێژەدان بە ڕاپەڕین سوپاسی (دادە خانم قادر) دەکەین، کە بە دەنگی خۆی بۆی تۆمار کردین و من و کاکە حەمە عوسمان غفور کاتژمێر هەشتی بەیانی هێنامان خستمانە سەر مکەبەرەی مزگەوتی پاشا و مامۆستا مەلا سید احمد مەلای مزگەوتەکە بوو بەڕاکردن هاتوو و مکەبەرەکەی کوژاندەوە و ویستمان تەسجیلەکەی لێوەربگرین نەیداینێ وتی ئەمن ئەمگرێت گەر تەسجیلەکەی لێنەبێت بەس شریتەکەی داینێ و هاتینە دەرەوە کە قالە مینای چایچی بە کاك سابیری مەلیحی ئەوت کە کەباب خانەی مەلا محمودی هەبوو : سابیر ئەم حکومەتە رووخاوە ئەم بەیانیە کە لە چایخانەکەم بووم تاریك بوو پۆلیسەکان بەیانی یەکێتیان هەڵدەواسی سابیر وتی کاك قادر ڕاکە دوکانەکەت دابخە بڕۆرەوە ئەمن بەوە بزانێت ئەتگرێت. من و کاکە حەمە و عوسمان تەنها ئەرکی ڕاپەڕینمان لەسەر نەبوو بەڵکو

هەڵواسین و بڵاوکردنەوەی بەیاناتیشمان لەسەربوو لە شوێنە مەترسیدارەکان وەکو بازاڕ و دەوری مەرکەز. بۆ عەسرەکەی چووین بچین بۆ واجبەکەمان مفەوەز نوری خانەقینی لە ڕێمان وەستابوو وتی مەیەن بۆ مەرکەز ئەمن چاوەڕوانی گرتنتانە مفەوەز نوری لەئەساسدا ئیشی بۆ ڕێکخستنەکانی یەکێتی ئەکرد ئیتر چوینە دەرەوە بۆ گوندی ئاسنەوا بۆ ناو پێشمەرگە بۆ شەوێدا هێزێکی ٣٥ کەسی کە هێزی پێنجوێن و هەڵەبجە بوو بە سەرپەرشتی کاك جمال حەمەی خواکرم و شەهید فریدون حەمە صالح و مامۆستا شاهۆ و مامۆستا پشکۆ دابەزینە ناو پێنجوێن و من لەگەڵیان هاتمەوە شەڕێکی گەورە دروست بوو سوپاس بۆ خوا پاش زیانێکی زۆری دوژمن هێزەکە بە بێ زیان گەڕانەوە تەنها یەکێ لە پێشمەرگەکان بەناوی عبداللەی محمودی شەریف قاچی بریندار بوو کە لە ڕێگەی قەڵا دێوە گەڕابوونەوە، داوای لێبوردن ئەکەم کە نەمتوانیوە ناوی سەرجەم ئەو بەشداربوانە بهێنم کە دەوری باشیان هەبووە. بەڵام قارەمانێتی خەڵکی پێنجوێن بە پیر و گەنجەوە بەشداربوون شایەنی سوپاسن، سوپاسی ئەو خەڵکەیشن ئەکەین کە سەر بە دەسەڵاتی ئەوسای ڕژێم بوون خەڵکیان ئەپاراست و یارمەتی خەڵکیان ئەدا ئەگەرچی چەکداری حکومەتیش بوون، ئێمەی پێنجوێنی هەموومان یەك دەنگ بووین بە خەڵکی بێلایەن و خەڵکی حکومەتەوە پێنجوێنیەکان ئەوەندە پاك و چاك بوون ڕێکخستنی کۆمەڵە بە ئاشکرا کاریاندەکرد کەسیش نەگیرا کە هەمیشە جێی شانازییە.

## دیدار لەگەڵ محمد حاجی قادری شیرین



**پرسـیار/** بەڕێـز کـاك محمـد ئێـوە لە پێنجـوێن چـۆن بـوو دەسـتتانکرد بەڕاپەڕیــن لە ١٩٨٠/٧/١٩ تەنهــا هۆکــار بەنــاهەق کوشــتنی دێــوانە مجیــد و شێواندنی تەرمەکەی بوو؟ یان هۆکاری تریش هەبوو؟

**وەڵام/** بەخێـر هاتنتــان ئەکەم سـوپاس بـۆ ئەم دیـدارە ز ڕاپەڕینـی ١٩ ی تەموزی پێنجوێن ڕوداوێکی کتوپڕ نەبووە بەڵکو پێشتر پێشینەی هەبووە وە تەنها کوشتنی دێوانە مجید هۆکاری نەبـووە بەڵکو ئەم کوشـتنە بە نـاحەق بروسکەیدا لە هەمـوو هۆکارەکانی پێشتر بەو جۆرە تـەقیەوە چونکە پێشتر چەند جارێکی تر خۆپیشاندان کراوە لە نەورۆزی ساڵی (١٩٧٩) خۆپیشاندانێکی زۆر گەورەی قوتابیــان و جەمــاوەری پێنجـوێنکرا کە بـۆ ئەویــادە لە قــاعەی انحصار کۆبـووینەوە دوای یـادەکەکە لە قاعەکە هاتینە دەرەوە خۆپیشاندانێکی گەورەمـان کـرد و حکومەتیش زۆرلێ ی ترسا چونکە لەوێ شانۆگەریەك کـرا تێدا (مامۆستا احمد) شیعری ئەخوێندەوە گەشتە ئەوەی کە دەڵێت (نـاتوێینەوە و نــاتوێینەوە) هــۆنراوەکەی هــێمن موکریــانی هەمــوو خەڵــکەکە لە دوایەوە ئەیـانوتەوە و زۆر ئیستفزازی دایـرەی ئەمـن و ئیستخبارات کـرا. لە بـۆنەیەکی تـردا دایرەیەکـی دەروێـش بـوو بە خۆپیشاندان لە سـاڵی (١٩٧٨) کە تێـدا (شـێخ جلالی سەرنەوان) شەهید بوو. لەو کاتەی کە خوێندن کرا بە عەرەبی لە سـاڵی (١٩٨٠) دا بــوو هەر لەســەرەتای کــردنەوەی مەکــتەبەوە خۆپیشــاندانی گەورەی قوتابیانکرا کە کتێبەکانیان بە ڕەسمی (صدام حسین) دوە فرێدایە سـەر جادە و خستیانە ژێـر پێیـان. واتە پێنجـوێن ڕابردوویەکـی تـوڕە و ئـاگرینی هەبـووە لەگەڵ خۆپیشــاندان و ڕاپەڕیــن کە دەکرێــت بەســەر مەشــقی ڕاپەڕیــن و خۆپیشــاندانی دژی بەعـس و حکومەتەکـانی پێشـتر دابنرێـت. وەلە دەشـتی پێنجـوێن و گونـدە سـنووریەکان بەهـۆی کاروکاسـبی یەوە زیـاتر لە (٧٠) کەس شەهید بووە بەدەستی حکومەتی عێراقی. هەمـوو ئەمـانە هۆکـاری گەورەبـوون بـوو تـوڕەیی خەڵکـی پێنجـوێن وە لە ڕووداوەکەی (دێـوانە مجیـدا) هەمـووی تەقیەوە.

ئێــوارەی ١٩٨٠/٧/١٨ (دێــوانە مجیــد) کە شــوانی پێنجــوێن بــوو نەگەڕایەوە خەڵکی پێنجوێن شڵەژا کە بینیان گایەلەکەی بەبێ خاوەن هاتوەتەوە و (دیـوانە مجیـد) دیـارنیە ئیتـر ئەو شـەوە خەڵکی زۆر بەدوایـدا گەڕان تـابۆ بەیـانیەکەی لەدەشــتی پێنجــوێن دۆزرایەوە کەتەرمەکەی شــێوێنرابوو بە شــێوەیەکی زۆر دڕندانە. ئەمە بوە هۆی توڕەبوونی خەڵك و لە کاتی هێنـانەوەی تەرمەکەی بـۆ مزگەوت خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە و پاش کفن کردنی و بردنی بەرەو گۆڕسـتان تەرمەکە بەسەرشانی خەڵکەوە بوو لەوانە عزەتی حمە کریمی نـایەر و چەنـد کەســێکی تــر لەێــوە بــوو بە خۆپیشــاندانێکی گەورە کەلەمــزگەوتەکەوە بەڕێکەوتین تەرمەکەیان بە هەمـوو کۆلانەکانی پێنجوێنـدا گێـڕا وە لە هەمـوو کۆلانەکانەوە خەڵکی زیـاتر ئەهاتە نـاو خۆپیشاندانەکەوە بەسـروود و هوتـافی دژی بەعــس وەك (بڕۆخــێ بەعــس – بمــرێ بەعــس – بــژی کــورد – بــژی کوردستان) هەموو شار گەڕاین هەتا گەیشتینە گۆڕستانی (حـاجی شـێخ) لەوێـش دووبارە بە خوێندنەوەی هۆنراوە و دروشـم بەخاکمـان سـپارد. بە درێژایـی ئەو ڕێپێوان و مەراسیمی ناشتنی تەرمەکە، حکومەت زۆر بەوردی چاودێری خەڵکی ئەکرد، پاش تەواوبوونی دەستیکرد بە گرتن و ئازاردانی خەڵك.

پرسـیار / ئێـوە پێشـتر بەرنامەتـان بـۆ ئەم ڕاپەڕیـنە دانـابوو؟ کوشـتن و شێواندنی تەرمی دێوانە مجید هۆکاری سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە بوو؟

وەڵام / نەخێر پێشتر هیـچ بەرنـامەیەك دانەنرابـوو، بەڵکو پـاش کوشتنی هەواڵی دیارنەمانی دێوانە مجیـد و پـاش دۆزینـەوەی تەرمەکەی لە مـاوەی ئەو چەنـد کـات ژمێـرەدا گفتوگـۆ و ڕا گۆڕینەوەمـان دەکـرد و بە هەمـوو لایەکمـان ووت کە پێویسـتە خۆپیشـاندان و ڕاپەڕیـن بکەیـن و ڕێکخسـتنەکان و هەمـوو خەڵك ئاگـادار بکەیـن. وە لە ڕۆژی دواتریشـدا لە بڵنـدگۆی مزگەوتەکـانەوە بە تۆمار (مسجل) داوامان لە خەڵك کـرد خۆپیشـاندان بەردەوام بـکەن و دووکـان و بازاڕ نەکەنەوە.

**پرسیار/** لە کام مزگەوتەوە ئەو ئاگاداریەتان بڵاو کردەوە؟

**وەڵام/** لە مزگەوتی پاشاوە بڵاومان کردەوە.

**پرسیار/** چۆن و کێ بوو ن ئەو ئاگاداریەتان و ڕیکۆرد کرد و بڵاوتان کردەوە؟

**وەڵام/** من و کاك محمدی حاجی عارفی دارەبەن و کاك فاروقی مامە ڕەشە و وەستا غفور.. هتد.

**پرسیار/** دەنگەکە دەنگی کێ بوو؟

**وەڵام/** دەنگی خێزانی کاك محمدی حاجی عارفی دارەبەن بوو کەپێشتر قسەکانمان پێوت و بردی لە ماڵی خۆیان ڕیکۆردی کرد.

**پرسیار/** دەقی ئاگاداریەکەت بیر ماوە چی بوو؟

**وەڵام/** ئەوە بوو کە ووتی (داوا لە جەماوەری شاری پێنجوێن دەکەم کە بەردەوامبن لە خۆپیشاندان و کاسپکاران دووکان و بازاڕ نەکەنەوە) وا ڕیکۆرد کرابوو کە چەند جارێك بیڵێتەوە، یەکسەر ئەمنەکان چوونە مزگەوتەکە هیچیان نەدۆزیەوە جگە لە تەسجیلێکی بەتاڵ، دواتر ئیجرائاتیان زۆر کرد چەند کەسێکیان گرت لەوانە (عمری حمەی میرزا فتاح) بردیانە دائیرەی ئەمن زۆر ئەشکەنجەیان دابوو.

**پرسیار/** پاش ئاگاداریەکە خەڵك هاتنە دەرەوە بۆ خۆپیشاندان؟ یاخود دوکان و بازاڕیان داخست؟

**وەڵام/** دوکان و بازاڕیان داخست بەڵام دواتر حکومەت هێزی نارد و بەزۆر هەندێك دوکانیان کردەوەو دەڕابەی چەند دوکانێکیشیان شکاند و شتەکانیان ئەبرد.

**پرسیار/** وەکو ئەندامی ڕیکخستنی (ی.ن.ك) بەشداریتان کرد یان هەروەك خەڵکی ئاسایی بەبێ تەوجیهی حزبی؟

**وەڵام/** لەڕاستیدا خۆپیشاندانە گەورەتر بوو لە حزبێک بەڵام ئێمە داینەمۆی جوڵاندن و سەرپەرشتی کردنی بووین.

**پرسیار/** ئێوە چەند کەس و کێ بوون لە ڕێکخستندا؟

**وەڵام/** ئەو شانەی ئێمە کە شانەی پۆلیس بوو من و کاک فاروق و کاک عوسمانی حاجی حەسەنە تورکە. .....هتد.

**پرسیار/** کاک مهدی حاجی عارف لەگەڵ ئێوەدابوو لە ڕیکخستن؟

**وەڵام/** نەخێر ، پێم وابێ ئەو کۆمەڵە نەبوو چەپەکان بوو ئەوان لە معادن و زراعە بوون ئێمە لە نقطەی حرسیاتی بدالە بووین.

**پرسیار/** شانەکەی ئێوە کێ بەرپرستان بوو هیچ ئیعازێکی دانێ بۆ بەشداری کردن لە ڕاپەڕینەکەدا؟

وەڵام/ کاک جمال جلال بەپرسمان بوو وە مامۆستا (کمالی حمە رەشید) و ئەو برادەرانە بوون.

**پرسیار/** رۆژی دووەم چیتان کرد؟ واتە ١٩٨٠/٧/٢٠.

وەڵام/ ئینجا زانیمان کە خەڵک ئەگرن و ئاگاداربووین کەناوی ئێمەشی تێدایە کە بگیرێین ، جگە لەوەی کە ئێمە (٥) پۆلیس بووین نزیکەی (١٥) کەسی تر لە قوتابیان و خەڵک چوینە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی لەوانە (حسین مەلای مامە گەورە و علی بچکۆڵی فقی صاڵح و شێخ زاهیر) بە نزیکەی ١٥-١٩ کەس چوینە شاخ. رۆژەکەی واتە (٧/٢٠) لە دەوروبەری شار خۆمان شاردەوە و شەوەکەی چوینە دەرەوە بۆ شاخ.

**پرسیار/** ئەو (١٩) کەسەی کە چونە دەرەوە بەدیاریکراوی ئەزانی کێ بوون؟

**وەڵام/** هەموویان بیر نەماوە بەڵام ئەوەی لە خەیاڵما ماوە (من و فاروقی مامە ڕەشە و عوسمانی وەستا غفور و شێخ حمە زاهیر و حسینی مەلای مامە گەورەو علی فقی صالح. ...) ئەوانی ترم بیرنەماوە داوای لێبوردنیان لێ ئەکەم.

**پرسیار/** بۆ ڕۆژانی دواتر خۆپیشاندان بەردەوامبوو یان خەڵك لەناو ماڵەکانی خۆیان ئیزرابیان کردبوو؟

**وەڵام/** ڕژێم بەگرتن و هەڕەشەکردن و ئەشکەنجەدان خەڵکیان ترساند ئیتر خەڵك کەم کەم چوونەوە سەر کاروکاسبی خۆیان بەڵام جەوەکەی زۆر ناهەموار و ترساوی بوو.

**پرسیار/** ڕۆژی سێهەم چی گوزەرا؟ ئێوە چۆن ئاگاتان لە ناو شار بوو؟

**وەڵام/** ئەوەی ئێمە بیستمان مەنع تجەول کرابوو چواردەوری پێنجوێن گیرابوو هاتوچۆی ناو شار و دەرەوەش قەدەغە کرابوو جەوێکی گرتن و ڕاونان و پشکنینیان دروستکردبوو، کەس و کاری پێشمەرگە و خۆپیشاندەرانیان دەگرت لەوانە دایك و باوکی منیان گرت و دایك و باوکی کاك جمالی حمەی خواکرمیان گرت وە زۆر عایلە و کەس و کاری پێشمەگەیان گرت کە نزیکەی (٧٠ بۆ ٨٠) کەس دەبوون.

**پرسیار/** ملا جباری عوسمانی فەجە قوجیل و صدیقی خولەی خواکرم و ئەوان پێش ئێوە چوونە شاخ؟

**وەڵام/** بەڵێ ئەوان بە چەند مانگێ پێش ئێمە چووبوونە دەرەوە حمەی خولە کوردەشیان لەگەڵ بوو وە جمالی قالەی خەلیفە و عوسمانی حاجی حسنە تورکە ئەمانە وەجبەی پێش ئێمە بوون.

**پرسیار/** ئەم (١٩) کەسەی باستکرد پێکەوە چوونە دەرەوە ، چالاکان و سەرپەرشتیارانی ڕاپەڕینەکە بوون؟

**وەڵام/** بەڵێ.

**پرسیار/** ئێوە ڕۆژی سێ هەم چۆن و بە چ شێوەیەك ئاگاتان لە ناوشار بوو؟ وە لە کوێ بوون ئەو کاتە؟

**وەڵام/** لەڕێگەی خەڵکەوە کە بە دزییەوە هاتوچۆیان دەکرد ئاگادار بوین و ئێمە لە دیوی ئێران بووین لە (مرانەو ئاسنەوا).

**پرسیار/** ئێوە چوونە لای کام پێشمەرگانە سەرەتا؟

**وەڵام/** چوینە مقەڕی ناوچە کە کاك (عبدالکریمی حمە سعی) لێ بوو لەگەڵ کاك (حمەامینی خەجێ) لە (مران) بوون لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگە لەوانە کاك عادلی برای کاك جمال جلال. بەیانیەکەی ئێمە کاتژمێر (٣) گەیشتینە ئەوێ لەو کاتەدا کاك عادل دەنگی لێکردین کێن زەڵام.

**پرسیار/** ئێوە لە ناو شار ڕێکخستنی یەکێتی بوون یان کۆمەڵەی ڕەنجدەران؟

**وەڵام/** کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووین.

**پرسیار/** لەڕۆژی یەکەمدا هیچ دروشمێکتان بەسەر یەکێتی یاخود بەسەر (مام جلال)دا وت؟

**وەڵام/** نەخێر هیچ شتێکی حزبیمان نەوت ، چونکە جگە لە ئێمە وەك کۆمەڵە و جەپەکان و کۆمەنیستەکانی تیا بوو باشتر وابوو شتی حزبی نەوترێ چونکە جەماوەری بوو وە هەموو دروشمەکان کوردایەتی بوو.

**پرسیار/** بە پیاوانی ڕژێم ئەوانەی کە جاش و جاسوس بوون لە خەڵکی پێنجوێن کێ دەوری سلبی هەبوو لە بە گرتدان و هەواڵدان لە خۆپیشاندان؟

**وەڵام/** بۆ مێژوو ئەیلێم پێنجوێن جاشاکانیشی خەڵکی باش بوون تەنانەت جاشمان هەبوو پێشمەرگەی ڕزگار کردووە ، جاش هەبووە ئەندامی ڕێکخستن یان پێشمەرگەی ئاگادار کردۆتەوە کە نەگیرێت ، کاك (حمە امینی خەجێ) سەرۆك جاشێك پێ ی وت خۆی بشارێتەوە بە دوایدا ئەگەڕێن. کاك (شریفە کەچەڵ) و (حمەصالح رحمان جگەڕە) سەرۆك جاش و استخبارات بوون بەڵام بەدوای تەرمی (دیوانە مجیدا) زۆر گەڕان و هاوکاری خەڵك بوون هەتا دۆزرایەوە.

**پرسیار/** لەو کاتەدا کێ قایمقام بوو؟

**وەڵام/** (فوضی احمد سلیم) بوو.

**پرسیار/** هیچ پێنجوێنیەك کار بەدەست بوو لە دام و دەزگاکانی حکومەتدا؟

**وەڵام/** نەخێر بەرپرسی باڵامان نەبوو لە دوا تری سەربازی حکومیدا. بەڵام ئامر لیوای پێنجوێن (عقید ضاحی) بوو وە ضابطی استخبارات ملازم (ئەکرەم) بوو وە معاون(سلێمان) ئەمن بوو.

**پرسیار/** ئەنجامی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکە گەشتە چی؟ ئێوە ئاگادار بوون کە هێزێکی یەکێتی بەسەرپەرشتی کاك جمالی حمەی خواکرم هاتونەتە ناوشارو شەڕێکی گەورەیان کردووە.

**وەڵام/** بەڵێ لە وەڵامی ئەو ڕەشبگیریەی ڕژێم داو بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکە هێزێکی هەرێمی (٣) بەسەرپەرشتی کاك جمال و هەروەها کەرتی کاك (فریدون) و مامۆستا (شاهۆ) هاتبونە ناو شار و شەڕێکی زۆر گەورە و قارەمانانەیان کردبوو کەلە ئاستی چاوەڕوانی خەڵك و ڕژێمیشدا نەبوو وە سەربازێکی زۆریان کوشت و بریندار کرد کە دواتر بە تەنکەر مەیدان و جادەو

کۆڵانەکانیان شۆردووە ، ئەتوانین بڵێین گەورەترین و یەکەم شەڕی ناوشار لە مێژووی شۆڕشی نوێدا ئەوەی پێنجوێن بوو.

**پرسیار/** جگە لە کەس و کاری پێشمەرگە ، چەند کەس لە بەشدارانی ڕاپەڕینەکە گیران؟

**وەڵام/** هەندێکیان کە گیران زۆر نەمانەوە زوو بەریاندان بەڵام کاك (عمری حمەی میرزا فتاح) زۆر ئازار و ئەشکەنجەیان دابوو چونکە کەسێکی دیاری ناو خۆپیشاندانەکان بوو وە (عبداللەی وەستا احمد و گەلاوێژ خان و. ...هتد).

**دواین پرسیار/** ڕۆڵی ئافرەتان و گەنجان چی بوو لە ڕاپەڕینەکەدا؟

**وەڵام/** ڕۆڵی زۆر دیارو کارگەریان هەبوو لەوانە(گەلاوێژ خان و لەیلای حمە علی) و چەند ئافرەتێکی تریش بەشداری گەورەیان هەبوو ، وە گەنجانیش زۆر چالاك بوون تێیدا.

# دیدار لەگەڵ گەلاوێژ خان



**دیدار لەگەڵ گەلاویژ خان دیارترین و چالاکترین بەشداربووی ڕاپەڕینەکە.**

**پرسـیار/** گەلاویـژ تـۆ وەك ئـافرەتێکی دیـار و کـاریگەری خۆپیشـاندان و ڕاپەڕیـنەکەی ١٩٨٠/٧/١٩ی شـاری پێنجـوێن ،وەك باسـدەکرێ تـۆ ڕۆڵێکـی زۆر گەورەو کاریگەرت هەبووە تێیدا.

بۆمان باس بکە سەرەتا چۆن هەواڵی شەهید کردنی (دێوانە مجید)ت بیست و چۆن بڕیارتدا بەشداری ڕپەڕینەکە بکەیت؟

**وەڵام/** سەعات (٢) هەواڵی (دێوانە مجید)مان بیست و تەرمەکەیان هێنایەوە لە دەشـتی پێنجـوێنەوە کە (١٠) کەس تـا (١٢) کەس دەبـوون بردیـانە مزگەوتـی (حـاجی ڕەسـوڵ) لەوێ بینیمـان کە تەرمەکەی زۆر دڕنـدانە شـێوێنرابوو، پـاش کفـن و دفـن خەڵـك کۆبـوونەوە و بەهـۆی ئەوەی تەرمەکە شـوێندرابوو وە لە ڕابردوشدا چەند کەسێکی تر لە خەڵکی پێنجوێن لەلایەن ڕژێمەوە بە نـاحەق شەهید کرابـوون لەسـەر سنووری (ئێـران – عێـراق)ئەمە بـووە هـۆی تـوڕەیی و بێزاری خەڵك و بڕیارمانـدت نەهێڵین بە ئاسایی بارودۆخەکە تێپەڕێت بـۆیە تەرمەکەمـان بەنـاو شـاری پێنجوێنـدا گێـڕاو لە هەمـوو گەڕەك و کۆڵانەکـانەوە ڕۆشـتین و خەڵکێکـی زۆر دوای تەرمەکە کەوتـین بەهـۆی گەرمـای تەمـووزەوە نەمان توانی زیاتر تەرمەکە بهێڵینەوە بۆیە بردمان بۆ گۆڕستانی (حاجی شێخ) لەوێ پـاش گرتنـی ڕێگا سـەرەکیەکان ئـامر لیـوای پێنجوێن و مـدیری ئەمـن و استخبارات و بەرپرسانی شار هەموویان کۆبوونەوە.

**پرسـیار/** کە تەرمەکەتـان بەنـاو شـاردا گێـڕا جەنابـت هەر لەسـەرەتاوە لەگەڵیاندا بوویت؟

**وەڵام/** بەڵێ هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ تەرمەکەدا بووم و پێشڕەویان بووم و لەگەڵ (جمالی ڕەشە هلاج و محمدی حاجی عمر و محمدی حاجی عارف دارەبەنی و چەند کەسێکی تر) هوتافمان دەکێشا دژی حکومەتی بەعس.

**پرسیار/** تۆ تەمەنت چەند بوو ئەو کاتە؟

**وەڵام/** (٢٣) ساڵ.

**پرسیار/** دواتر چیتان کرد لە گۆڕستانی حاجی شێخ؟

**وەڵام/** پاش ئەوەی گەیشتبنە سەرقەبران بەرپرسان و جاش و سەربازی رژێم لێمان کۆبوونەوە و چواردەوریان گرتین وە بە کامێرای فلاش دەستیان کرد بە ڕەسم گرتنمان منیش بە خەڵکەکەم وت سەرتان دانەوێنن و مەهێڵن رەسمتان بگرن ئەو ڕەسمانە بۆ ئەوە ئەگرن کەدوایی بمانناسنەوە. ئیتر جەنازەکەمان ناشت و بەرپەرین گەراینەوە بەرەو ماڵی دێوانە مجید.

**پرسیار/** هیچ پێکراوان و بەریەککەوتنتان هەبوو لەگەڵ هێزەکەدا لەسەقەبران؟

**وەڵام/** سەرەتا بە نەرم و نیانی قسەیان بۆ خەڵکەکە کرد و وتیان ئەبێ ئارامبگرن ناهێڵین کارەساتی لەو جۆرە دوبارە ببێتەوە ئەوان مەبەستیان بوو شتەکە گەورەتر نەبێت وە زۆر داوای لێ بوردنیان کرد.

**پرسیار/** ببورە مەبەستم ئەوە بوو هیچ شەڕە بەرد یان پێکدادانێك ڕویدا لە نێوانتاندا؟

**وەڵام/** بەڵێ هەتا کە دواتر گیرام مدیری ئەمن پێ ی وتم تۆ هانی منداڵ و تەلەبەکانت داوە وتوتە هەرمناڵێك بەردێك بدات بە بەعسیەکدا پارەی ئەدەمێ!!

**پرسیار/** وەکو باس ئەکرێت جەنابت کامێرای دەستی یەکێك لە ئەمنەکانت بە بەرد خستۆتە خوارەوە؟

**وەڵام/** بەڵێ ڕاستە ئەوە یەکێك لە ئەمنەکان ڕەسمی ئەگرتین بەردێکم بۆ هەڵداو کامێراکەی دەستیم خستە خوارەوە دواتر ئامر لیوا هات بە پێڵاوەکەم تا توانیم کێشام بە سەرو شانیدا هەتا میلی سیلاحیان لێراکێشام بەڵام وتیان ئەمری تەقەمان پێنیە ئەگەر دەبوایە ئێستاتۆمان بکوشتایە. دواتر زۆر قسەم پێ وتن زۆر دروشم و هەتافم بەرامبەر وتنەوە.

**پرسیار/** ناوی ئەو ئەمنە نازانی کە بە پێلاوەکەت لێتدا.

**وەڵام/** نە بە خوا بیرم نەماوە نازانم؟

**پرسیار/** دواتر چی ڕوویدا.

**وەڵام/** دواتر پاش گەڕانەوەمان لە ماڵی (دێوانە مجید) چووینەوە ماڵەکانمان بۆ شەوەکەشی دیسان دەسمان کردەوە بە خۆپیشاندان بەو هۆیەوە جیشێکی زۆر بڵاوبونەوە بە ناو شاردا تا بڵاوەمان پێبکەن. ئەوە بوو گەڕاینەوە ماڵەکانمان.

**پرسیار/** بۆ ڕۆژی دووەم چیتان کرد؟

**وەڵام/** بۆ بەیانیەکەی جارێکی تر دەستمان پێکردەوە لە هەموو پێنجوێندا دوکان و بازاڕ داخرا و (منع تجول) ڕاگەیەنرا بەڵام ئێمە بەردەوام بوین لە خۆپیشاندان و بە دانانی بەردو سوتاندنی تایە ڕێگاکانمان هەمووی گرت و بەرامبەر هێزەکەی ڕژێم هەتافمان دەکێشا و نەشیدمان دەوت و بەردمان تێدەگرتن.

**پرسیار/** لە ڕۆژی یەکەمدا چەند ئافرەتی ترتان لەگەڵ بوو؟

**وەڵام/** ئەوانەی رۆژی یەکەم لەگەڵمان بوون چەند ئافرەتێك بوین لەوانە (فەیمەی حاجی سعیدە سوورە و مهابادی عەبەی موسا و مەنیجی دروێش عزەت بوو (کە دواتر مێردەکەی لەگەڵ من گیرا)) بە نزیکەیی١٥-١٦ ژن ئەبووین کە کچەکانی حاجی عمریشی تێدابوو. بەڵام یەکەم ژن کە بەشداری کرد من بووم.

**پرسیار/** بەڵێ باسی رۆژی دووەممان بۆ بکە؟

**وەڵام/** رۆژی دووەم کە لە خۆپیشاندان تەواو بووین بۆ شەوەکەی ئێمە وەکو ژنانی پێنجوێن دەستمان کردەوە بە خۆپیشاندان تەنها ژن بوین هیچ پیاوێکمان لەگەڵ نەبوو.

**پرسیار/** چۆن کۆبوونەوە؟

**وەڵام/** من کۆمکردنەوە لە گەڕەکی خۆمانەوە کەنزیك بوین لەیەك بانگم دەکردن دواتر کەبە شەقامەکەشدا دەرۆشتین بەدەنگی بەرز بانگم دەکردن و دەمگوت وەرن بەشداری بکەن.

وەك وتم هەموومان ژن بوین تەنها یەك پیاومان لەگەڵ بوو ئەویش (عمری مختار) بوو کە خێزانی خۆیی و براکەیشیمان لەگەڵ بوو.

**پرسیار/** چەند ژن ئەبوون؟

**وەڵام/** نزیکەی (٥٠) پەنجا ژن ئەبووین ، چوینە بەردەم مەرکەزی ئەمن ئەمنەکان (کاك عمری موختاریان) بردە ژوورەوە زۆریان لێ دابوو و پێ یان وتبو تۆ چۆن کەوتویتە پێش ئەم ژنانە؟ ئەویش وتبوی هیچ پیاویان لوگوڵ نیە بۆ چاودێری لەگەڵیان هاتووم. ئەمنەکان وتبویان کەواتە تۆش بەشداری لەگەڵیان دواتر چواردەوریان گرتین.

**پرسیار/** ئێوە لەو شەوەدا چیتان کرد؟ یان چیتان دەوت؟

**وەڵام/**ئێمە هوتاف و دروشمی زۆرمان دەوت لەوانە (بڕوخێ حزبی بەعس و بژی کوردو. ...... هتد)

**پرسیار/** وتت کاك عمریان گرت ، دواتر چی ڕویدا؟

**وەڵام/** پاش ئەوەی (عمر) یان گرت ئێمەیان کۆکردەوە و چواردەوریان گرتین وتمان ڕەنگە بەزیلی عەسکەری بمان بەن و بێ سەرو شوێنمان بکەن ، بەڵام پاش ماوەیەك عمریان بەرداو هێنایانە دەرەوە دیاربوو زۆر زۆریان لێ دابوو وە پێیان وتبوو ئەو ژنانە لەگەڵ خۆت ببەرەوە ئەگینا ئەتگرینەوە ، کە (عمر) هاتە دەرەوە وتی بیکەن بە خاتری خوا هەستن بابڕۆینەوە ئەگەر نا ئێوەش و منیش ئەگرن و ئەشکەنجەمان دەدەن. ئێمەش لەبەر ئەوەی (عمر) نەگرنەوە هەستاین (لەو کاتەدا کە ئێمە لەوێ بووین ڕژێم زیاتر لە ١٥ پیاوی لەناو پێنجوێن داگرتبوو لەماڵەکاندا). لەوانە (عوسمانی حمەی خواکرم و حاجی وە فاروقی حاجی احمد و چەند کەسێکی تر لە خوارەوە لە بەنگەڵەکان) هەتا ئەمانەیان کۆکردەوە نەیانهێشت ئێمە بڕۆین.

**پرسیار/** ڕۆژی س هەم چی گوزەرا؟ دەستان کردەوە بە خۆپیشاندان؟

**وەڵام/** بەڵێ ڕۆی سێ هەم دەستمان کردەوە بە خۆپیشاندان هەموو ڕێگاوبانی پێنجوێن بە بەردو دار و تایە گرتبومان پێشتر شارەکە بە تەواەی هاتوچۆی تێدا وەستابوو.

**پرسیار/** لە ڕۆژی سێ هەمدا تەنها ژنەکان بوون یان پیاویشتان لەگەڵ بوو؟

**وەڵام/** پیاویشمان لەگەڵ بوو بەڵام بەشی زۆری ژن بووین و تا ئێوارە بەردەوام بووین. بۆ شەوەکەی پێشمەرگە داخڵی ناوشار بوو لەسەعات (٧) ی ئێوارە بەدواوە بووبە شەڕێکی گەورە لە نێوان پێشمەرگەو ڕژێم دا زۆربەی ماڵەکان فیشەکی بەرکەوت ئیتر خەڵك هەمووی خۆی شاردەوە تا نزیکی دەمەوبەیان شەڕ بوو عەسکەریە زۆر کوژران و بریندار بوون. کە ڕۆژ بووەوە

حکومەت بانگەوازی کرد وتی (منع تجول)ە کەس نەیەتە دەرەوە و هەرکەس بێتە دەرەوە ئەکوژرێت ، دواتر (٦) کۆپتەر هێزی هێنا لە پێنجوێن دایبەزاندن و بەناوشاردا بڵاویان کردەوە دەمەو ئێوارە دەستیانکرد بەگوڕان و پشکنین، کوڕەکانی (حاجی حمە فرەج علی و انوەر) بانگیان کردم وتیان گەلاوێژ خان ئەوا عەسکەر کەوتنە ناو شار چی بکەین هەمووومان تیا ئەچین منیش بانگم کرد کە بێن لە ماڵی ئێمە خۆیان بشارنەوە نەمزانی من لەوان زیاتر بەدوامدا ئەگەڕین. ئیتر دەستیانکرد بە تەحەری.

**پرسیار/** ئەو شەوەی کە پێشمەرگە هاتنە ناوشار ، ئێوە زانیاریتان هەبوو کە پێشمەرگەکان کێن؟

**وەلام/** بەڵێ(جمالی حمەی خواکرم و فریدونی حمە صالح و مامۆستا شاهۆ و عەبەی محمودی شریف و پێشمەرگەکانی پێنجوێن زۆربەیان بوون).

**پرسیار/** زانیاریتان هەبوو کامیان زۆر ئازاو بەهەڵمەت بووە؟

**وەلام/**بەڵێ کاك جمالی حمە خواکرم زۆر قارەمانانە و بێ وێنە شەڕی کردووە و هەموو پێشمەرگەکان زۆر ئازاو بە جەرگ بوون.

**پرسیار/** نازانن چەند سەرباز کوژرا؟

**وەلام/** بە ژمارە نازانین بەلام ئەوەندە زۆریان لێ کوژرابوو بەیانیەکەی تا کاتژمێر (١٠) بەتەنکەر مەیدانەکەو جادەکانیان شۆردو خوێنەکەیان سڕیەوە و جەنازەکانیان بەتەیارە بارکردو بردیانن بەرەو خوارەوە.

دواتر لەکاتی پشکنینی ماڵەکاندا کە هەرماڵێك چەند جارێك ئەچونە سەریان بۆ پشکنین هەندێك لەسەربازەکان بە نهێنی فیشەك و ڕومانەیان ئەخستە ناو جل و نوێنی ماڵەکانەوە و لە پشکنینی دواتردا هێزەکانی تر ئەیاندۆزیەوە و خاوەن ماڵەکەیان ئەگرت.

هەر ماڵێــك چەنــد جارێــك دەپشــكنراو ســەربازەكان هەنــدێك شــتی ماڵەكانیشیان دەبرد وەك فەرش و بەتانی و كومبار. .... هتد.

چەنـد جارێك هـاتنە سـەر مـاڵی ئـێمە بـۆ پشكنین دوایـن جـار كە هـاتن نزیكەی سەعات (١) ی نیوەڕۆ بوو هێزێكی زۆربـوون سـەربان و كـۆڵان و هەمـوو شوێنەكانیان گرت بۆ گرتنی مـن هـاتن (ئەنـوەری ڕەش حـاجیلە) لە مـاڵی ئـێمە بـوو پرسـیاریان لـێ كـرد وتـی ئەمەمـاڵی گەلاوێـژنیە مـاڵی حسـنی حـاجی مـلا عبداللەیە خۆی لە بغدادە چاوساغەكەیان وتبوی درۆئەكات ئەو مـاڵەی پشـتەوە مـاڵی كـوڕی خـاڵی مێردەكەیەتـی بیهێـنن پێتـان ئەڵێـت ئەمە مـاڵی كـێ یە ، ئەمنەكـانیش چـوون ئەو كوڕەیـان بە شـەق و تێهەڵـدان هێنـا وتـی پـوزا ژن خەجاڵەتم نەمزانی بۆ گرتنی تۆ هاتوون. كە هاتنە ژورەوە و گرتمیان مـن ئەو كـاتە (٤) چـوار منـاڵم هەبـوو منـاڵە بچوكەكەم تەمەنـی (٦) مانـگ بـوو بەپەلە بەبێ هیچشتێك هەڵمگرت و لەگەڵ خـۆم بـردم مناڵەكانی تـر لە پەنـجەرەكەوە بەدوامــدا ئەگریــان ئێســتاش ئەو ســاتە ناخۆشــەم هەر لە بەرچــاودایە. كە هێنامیانە دەرەوە بە (ئەنوەر) یان وت خۆتۆ ەتوتە ئەمە مـاڵی ئەوان نـیە ئیتـر زۆریان لە (ئەنوەر)دا منیش وتـم (وەكو سـەگ مەیخۆن بـۆ مـن هـاتوون ئەوەتـا منتان گرتووە ئیتر بۆ لەو ئەدەن)

دواتر بردمیان لەسەیاركەدا (یوسفی حاجی مەلای مامە گەورەشیان) گرتبوو ئیتر وتم تەلەفون بكەن بۆ هاوسەرەكەم پێ ی بڵێن كە من گیراوم.

دواتــر بردینیــانە مەركەزی پێنجـوێن لەوێ هێشــتینیانەوە هەتــا چەنــد كەسێكی تریشیان گرت و هێنانیان بـۆ لای ئـێمە، ئەوانەی كە هێنایـانن كەس و كاری پێشمەرگە بـوون تەنها مـن و یوسـف لەسـەر ڕاپەڕیەكە گیرابوین تـا ئەو كاتە. دواتر لەسەر ڕاپەڕینەكە (عەبەی وەستا احمد) یشیان گـرت و هێنایـان بـۆ لای ئێمە.

بەشێکی تر لە بەشدارانی ڕاپەڕینەکە دوو شەو پێش ئێمە گیرابوون و بە مسەلەحە برابوون بۆ سلێمانی.

دواتر ئێمەشیان کردە سەیارەی سەربازی کە بمانبەن بۆ فرقە لە پێنجوێنی خوارەوە لەوکاتەدا (لەیلای حاجی حمە علی کیتەڵە) یان گرت و هێنایان بۆ لای ئێمە کە دواتر دەرکەوت بەهەڵە لە جیاتی (لەیلای حاجی عمر) گرتبویان پاش یەك شەو بەریاندا لەیلای حاجی عمر بەشداری خۆپیشاندانەکان بوو لەگەڵمان.

لە ژورێکی بچوکی بێ پەنجەرەی دەرگا ئاسندا زیندانیان کردین ،من ئەومناڵە(٦) مانگەم پێ بوو دایکی فاروقیش کچێکی بچوکی پێ بوو دایکی حاجی و کاکە حمە دادە تامین حاجی قایەری شیرین یشمان لەگەڵ بوو واتە ئێمە سێ ژن بوین لەکاتی سواربونی سەیارە عەسکەریەکەشدا نەمهێشت عەسکەرەکان دەستمان بگرن هەتا کە عەسکەرێکیان دەستی هێنا کێشام بە دەستیداو بە کوڕە پێنجوێنیەکانم وت دەستمان بگرن.

لەکاتی ڕۆشتنماندا بەرەو فرقە لە شوێنی ئیستا باریگای پێنجوێندا سەیارەکە ئەوەندە خێرا بوو خەریك خۆم و کوڕکەم بپەڕین حاجی سعید زۆراب گرتمیەوە (ئەویش وەك باوکی پێشمەرگە گیرابوو لەگەڵ ئەمینی کوڕیدا) پیاوەکانیان کردە ژوورێك و ئێمەش لە ژوورێکی تردا کە زۆربچوك و بێ پەنجەرە بوو هیچ هەوامان بۆ نەدەهات خەریك ئەخنکاین دەرگاکەم دایە بەرشەق پۆبیسەکە وتی چیە؟ وتم خنکاین ئەو دەرگایە بکەنەوە ،پۆلیسە زۆر محترم بوو وتی گورەکەمان لێرە نیە با بێتەوە پێ ی ئەڵێم. پاش (٥) دەقە دووجاری تر لە دەرگاکەم دایەوەو وتم بیکەنەوە با هەوامان بۆ بێت پاش نیو سەعات هاتن وتیان ئامرەکەمان هاتوەتەوە ئەڵێ بیانبەنە ئەو ژورەی تر ژوری ئێمە و پیاوەکان بەرامبەر یەکتر بوو چاومان لەیەك بوو. دوو کەسی ئێرانیش گیرابوون.

ژووی پیاوەکـان بچـوك وە خۆشـیان زۆر بـوون (حـاجی قـادری شـیرین)کە بەتەمەن بـوو تەنـگە نەفەس بـوو بـوو وە هیلاك بـوو پۆلیسـەکان وتیـان ئێـوە کەمن قبولی نەکەن (حاجی قایەر) بێتە لای ئێوە چونکە لەو لا بێت ئەمرێت ئێمەش وتمان بەڵێ بیهێنن ئەو وەکو باوکمان وایە ئیتر هێنایانە لای ئێمە. ئەو شەوە لای ئێمە بوو. شەوی دووەم خزمێکمان هەبوو معارەزەی ئێران بوو ناوی (مجید عارەب) بوو ئەو ئەیتوانی بێتە ژورەوە بۆ لامان خواردن و ئاو و سەهۆڵ و میوەی بۆ هێناین ز رۆژی سێ هەم وتیان با کەس و کارتان بێن بۆ لاتان ئیتر هاتن شتیان بۆ خۆمان و منداڵەکەم هێنا. دواتر سواری ئیڤایەکی عەسکەرییان کردین ژن و پیاو پێکەوە بوین هەمووی سێ ئیڤای عەسکەریان لە خەڵکی پێنجوێن پڕکردو بردنیان بۆ سلێمانی سەعات (١٢ بۆ ١) گەیاندینیانە فرقەی سلێمانی ئەو کاتە کە ئێستا شارەوانی سلێمانی یە نزیکەی یەك سعات لەوێدا ڕاپانگرتین لەناو سەیارەکەدا دواتر بە جادەی قەناتدا بردینیان بۆ سەرا لای دایرەی مرور وتیان دابەزن هەندێك دابەزین دواتر وتیان سەرکەونەوە ئێرە نیە (تەنها بۆ سوکایەتی وایاندەکرد) دواتر بردینیان بۆ سجنی سەرەوە کە ئێستا پارکی دایکە حاڵمان زۆر خراپ بوو ڕەمەزان بوو گەرمای تەمووز بوو هەموومان تەواو ماندووبوین. لەوێ دایانبەزاندین پڕبوو لە پێنجوێنی خۆمان وەکو(ژنی حاجی رەسوڵ و تەبای حاجی حسنە تورکە و سنەوبوری صدیقی خولەی خواکرم و کافەی بکری سفر ئەمانە کەس و کاری پێشمەرگە بوون) کردینیانە دوو ژووری بچوك یەك پەنجەرەی تیابوو بۆسەر ژووری پیاوەکان ترسمان هەبوو (حاجی قایەری شیرین) بمرێت.

دواتر (بەرزانی حاجی ئەمینە چالەش) گیرا. بەیانی زۆر زوو وتیان هەستن ئەتانبەین بۆ ئەمن بۆ تحقیق چواردەوریان گرتین و بە هێزێکی زۆرەوە بردیانین بۆ ئەمن لە شوێنێك دایان ناین سەرەکەی چینکۆ بوو زۆر گەرم بوو (عبداللە وەستا احمدی خیات لەبەر چاوی مندا زۆریان لێدا وابزانم دواتریش هەر بە هۆی ئەو لێدانەوە مرد). (عوسمانی حمە خواکرم و حاجی کە پێشتر

گیرابوون بینیمانن وتم ورەتان بەرزبێت تازە بارهەرئێمە بین کەسی تر نەگیرێت).

دواتر چاوی هەمویان بەستەوە ویستیان چاوی منیش ببەستنەوە کێشام بە دەستیا وتم چۆن چاوم ئەبەستن ئەو منالە چی لێ بکەم ئیتر چاویان نەبەستم. دواتر ریزیان کردین لەبەردەم مدیر استخبارات و ئەمن و فرقەدا لەسەر مێزێکی خردا دەستیان کرد بە تحقیق لەپیاوە ئێرانیەکەوە دەستیان پێکرد تەرجومانەکە زۆرلە کوردێك بوو پاش تحقیق کە ئەچویتە ئەو لاوە دووکەس لەم لاو ئەولاتەوە بە کێبڵ لێیان ئەدایت هەتا ئەکەوتیت و بە راکێشان ئەیانبردن ز بە پۆلیسێکیان وت ئا و چا بۆ من بهێنن وتم ناخۆم بەرۆژوم ترسام شتی تیا بێت. هەر کەسێکیان دەهێنا بۆ تحقیق لەگەڵیا تحقیق یان لە منیش دەکردەوە بۆ ئەوەی سەرم لێ بشێوێنن دواتر (فاروقی حاجی احمد) یان هێناو زۆریان لێ دابوو هەموگیانی خوێن بوو هەرکەسیان دەهێنا بە منیان دەوت ئەیناسی ئەموت نەخێر. (عەبەی وەستا احمد) وتی من عربی ئەزانم پێویستم بە تەرجومە نیە زۆر زۆریان لێدا بێ هۆشیان کرد.

کەلە ئیفادەو تحقیق تەواوبوین منیان بردەوە بۆ سجنی سەرەوە چەندین جار بەم جۆرە ئەیانبردم بۆ تحقیق و ئەیانهێنامەوە لە سجن ئەو ماڵەی (ملازم محسین) (٤) کەسەکەی لێ کوشتن لە قەرجاوا لەگەڵ ئێمە بوون پیاوەکە ناوی مامۆستا (صاڵح) بوو لە سجن لە ژێر ئەشکەنجەدا مرد.

**پرسیار/** تۆ چەند رۆژ لە سجن مایتەوە؟ کەی ئازاد کرایت؟

**وەڵام/** من (٦) شەش مانگ لە سجن بووم بە منالەکەوە کەتەمەنی (٦) مانگ بوو گیرام کە بەربوین تەمەنی بوو بوو بە (١) ساڵ و پێ ی گرتبوو. لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی دواتردا ئازاد کرام بە شێك لە خەڵکی پێنجوێن هاتن بۆ(سید صادق) بە دەممەوە کە (٢٠) کەس زیاتر دەبوون.

**پرسیار/** دوای ئەوەی هەر لە پێنجوێن مایتەوە؟

**وەڵام/** سێ ڕۆژ لە پێنجوێن مامەوە دواتر بە هۆی نەخۆشی منالەکەوە چووین بۆ سلێمانی لەوێ (جسنی مامە حسین و جلالی حاجی ئەمین) هەواڵیان پێدام کە ئەمن هاتوون بۆ گرتنم ئیتر لە سلێمانی (٥٠ بۆ ٦٠) ڕۆژ خۆم شاردەوە دواتر (شێخ محمد ی شێخ عبدالکریم) لە بوبانی پێنجوێنەوە سەیارەی نارد بەدواما بۆ سلێمانی و بردمیەوە بۆ بوبان خێڵی ماڵی (حاجی سەفەریش) لە بوبان بوون هەروەها (کمالی مامە خولە و عزەتی مامە ڕەشە) و زۆربەی ئەوانەی گەڕابونەوە لەوێ بوون لە ماڵی شێخ.

**پرسیار/** ماوەی چەندە لە ماڵی شێخ محمد مایتەوە؟

**وەڵام/**نزیکەی (٥٠ — ٦٠) ڕۆژیش لە ماڵی ئەوا خۆم حەشاردا ئێوارەیەك بە (شێخ محمد) م وت بێزار بووم ئەگەر ئیشی من ئەکرێت بیکە ئەگەر ناشکرێ بە دوو پیاوی خۆت بمگەیەنە مەرزەکە بابرۆم وتی تۆبەلای حکومەتەوە بەقەدەر (جلال تاڵبانی) مەهیمی بۆیە ئەبێت کارێکت بۆ بکەم کەس نەتوانێ دەستت بۆ ڕابکێشێ تا حەیای منیش نەچێت.

دواتر ڕاستی کرد زۆر باش ئیشی بۆ کردم کەس نەهات بە دەرگاماندا جگە لە واسطەی شێخ پارەیەکی زۆر و دوو فەرشی ئێرانیشماندا بە بەرتیل تا نەگیرێم دواتر تەلەفەنیان بۆ شێخ کرد وتیان ئەوە لەبەر خاتری تۆ نایگرین بەس با سەردانمان بکات بۆ استخبارات شێخ وتی بە تێنها نایینێرم یەك پیاوی خۆی نارد لەگەڵم کە (لطیفی حمه قاسه) بووکە چووینە ژوورەوە چاو ئاویان بۆ دانایین و خواردمان و مدیری استخبارات وتی گەڵاوێژ خان ئیش مان لەگەڵ بکە سەیارە و حیمایەو معاشی باشت بۆ دابین ئەکەین وتم ناتەانم من ژنی ماڵم و نەخوێندەوارم وتی ئەی بۆچی بۆ جلالی ئەکەیت؟

وتم جلال کێ یە؟ وتی تۆ زۆر وریایت ،دواتر وتی ئەگەر ئیشمان لەگەڵ بکەیت (لە مێزەکەی بەردەمیدا کۆمەڵێکی زۆر زەرفی نامەی دەرهێنا) وتی ئەمانە هەمووی تقریرە لە تۆ خاوەنەکانیان دێنین لەبەر چاوی خۆتدا

اعدامیان ئەکەین وە کێش مدعیە لەسەرت ئەیگرین ، وتم من هیچم ناوێت و ئەوانەش حەواڵەی خوا ئەکەم. دواتر شەهید(حمەامینی خەجێ) هاتنە دێمەکەو وتیان بەس بزانین کێ گەلاویژی بەگرت داوا ئەیکوژین. دواتر ڕۆشتمەوە بۆماڵەوە ئێوارەیەکیان (سەید عەلی سەیدحسن) هات دای لە دەرگا ترسام وتم ڕەنگە بۆ گرتنی هاتبێت وتم ئەوە خێرە خۆ ئەمری گرتنم دەرنەکراوە وتی نەوەلا بەس ڕەنگە ئەمشەو بگیرێیت چونکە لە ڕادیۆی سنە بە ڕاپۆرتیکی درێژ باسی ئازایی و چالاکیەکانی تۆ ئەکات لە ڕاپەڕینەکەدا ، ئیتر لە ترسا بە سەیارەیەکی خۆمان چوین بۆ (سیدصادق) لە کاتەدا (فەرەجی خولە عەلە) کوژرا. لەوێ مامەوە تا شێخ محمد لە بغداد گەڕایەوە ئینجا شێخ وتی بیهێنەوە ناهێڵم بگیرێت. پاشان گەڕاینەوە بۆ ماڵی خۆمان بۆ پێنجوێن.

# ڕاپەڕینی١٩/ی تەموزیساڵی ١٩٨٠
## نوسینی:فاروق حاجی احمد



ڕاپەڕینەکەی ٢٠ی تەموزی ساڵی ١٩٨٠ ڕووداوێکی کتوپڕ و لە خۆڕا نەبووە بەڵکو بەرهەمی ئەو هەموو زوڵم و زۆر و خراپە کاریانە بوو کە ڕژێمی بەعسی لە ناو چوو دەرهەق بە گەلی کوردمان بە گشتی و خەڵکی شاری پێنجوێن بە تایبەتی ئەنجامی دەدا. لە شاری پێنجوێن گرتن و ئازار دان و بیانوو گرتن و کوشتن و بڕین و ڕاگواستن و زیندانی کردنی خەڵك و بریندار کردنی هەست و سۆزی جەماوەر بووە هۆکارێکی گەورە کە ڕق و تۆڵەی خەڵك ئەستور و بە هێز ببێت و وەکو دەڵێن (جام کە پڕ بوو) بۆیە تەنها بیانوویەکی بچووك دەبووە تەقینەوەی ڤینی جەماوەر.

ڕۆژی ١٩٨٠/٧/١٧لە دەشتی ئاڵیاوا پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانی بە ناوی (عبد الله) کە بە (عەبە گۆج) ناسرا بوو کەسێکی ئازا و شۆڕشگێڕ بوو لەگەڵ بەشێك لە سوپای عێراق بەرەو ڕوو دەبێتەوە و ئەفسەرێکی سوپای عێراق دەکوژێت و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی. کە بە داخەوە دوای چەند ساڵێك پلەی شەهید بوونی بە نسیب ئەبێت، ڕژێمی بەعس بۆ گەڕان بە دوای ئەو پێشمەرگەیەدا ڕۆژی ٧/١٨ دەکەوێتە هەوڵ و سوپاکەی لە دەشتی ئاڵیاوا بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە (دەروێش مجید) کە شوانی ئاژەڵی پێنجوێن بوو لەو دەشتەدا بوو دەیکوژن و تەرمەکەی هەر لەوێ فڕێ دەدەن.

ئەم هەواڵە هەموو خەڵکی پێنجوێنی دلگران کردوو هەژاند بۆ ڕۆژی دواتر واتە ١٩/ی تەموزی ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن (شریف سعید) ناسراو بە (شریفە کەچەڵ) کە ئەو کات سەر بە ڕژێمی بەعس بوو تەرمەکەی وەر دەگرێتەوە و دەیهێنێتەوە بۆ ناو پێنجوێن – سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە تەرمەکەی هێنرایەوە ناو شار و لە مزگەوتی (حاجی رسوڵ) لە پێنجوێن دانرا تا کاری بەڕێکردنی بۆ گۆڕستان بۆ بکرێت.

ئەو بەیانیە من لە بەردەم ماڵی خۆماندا بووم لەسەر شەقامی سەرەکی بازاڕی مەیدانەکە بۆ گەڕەکی بەرکێو. هەر زوو خۆم گەیاندە مزگەوتەکە لەوێ چەند کەسێکی لێ بوو کە وەك یادم بێت (جەمالی رەشە هەلاج و حاجی عیزەتی رەشە حاجیکە و چەند کەسێکی تر)

تەرمی دەروێش بە خراپی و دوور لە ڕەوشتی مرۆڤانە شێوێنرابوو بە حەربە و فیشەك و لێدان شەهید کرابوو.

لە ماوەیەکی زۆر کورتدا زۆربەی خەڵکی پێنجوێن کۆبوونەوە و دووکانەکان زۆربەیان داخران بۆ بەڕێکردنی تەرمەکە. هەر لە ناو مزگەوتەکە خەڵك کەوتە نارەزایی دەربڕین و بە کار هێنانی وتەی زۆر ناشرین بەرامبەر بە بەعس.

کات گەیشتە دوا نیوەڕۆ و تەرمەکەی لە مزگەوتی (حاجی رسوڵ) بە ناو گەڕەکی بەرکێو و پاشان بۆ گەڕەکی گۆیژە ە چەند گەڕەکێکی دیکە هەڵگیرا و جەماوەر بە سرودی نیشتمانی و وتاف کێشانی شۆڕش گێڕی خۆپیشاندان دەستی پێکرد ئەمە ترس و نیگەرانی زۆری خستە دلی پیاوانی ڕێژمی بەعس و نەیان دەوێرا نزیکی خۆپیشاندەران بکەون. لە نزیك مەرکەزی پێنجوێن جەماوەر ئەو مەرکەزەی بەرد باران کرد سروودەکانی (بێکەس و کامەران موکری) لەسەر دەمی جەماوەر بوون و دەوترانەوە بە دەست ئاماژەیان بۆ پیاوان و مولگەکانی ڕژێم دەکرد زیاتر ورە و تینی بە خەڵك دەدا.

ئاخر ووتنی شیعری شۆرشگێڕی بیکەس کە جەماوەر بە دەست ئاماژەیان بۆ ڕژێم دەکرد کە دەیان وتەوە : (بیری ئازادی جیهانی گرتەوە کوردە بەسە هیمەتێك کەن تا کەی ئەم نیزامە کۆنە لابرێ)

لەو ڕۆژەدا بەهاو مەزنیەکی گەورەی زۆر دەبەخشێت.

دوای ناشتنی تەرمی دەرویش خۆپیشاندان ئەو رۆژە بەردەوام بوو. رۆژی دواتریش بە هەمان شێوە و زۆر تر و گەرمتر خۆپیشاندان بەردەوام بوو دووکان و بازارەکان داخران.

دووەم رۆژی خۆپیشاندان (فاروقی خالّم) ناسراو بە (فاروقی رەشە چاله)هاتە لام و داوای ئەوەی لێکردم کە (تەسجیل) ی بدەمێ. من تەسجیلێکی بچووکی جۆری سۆنی ((sonyم هەبوو رەنگی رەساسی بوو ووتی دەمانەوێت ئیمشەو بانگەوازێك بۆ خەلك بکەین تا بەردەوام بن لە راپەرین و تۆماری دەکەین و لە مزگەوتێك بلاّوی دەکەینەوە دیارە من دەمزانی فاروقی خالّم رێکخستنەو سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و هەندێك لە رێکخستنەکانم دەناسی. بە خۆشحالّیەوە تەسجیلەکەم پێدا و بۆ شەوەکەی لەگەلّ (کاکە حەمەی حاجی قادر و عثمان غفور) لە مزگەوتی پاشا بە دەنگی ئافرەتێك بانگەوازەکەیان بلاّو کردەوە کە داوا لە خەلّك دەکەن بەردەوام بن لە راپەرین.

دوای چەند سالێك زانیم دەنگی ئەو ئافرەتە دەنگی خێزانی(کاك محمدی حاجی عارفی دارەبەن) بوو.راپەرین بەردەوام بوو رژێم سوپایەکی زۆری لە ناو شاری پێنجوێن بلاوە پێکرد. پیاوانی رژێم زۆر لە نا ئارامی و دلّە راوکێدا بوون. کەوتنە هەلّپەکردن و گرتنی خۆپیشاندەران. شەوی ٢٢لەسەر٢٣/٧/١٩٨٠لە دوای کاتژمێر (١٢)ی شەو من لە مالّی خۆمان گیرام برامە مولگەی ئەمنی پێنجوێن کە لە ناو مەرکەزی پێنجوێندا بوو. تا نیوە شەوێکی درەنگ ژمارەی گیراوەکان بووە (٩) کەس کە ئەمانە بوون (عثمان حمە خوا کرم، حامد حمە خوا کرم، فاروق حاجی احمد محمد، عیزەت رشید حاجیلە، جلال ابراهیم میرزا محمود، عمر محمد، یوسف مەلای مامە گەورە، لقمان رشید چاله)کە تەمەنی لە نێوان٧-٨ سالّ دەبوو. وە گەلاوێژ خان خێزانی عیزەتی مامە حسن گیراو لە شوێنێکی تر دایان نابوو. وە کابرایەکی ئێرانی خەلّکی گوندی بایاوای ئێران بە ناوی (احمد) ناسراو بە (خان احمد) ئەویش بە جیا گیرا بوو.

هەر ئەو شەوە گواسترابنەوە بۆ پێنجوێنی خوارەوە بۆ مەکتەبێك كە مولگەی استخباراتی عسکری بوو. لەو شوێنە شەهید (عثمان حمەی خوا کرم) کە لە هەمومان بە تەمەن تر و زیاتر شارەزا و دنیا دیدە و بە ئەزمون تر بوو بە هەموومانی ڕاگەیاند کە (ئێمە بەرەو ڕووی زۆر نارەحەتی و ئازار و تعزیب دەبینەوە. ئەگەر یەکێکتان تەنیا یەك ووشە بڵێن ئەوا کۆتایی ژیانتانە و خەڵکی تریش تووش ئەکەن مێژووش بە ڕسواو خیانەتکار ناوتان تۆمار دەکات کەس بە لێدان نامرێت خۆگربن ئەگەر بمرین لە تعزیبدا ئەوە سەربەرزی بۆ خۆتان و کەس و کارتان تۆمار دەکەن، ئەم ووتانە بووە ئامۆژگاریەکی باش بۆ هەمووان و هیچمان تەنیا یەك ووشەمان نەدرکاند ئەو شەوە کە ڕۆژ بووەوە خۆر هەلهات بە ئیفا و زیلی سەربازی بە سەر پەرشتی ڕاستەوخۆی (عەقید ضاحی) گواسترابنەوە بۆ سلێمانی، لە کاتی گواستنەوەمان (عەقید ضاحی) بە عەرەبی ووتی (برۆن با خومەینی فریاتان بکەوێت) دیارە ئەو زۆر بی ئاگا بوو لە رقی جەماوەری شاری پێنجوێن

ڕاستەوخۆ بە چاو بەستراوی برابنە زیندانی مەدەنی سلێمانی (سجن سلێمانی) کۆن ئەو شەوە کەس نەیدەوێرا قسەمان لەگەڵ بکات لە زیندانی مەدەنیەکان. بۆ ڕۆژی دوایی گواسرابنەوە بۆ ئەمنی سلێمانی ئیتر ئازاردان و لێدان دەستی پێکرد بەو شێوەیەی کە خۆیان تەواو شارەزا بوون. کە هەر یەکێکمان دەگەڕاینەوە لە ژووری تعزیب و فڕی دەدراینە ئەو ژوورەی بۆمان دانرا بوو خێرا (عثمان حمەی خوا کرم) دەیگوت (خۆ هیچت نەوت) ئەو بۆ ئێمە پاڵپشت و ورە بەخش بوو. چەند ڕۆژێکی زۆر لە ئەمنی سلێمانی ماینەوە و بەرگەی ئەو هەموو ئازاردانەمان گرت.

پاشان گواسترابنەوە بۆ مولگەی سەرەکی استخباراتی فرقەی سلێمانی کە بەرامبەر ئەمنی سلێمانی بوو. ئەمنی سلێمانی ئەوکات لەسەر جادەی سەرەکی شەقامی سالم بوو لە نزیك حەسیب صالح کە ئێستا چالاکی قوتابخانەکانە. مولگەی استخباراتی فرقەش بەرامبەری بوو لە استخباراتی فرقەش دیسان خراپتر و درندانە تر ئازاردان دەستی پێکرد یەك ڕۆژ دوای چوونمان بۆ

استیخباراتی فرقه کۆمەڵێك خەڵكی تری پێنجوێنیان هێنا بۆ لامان ئەوسا زانیمان کە خەڵکی تریش گیراون. ڕاست بڵێم ترسی ئەوەمان هەبوو کە یەکێك لەمان زانیاری بدرکێنێ و کەسی تر بە گرتن بدەن بۆیە خێرا ئەوەی پێویست بوو بۆمان ڕوون کردنەوە ئەوانەی کە لە یادم بێت گیرابوون لەو کۆمەڵەیە: (بەرزان امین (بەرزانی امینە چالە)، عبداللەی وەستا احمدی خەیات، تۆفیق غەوارە، انوەر ابراهیم. .. هتد)کە بە داخەوە ناوەکانیانم لە یاد کردووە.

ماوەیەکی زۆریش لە استخباراتماینەوە. دواتر بە هەوڵ و هیمەتی خەڵکی پێنجوێن کە داواکاریان کرد بوو بۆ ئازاد کردنی زیندانیەکان، ئازاد کراین بەڵام هیچ زیندانیەك زانیاری نەدرکاند.

دوای ئـازاد کردنمـان بۆمـان ڕوون بـویەوە کە بـۆ پشـتیوانی کردنـی خۆپیشاندەرانی پێنجوێن مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگە بە سەر پەرشتی کاك (جمـال حـمە خـواکرەم) هـاتبوونە نـاو پێنجـوێن و لەنـاو بـازاری پێنجـوێن (مەیـدانەکە) بۆسـەیان بـۆ سـوپای ڕژێـم دانـا بـوو دەسـتێکی پۆڵاینیـان لـێ وەشاندبوون و دەیان سەربازیان کوشتبوو و بریندار کردبوو.

دەبێـت ئەو ڕاسـتیە بلێـین کە خۆپیشـاندانی ١٩ی تەمـوزی سـاڵی ١٩٨٠ خۆپیشـاندانێکی جەمـاوەری بـوو بە هـۆی بۆچـوونە جیاوازەکـانەوە و هەسـتی نیشتیمانی و کوردایەتی کە سیمای خەڵکی پێنجوێنە هەمیشە شاری پێنجوێنی بەرز و بڵند کردووە.

بـۆ ڕاسـتی ئەمەش ئەو هەمـوو قوربـانی دانەی ئەم شـارەیە لە شـەهید و وێران بوون و زیندانی کردنی ڕۆڵەکانی و بوونی ئەو هەمـوو پێشـمەرگە زۆرەی کە بەخشیویەتی بە کوردستان.

دەبێت ئەو ڕاسـتیە بلێـین کە سـەرەتای ڕاپەڕیـنەکە یەکیەتـی نیشـتیمانی ویستی دوورە پەرێـز بوەسـتێت لەبەر پاراسـتنی ڕێکخسـتنەکانی بەڵام دواتـر و

واقیعەکە وای کرد کە دەورێکی زۆر سەرەکی هەبێت لەسەرپەرشتی کردنی ڕاپەڕینەکە.

زۆر کەسی یەکیتی هەبوو کە وەك ڕێکخستن دەوری چالاك و دیاریان هەبوو وەکو: (محمد حاجی قادر شریف، فاروق ڕەشە چالە، عثمان غفور، محمدی حاجی عارفی دارەبەنی).

خەڵکانی تریش هەبوون کە دیاربوون و بێلایەن بوون وەکو (عمر حمەی میرزا فتاح، دکتۆر عثمان،جمالی ڕەشە هەلاج کە زۆر چالاك و دیار بوو ڕژێم زۆر هەوڵیدا دەستگیری بکات ، علی حمە فرج ، عثمان خلیفە میرزا حسن ، جلال حمە فرج).

هەموو خەڵکی پێنجوێن زۆر بوێرانە بەردەوامیان دا بە ڕاپەڕین بەڵام پیاوانی ڕژێم ئۆقرەیان نەمابوو ، بۆیە کەوتنە شکاندنی دوکانەکان کە داخرابوون و بەکارهێنانی هێز و تۆقاندن بەم شێوەیە ڕاپەڕین کۆتایی هات.

ئەگەر هەلوومەرجی ئەوسا لەبەرچاو بگرین یەکەم ڕاپەڕینێکی فراوانی جەماوەری بوو لە کوردستانی باشوردا ، ڕژێمی بەعس لەوپەڕی لەخۆبایی بووندا بوو کە خۆی بە سەرکەوتوو دادەنا لە کوژاندنەوەی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ ، خاوەن توانەیەکی سەربازی بەهێز و ئابووریەکی قەبە بوو بگرە خۆی بە ئیمپراتۆری وولاتانی عەرەبی دەزانی و توانایەکی گەورەی لە هەموو ڕویەکەوە هەبوو، ئا لەو کاتەدا خەڵکی شاری پێنجوێن بە دەستی سپی و خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزی شۆڕشگێڕی بەگژ ئەو ڕژێمەدا چوونەوە و بە دەسەڵاتیان ووت : (نا بۆ ئێوەی دیکتاتۆر و خوێن ڕێژ) و دەسەڵاتی بەعسیان ڕەت کردەوە گەورەییەکە ئالێرەدایە هەر بە دەستی بە تاڵ و ئیرادەی پۆڵاینەوە بەرد بارانی مولگەکانی ڕژێمی بەعسیان لە پێنجوێن کرد و بە گژ سوپای ڕژێمدا چوونەوە و پەلاماریان دان هەر بە دار و بەردو ئاراستە کردنی

سروودی شۆڕشگێڕی کە هێمایەیکی زۆر ڕوون بوو بۆ قبوڵ نەکردنی ئەو دەسەڵاتە.

ڕاپەڕین کۆتایی هات بەڵام ئیرادە و بیری شۆڕشگێڕی خەڵکی پێنجوێن بەهێزتر و بەردەوام بوو.

تێبینی :

ئێمە کە لە زیندان بووین لێکۆڵینەوە لەگەڵمان بریتی بوو لەوەی کە (کێ پێ ی وتن ڕاپەڕین بکەن، ئێران بوو یان پێشمەرگە ئەو کەسانە ناویان چیە؟ ، ئێوە سەر بە کام حزبن و کێتان لەگەڵە و ناویان چیە و ژمارەتان چەندە و لێپرسراوەکەتان کێیە؟

## خۆپیشاندانی شارۆچکەی پێنجوین ١٩٨٠/٧/١٩
نوسین: محسین کریم



گێـڕانەوەی مێـژوو، ئەویـش دوای تێپەڕبـونی دەیـان سـاڵ، بە دڵنیـاییەوە کـارێکی ئاسـان نـیەو بیرچـونەوە دەوری خـۆی دەگێـڕێ لە رادەی دیقەتـی گێڕانەوەکە، بەڵام ئەوەنـدەی بیـرەوەریم یـارمەتی دابـم هەوڵدەدەم راستگۆیانە ئەو مێژوە وەکو ئەوەی دیومەو ئاگاداری بـووم بگێـڕمەوە. رەنـگە کەسـانێك کە بیرکـردنەوەو لایەنگـری سیاسـیان جۆرێکی دیـکە بـێ جـۆرێکی دیـکەو بەپێـی بەرژەوەنـدی سیاسـی خۆیـان ئەو مێـژوە بگێـڕنەوە، بەڵام هەر ئینسـانێك کە کەمێـك ویژدانـی سیاسـی هەبـێ و ئاگـاداری ئەو روداوە بووبێـت نـاتوانێ ئەو راستیە ئینکار بکات کە مـن لێـرەدا بەیـانی دەکەم. ئەگەرچی یەکێـك بـووم لەو کەسانەی کە نەخشم هەبوو تیایـدا، ئەگەرچی یەکێـك بـوو لەو روداوە سیاسـیە گرنگـانەی کە لەمێــژوی تــازەی کوردســتانی عێراقــدا کەم وێنەبــوو، بەڵام بەداخەوە ئەوە یەکەمــین جــارە کە لەســەر ئەو روداوە گــرنگە جەمــاوەریە قســەدەکرێت بــە خۆشــمەوە. بەهەرحــاڵ ئەوەی هــانم دەدات کە ســەرباری تێپەڕبـونی مێژویەکـی زۆر بەسـەر ئەو ڕوداوەدا دەسـت بـدەمە گێڕانـەوەی ئـەم مێـژووە، ئەو راسـتیە تاڵەیـە کە مـاوەیەکە کەسـانێکی دیـکە خۆیـان کـردۆتە خاوەنی ئەو روادوە گـرنگە کە لەراسـتیدا نەك خـاوەنی نـین، بەڵکو دەوریشیان هەبوو لە شکستی بزوتنەوەکەدا.

شۆرشی ساڵی ١٩٧٩ای ئێران کـاریگەری لەسـەر خەڵکی کوردستانی عێـراقیش کردبوو. روخاندنی رژێمێکی دڕندەو بەتوانای وەکو شا کە بەهێزتـرین دەوڵەتـی نــاوچەکە بــوو لە ئاکــامی خۆپیشــاندانی جەمــاوەری و هەســتانی خەڵــکەوە تـارادەیەك ئەو بـاوەڕەی لای خەڵك دروسـت کـرد کە ئەوانـیش دەتـوانن کارێـك بـکەن دژی زوڵـمو سـەرکوتی رژێمـی بەعـس. ئەگەرچـی ئەودەمە بـزوتنەوەی چەکـداری تەنهـا ئەڵتەرنـاتیفی وەسـتانەوە بـوو بە روی دەسـەڵاتی بەعسـدا کە تەقلیـدی سیاسـی بـزوتنەوەی ناسیۆنالسـیتی کـورد بـوو، بەڵام لەوە بەدواوە

خۆپیشاندانو شێوازی خەباتی سیاسی-جەماوەریش هاتە ناو فەرهەنگی بەرەنگاری و وەستانەوە لە کوردستانی عێراقیشدا، بەتایبەتی کە بزوتنەوەیەکی چەپ خەریك بوو چەکەرەی دەکرد کە زیاتر بڕوای بەشێوازی خەباتی بەلشەفیەکان بوو تا شەڕی پارتیزانی لە دێهاتەوە بەرەو شاری ماوتسی تۆنگ کە ستراتژی سیاسی سەربازی سەرجەم بزوتنەوە چەپەکانی "جیهانی سێ" بوو.

شارۆچکەی پێنجوێن بەهۆی ئەوەی تەنها چەند کیلۆمەترێك لە سنوری ئێرانەوە دوورەو تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لەنێوان خەڵکەکەی و دانیشتوانی شارۆچکەی مەریوان کە بنکەیەکی بەهێزی یەکێتی جوتیارانو کۆمەڵەی ئێران بوو، بەهێزبوو. ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەرئەوەی کە هەواڵەکانی شارەکانی کوردستانی ئێران، شۆڕش، چالاکیو کۆبونەوە جەماوەریەکان، حیزبو ڕێکخراوە سیاسیو چەپەکان بگاتە خەڵکی شارۆچکەی پێنجوین. ئێمە کۆمەڵێك گەنجی چەپ بووین، هەرچەندە شکڵێکی ڕێکخراوی ڕێکوپێکمان نەبوو، بەڵام بەشێك بووین لە زنجیرەیەك ئەڵقەی ڕۆشنبیری مارکسیستی کە لەچەندین شاری دیکەش هەڵسوڕاوی هەبوو. بۆجیاکردنەوەی خەتی سیاسی خۆشمان لە کۆمەڵەی ڕەنجدەران کە خۆی بەچەپ دەدایە قەڵەمو باسی پێکهێنانی حیزبی پێشرەوی چینی کرێکاری کوردستانی دەکرد، خۆمان بە عێراقی ناودەبرد، وەکو ڕەنگدانەوەی بڕوامان بە حیزبی یەکگرتوی چینی کرێکاری عێراق.

گروپەکەی ئێمەش لەچەند ئەڵقەیەك پێکهاتبوو. ئەڵقەیەکی سەرەکی من و ئەنوەری حاجی حەمە فەرەجو محمدی حاجی عارف بووین، لەگەڵ چەند ئەڵقەیەکی دیکە کە لە ۲-٤ کەس پێکدەهاتن. محمد کرێکاری فەرمانگەی تەلەفۆنات بوو، بێجگە لەو ئەڵقەیەی ئێمە خۆشی پەیوەندی لەگەڵ ئەجوائی کرێکاریو زەحمەتکێشی پێنجویندا هەبوو. پەیوەندی نێوان ئێمەو سلێمانی لەڕێگای موئەیەد ئەحمەد(علی حاجی حمەفرج)ەوە بوو کە ئەوکات ئەندازیاربوو لە بەشی بیناسازی(بنایات)ی زانکۆی سلێمانی. هەندێجار موئەیەد خۆشی لەگەڵ لیژنەکەی ئێمە کۆدەبوەوە. هاوڕێیانی دیکە زۆربەیان

خوێندکاری دواناوەندی پێنجوین بوون، من ساڵی یەکەمی زانکۆم بوو. بێجگە لەوە کۆمەڵێك گەنجی تر هەبوون کە ئەوانیش لە زانکۆ دەیانخوێندو سەر بەهەمان ئەڵقە رۆشنبیریەکان بوون، بەڵام پەیوەندی رێکخراوەیی راستەوخۆمان نەبوو. لەوانە دکتۆر عوسمان محمد کە خوێندکاری کۆلیژی پزیشکی بوو لەگەڵ زەهاو جمالی هاوسەریو جەمالی رەشید هەلاج کە خوێندکاری کۆلیژی کشتوکاڵ بوو. ئەوان وەکو خەتێکی دیکە پەیوەندیان بە موئەیەدەوە هەبوو. دواتر بەهۆی ئەوەی کە هەرسێکمان خوێندکاری زانکۆی سلێمانی بووین لەگەڵ جەمالو زەهاودا پەیوەندی رێکخراوەیمان پێکەوە دروستکرد. بەداخەوە جەمال ساڵی ٢٠٠٠ لە روداوێکی دڵتەزێندا کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

لە رۆژی ٣/٢٠ ساڵی ١٩٨٠دا بەبۆنەی نەورۆزەوە بە دەستپێشکەری هاورێیانی ئێمە، خوێندکارانی دواناوەندی پێنجوین کە دەکەوتە خوار فەرمانگەی ئیستخباراتەوە، بە رێپێوان بەرەوە ناو سەنتەری شار بەرێدەکەون. بەڵام لەلایەن دەزگا سەرکوتگەرەکانی بەعسەوە تەقەیان لێکراو بڵاوەیان پێکردنو ٥یان ٦ کەسیان لێگرتن. بەشێك لە هاورێکانی ئێمەش لەناو دەستگیرکراوەکاندا بوون. ئەوەبوو سەرجەم خەڵکەکە نارەزایەتیان دەربڕیو لەبەردەم بەرێوەبەرایەتی پۆلیس کۆبونەوەو داوای ئازادکردنی گیراوەکانیان کرد. سەرەنجام دوای چەند رۆژێك حکومەتی بەعس ناچاربوو کە زیندانیەکان ئازاد بکات. ئەم جموجوڵەی خوێندکاران، لەلایەکەوە گرێدراوبوو بەو شەپۆلە پەنگخواردوەی کە دژی رژێم هەبوو لەناو خەڵکی شارۆچکەکەداو لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەری هاورێیانی ئێمەی لەسەربوو کە هەوڵیان دەدا ئەو نارەزایەتیانە لە بزوتنەوەی جەماوەریدا سازبدەنو ئاراستەی بکەن لەدژی زوڵمو زۆرداری رژێمی بەعس.

بێجگە لەو زوڵمەی کە رژێم بەشیوەیەکی گشتی دژی خەڵکی کوردستان بەرێوەی دەبرد، بێجگە لە سیاسەتی راگواستنی خەڵکی دێهاتەکان کە سەرجەم دێهاتەکانی دەوروبەری پێنجوینی گرتەوە، لەماوەی نزیکەی یەکساڵدا دەیان

کەس لە خەڵکی زەحمەتکێشی پێنجوین کە ناچاربوون بە قاچاخچێتی و باربەری لەنێوان عێراقو ئێراندا ژیانیان بگوزەرێنن، لەلایەن کەمینەکانی دەزگای ئیستخباراتو ئەمنەوە کوژران. چەند سەد مەتریك قاچت لە ماڵەکان بەرەو دەرەوەی شارۆچکەکە بترازایە بەناوی(مخرب) دەستگیرو بێسەروشوێن دەکرایت. تەنها ناو شارۆچکەکە ناوچەی قەدەغەکراو(محرم) نەبوو! ئەمانە لەگەڵ باقی ئەو فاکتەرانەی سەرەوەدا کە باسم کردن هۆکاری ئەوەبوون کە تەنها دوای ٣ مانگ گەورەترین کردەی سیاسی جەماوەری لە مێژوی نوێی کوردستاندا روبدات، ئەویش خۆپیشاندانو مانگرتنی گشتی رۆژی ١٩٨٠/٧/١٩ بوو کە ماوەی ٣-٤ رۆژی خایاند.

ئەو دەم عەقید ضاحی فەرماندەی فەوجی پێنجوین بوو کە دەسەڵاتداری یەکەمی ناوچەکە بوو. هەموو ناوچەکانی دەوروبەری شارۆچکەی پێنجوین لەژێر کۆنترۆڵی فەوجەکەی ئەودا بوو. تەنها کەسانێك کە رێگایان پی دەدرا لەشار دووربکەونەوەو ئیجازەی ئیستخباراتی عەسکەریان بۆکرابوو، شوانەکان بوون بۆ لەوەڕاندنی مەڕومالات. ئەو دەمەش هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی لەناوچەی شلێر بوون. رۆژی ١٩٨٠/٧/١٨ مەفرەزەیەکی یەکێتی لەدەوروبەری پێنجوین تەقە لەچەند سەربازێك دەکەنو هەواڵی ئەوە هەبوو کە کوژراویان هەبووە. لە تۆڵەی ئەوەدا هێزێکی سەربازی کێومالی ئەو ناوە دەکەنو شوانێك دەگرن کە ناوی (دەروێش مەجید) دەبێ. بەشێوەیەکی درندانە دەیکوژنو بەدوای سەیارەکەدا رایدەکێشن. بۆ رۆژی دواتر تەرمەکەی دەدەنەوە دەست کەسوکارەکەی..

کاتێك کە هەواڵی کوشتنی ناوبراو ئێوارەی ٧/١٨ گەیشتە ناو پێنجوین خەڵك زۆرتوڕەبوون، نارەزایەتی لەناویاندا شەپۆلی دەدا دژ بەوتاوانە. من ئەو کاتە لە پێنجوین نەبووم. هاوڕێیان مونەیەد(کە ئەوکاتە لە پێنجوین دەبێ)و حەمەی حاجی عارف بڕیاری ئەوەدەدەن مەراسیمی ناشتنەکەی بکەن بە رێپێوانو خۆپیشاندان دژ بەو تاوانە درندانەیەی رژێم، بەتایبەتی کە ئێمە رێکخراوێکی مارکسیستینو دەروێش مەجیدیش کەسێکی زەحمەتکێشەو

کوژراوە. هاوڕێیانی ئێمە دەست دەکەن بە کۆبوونەوە لەگەڵ گروپی جیاجیای خەڵکو هانیان دەدەن بۆ گۆڕینی مەراسیمی ناشتنی تەرمەکە بە ڕێپێوانێکی جەماوەری دژی ڕژێم. ئەوەبوو پێشوازیەکی بێوێنە لە پێشنیارەکەی ئێمە دەکرێ.

ڕۆژی ٧/١٩ تەرمەکە هێنرایەوە بۆ پێنجوین. جەماوەرێکی زۆر ئامادە دەبن بۆ شۆردنی تەرمەکەو بەرێکردنی بۆسەر قەبران. لەکاتی شۆردنی تەرمەکەدا ئاساری ئەشکەنجە لەسەر جەستەی دەروێش مەجید دەبینرێ؛ لەشیان کونکردبوو وە پەتیان تێکردبوو بۆئەوەی رایبکێشن بەدوای سەیارەدا! ئەم دیمەنە دڕندانەیە خەڵکەکە تووڕە دەکاتو هەرچی زیاتر نەفسیەتی خەڵک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕژێم ئامادە دەکات. ئەوەبوو سەرەنجام بەپێی نەخشەیەك کە هاوڕێیانی ئێمە دایان ڕشتبوو مەراسیمی ناشتنەکە دەگۆڕێت بۆ ڕێپێوان. جەماوەرێکی بەرچاو کە تەرمەکەیان بەسەرشانەوە بوو بەناو کۆڵانو شەقامەکانی پێنجویندا دەڕۆیشتنو سات بەساتیش خەڵك پێیانەوە پەیوەست دەبوو. بەشداری ژنان لەخۆپیشاندانەکەدا نمایشی ڕادەی جەماوەری بوونی خۆپیشاندانەکەی دەکرد. دەوری بەرچاوی کەسانێکی وەکو گەلاوێژ محمد کە بەردەوام و بەجەسارەتەوە دروشمی دژی ڕژێم دەدا جێگاو دەوری ژنانی لە ئاستێکی باڵاتردا نیشان دەدا. یەکێك لەو شیعارانەی کە دەوترانەوە (بژی گەل.. هێزی گەل.. حوکمڕانی بۆ گەل) بوو. کەسانێکی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کە ویستبویان دروشم بەسەر جەلال تاڵەبانیدا بڵێنەوە لەلایەن هاوڕێیانی ئێمەوە داوایان لێدەکرێ کە با دروشمەکان تەنها خواستو داواکانی خەڵك بێت.

دوای ماوەیەك ئاپورەی خۆپیشاندەران کە لەنێوان ١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ کەسدا دەبوون لەگەڵ تەرمەکەدا دەگەنە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پێنجوین کە بە تەنیشت سەرقەبرانەکەوە بوو. بەشێك لە خۆپیشاندەران دەست دەکەن بە بەردەبارانی سەیارەکانی پۆلیس و ئۆرزدیباك. ئەم بەردبارانە فەزای خۆپیشاندانەکە توند دەکاتەوەو دوودڵی لەناو بەشێکی زۆری خەڵکدا دروست دەکاتو سەرەنجام نزیکەی ١٥٠ کەسێك دەمێننەوە لەگەڵ تەرمەکەدا و دەیبەنە

سەر قەبران. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆپیشاندەران ئەو دەروبەرە چۆڵ ناکەن. پاشان ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران بەردو بەربەست لەسەر شەقامەکان دادەنێن بۆ بڕینی ڕێگا لەهاتنی سەیارەی ئەمنو سوپا.

هەر لەو دەمەدا هێزێکی زۆری سەربازو ئەمن دەگەنە شوێنەکەو جادەکانو چواردەوری سەرقەبرانەکە دەگرن. لەکاتی ناشتنی تەرمەکەدا ئەمنێك خەریکی ڕەسمگرتن دەبێ، بەڵام زوو زوو لەلایەن خەڵکەوە بەردباران دەکرێ! ئەفسەرێکی پلەبەرزی سوپا کە لەگەڵ هێزەکەدا دەبێ دەچێتە ناو سەرقەبرانەکەوەو بەرەو لای خەڵکەکە دەڕوات، بەڵام لەسەر تەرمەکە فاتحە دەخوێنێو پاشان خەڵکەکە هێمن دەکاتەوەو پێیان دەڵێ کە ئەوە هەڵەیەك بوە ڕوویداوە، هەوڵ دەدەین چارەسەری بکەینو پاشان شوێنەکە جێدەهێڵێ.

ئەو هەڵوێستەی ئەو بەرپرسە کەمێك خۆپیشاندەران هێور دەکاتەوە، چونکە پێیان وابوو کە هێزەکە تەقە لەخەڵك دەکەنو دەیانکوژنو ئەوەشی گیرا دەستیگری دەکەن. دوای ناشتنی تەرمەکە دوبارە هەزاران کەس بە ڕێپێوانو دروشم بەرەو ماڵی دەروێش مەجید دەگەڕێنەوە. لەوێ هاورێیانی ئێمە بە خەڵکەکە رادەگەیەنن کە لە سبەینێوە بۆ ماوەی ٣ رۆژ مانگرتنی گشتیەو دوکانو بازار ناکرێتەوە. بانگەوازەکە بە چەڵەڕێزان پێشوازی لێدەکرێ.

بۆ شەویش تیمێك لە هاورێیانو دۆستانی ئێمە کە پێکهاتبون لە(حەمەی حاجی عارف، شیخ زاهیر کە کەسێکی زەحمەتکێشو هاورێی حەمە خۆی بوو، عومەر حاجی حەمە فرەج و ئەنوەری برای) بانگەوازێك کە بە دەنگی خانم هاوسەری حمەی حاجی عارف لەسەر کاسێت تۆمارکرابوو لە بڵندگۆی یەکێك لە مزگەوتەکانەوە بلاودەکەنەوە کە دوبارە داوا لە خەڵك دەکەن لە سبەینێوە بۆماوەی ٣ رۆژ مانگرتنی گشتیەو هاتوچۆ رابگیرێو دوکانو بازار نەکرێتەوە.

بۆبەیانی زوو ئێمە گروپێکی گەنج لە مەیدانی سەرەکی شارۆچکەکە چەندین تایەمان داناو ئاگرمان تێبەردان. ئەوەبوو رۆژی ٧/٢٠ مانگرتنی گشتی

دەستی پێکردو دوکانو بازار داخران و خەڵك لە ماڵەوە مانەوە. ئەو کەسانەی کە لەسەر شەقامەکان دەبنیران ئێمە گەنجانێك بووین کە سەرپەرشتی کارەکانمان دەکرد لەگەڵ ئەو سەربازانەی کە هێنرابوون بۆ ناو شارو بەناو بازاردا بلاوکرابونەوە.

دیمەنێك کە ئێستاش لەبەرچاوم ماوەتەوە دوای نزیکەی ٣٨ ساڵ، ئەوەبوو کە ئێمە لە گەڵ کۆمەڵێك سەربازدا کە لە پەنا دیواری دوکانێکدا لە مەیدانی سەرەکی شارۆچکەکەدا وەستابوون بۆ جیبەجێکردنی فەرمانی سەرکردە سەربازیەکانیان، بە عەرەبیەکی شەقوشڕ قسەوباسمان دەکردو هانمان دەدان دژی خەڵك نەوەستنەوەو باسی بەرهەقی نارەزایەتیو تورەیی خەڵکمان بۆدەکردن، لەوکاتەدا کۆمەڵێك منداڵ بەردیان بۆ دەهاویشتن. سەربازەکان کە ناچارکرابوون بێنە ئەوێو رەنگە قسەکانی ئێمەش کاری لێکردبن، داوایان لێکردین کە تکا لەمناڵەکان بکەین کە بەردیان تێ نەگرن. وتیان پێیان بڵێن ئێمەش وەکو ئێوە مرۆڤین بۆچی بەردمان تێدەگرن! ئێمەش بە مناڵەکانمان ووت: ئەم سەربازانە دەڵێن ئێمە نەهاتوین تەقە لەئێوە بکەینو دژی ئەو تاوانەشین کە رەویداوە. بەوجۆرە منالەکان دوور کەوتنەوە.

بۆ شەوی دواتر هاورێیانی ئێمە لە سلێمانی چەندین دروشمیان لەسەر دیوار بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکەی پێنجوین نووسیو سەرباری بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە خوازیاری پشتیوانی خەڵکی شاربوون بۆ خەڵکی راپەڕیوی پێنجوین. رۆژانی ٢٠و ٢١ی ١٩٨٠/٧ بەردەوام لە گەرەکەکان کۆبونەوەی بچوكو گەورەمان لەگەڵ خەڵکدا ئەنجام دەدا. سەبارەت بەو روداوەکەو چۆنیەتی درێژەپێدانیو خواستو داواکاریەکانی خەڵك قسەمان دەکرد.

رۆژی ٧/٢١ وەفدێکی لە ریش سپیانی شارۆچکەکە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت کۆبونەوە بۆ چارەسەری کێشەکان. ئێمە ئەوکاتە خواستی دادگاییکردنی بکوژانی دەروێش مەجید، لابردنی عەقید ضاحی ئامر فەوجی پێنجوین کە بەبەرپرسی فەرمانی کوشتنی دەیان کەسی زەحمەتکێشمان

دەزانـــیو هەروەهـــا داوای لابردنـــی رەبایەکـــانو هەڵوەشـــاندنەوەی زەوی قەدەغەکراو(محرەمە)ی دەوری پێنجوینمـان دەکـرد. بەڵام کێشـەیەك کە هەبوو ئەوەبوو کە ئێمە رێکخەرانو رابەرانی خۆپیشاندانەکان هیـچ جێگایەکمان لەو نوێنەرایەتیەدا نەبـوو. ئەو کەسانەی وەکو نـوێنەری خەڵك لەگەڵ بەرپرسانی رژێمدا کۆبوبونەوە نەیانتوانیبوو کە خواستەکانی خەڵك بگەیەنو بە ئاکامێکی ئەوتۆ بگەن، بۆیە لەراستیدا کۆبـونەوەکە بەهیـچ ئاکامێك نەگەیشتو شکستی خوارد.

دوای ئەوە مدیری ئەمـن کەوتە هەڕەشـەکردن لەخەڵكو لەرێگای بڵنـدگۆی تـایبەتەوەو بەهاوکـاری موختـار بـانگەوازی خەڵکیـان کـرد کە دوکانەکانیـان بـکەنەوە، دەنـا بەپـێچەوانەوە قوفڵەکانیـان دەشـکێننو دەیـان کەنەوە بـۆئەوەی تالان بکرێن، بەلام هەڕەشـەکەیان کـاریگەریەکی ئەوتـۆی نەبـوو لەسـەر خەڵك. ئەوەی کە بەداخەوە سـەرجەم بـارودۆخەکەی قلێکـردەوە، سـەرباری ئەوەی کە رژێم خۆی لەژێر باری فشاری خەڵکدا دەبینی، ئەوەبوو کە شەوی ٢٣ لەسـەر ٢٤ ی ٧، مەفرەزەیەکی یەکێتی هاتنە ناو پێنجوینەوەو پەلاماری ئەو سـەربازانەیان دا کە لە مەیـــدانی ســـەرەکی شـــارۆچکەکەدا بـــوون. یەکێتـــی نیشـــتمانی کە نەخشـێکی ئەوتـۆی نەبـوو لەرابەریو ئاراسـتەکردنی بـزوتنەوەکەداو رابەری بزوتنەوەکە بەتەواوەتـی لەدەسـتی هاورێـیانی ئـێمەدا بـوو، بە نەخشـەوە کـاری کـرد بـۆ گـۆڕینی ئاراسـتەی بـارودۆخەکەو میلیتـاریزەکردنی. ئەوەبـوو شـەڕ تـا بەرەبەیـانی خایانـدو ژمـارەیەك سـەرباز کـوژران. بەڵام لە هەمـوو رەبایەکـانی دەروبەری پێنجـــوینەوە کە هەمـــووی بەســـەر تەپـــۆڵکەو گردەکـــانی دەوری پێنجوینەوە دانرابـوون و بەتەواوی بەسـەر ماڵەکانـدا زاڵبـوون، بە دۆشـکە تەقە لە ماڵەکانو لەناو شاردا دەکـرا. مەفـرەزەکەی یەکێتـی خۆیـان دەربـازکرد، بەڵام لە دەوروبەری کـاتژمێر ٩ی بەیـانی هەلیکـۆپتەری سـوپا هـاتە سـەر پێنجوینو قەدەغەی هاتوچۆی(منع التجول)ی راگەیانـد. پاشـان لەمـاوەی چەنـد خولەکێکدا ناو شەقامو کۆڵانەکان پڕبوون لە سەربازو ئەمنو کەوتنە پشکنینی ماڵەکان.

یەکێك لەو کەسانەو لەو خێزانانەی کە خەتەری گرتنو راپێچ کردنمان هەبوو، ئێمەبووین، بێجگە لە دەورو نەخشی خۆمو هاورێکانم لە خرۆشانو مانگرتنەکەدا، مستەفای براشم یەکێك بوو لە ئەندامانی مەفرەزەکەی یەکێتی کە هاتبونە ناو پێنجوینەوە. ئەوەبوو من ئەو شەوە لەماڵی خۆمان نەبوومو هەرئەوە پاراستمی لەوەی کە نەکەومە دەست دەزگا ئەمنیەکانی بەعس. بەڵام سەرجەم رژێم نزیکەی١٥ کەسیان گرتبوو کە هەندێکیان هەڵسوراوانی خۆپیشاندانەکانو کەسانێکیشیان کەسوکاری پێشمەرگەبوون. هەندێك لە گیراوەکان دوای نزیکەی ١٨ رۆژ ئەشکەنجەو لێدان ئازاد کران، بەلام بەشێکی دیکەیان هێڵرانەوە کە باوکمو برایەکی من لەناو گیراوەکاندا بوونو دوای کوژرانی مستەفای برام لە ١٩/١٠/١٩٨٠دا ئازادکران.

بەمجۆرە ئەو تەجروبە گەورەیەی خەڵك و ئێمەش وەکو هەڵسوراوانێکی چەپو مارکسیست بەپلەی یەکەم بەهۆی ئەو کارە سەربازیە نا مەسئولانەیەی یەکێتی نیشتمانیەوەو لە پلەی دووەمدا بەهۆی لێنەزانی خۆشمانەوە شکستی خوارد. هاتنی مەفرەزەی چەکداری یەکێتی بۆ ناو شارۆچکەیەك کە چواردەوری بە رەبایە گیراوەو لە ململانێیەکی سیاسی دەستەویەخەدایە لەگەڵ رژێمێکی هارودرندەی وەکو بەعسدا، مانایەكو ئاکامێکی تری نابێ بێجگە لە قوربانیکردنی ئەو بزوتنەوە جەماوەریە بۆ خاتری بەرژەوەندی سیاسی قازانجپەرستانەو کورتبینانەی خۆی کە نە بڕوای بە خەباتی سیاسی جەماوەری هەبوو، نە توانای بەرێخستنو رابەریکردنی بزوتنەوەیەکی لەوچەشنەشی هەبوو! بەوجۆرە زەربەیەکی کوشندەی لە بزوتنەوە جەماوەریەکەدا بەوەی بیانوی دایە دەست رژێمی درندەی بەعس تا خۆپیشاندانەکان وەکو پیلانی ئەوان لەقەلەم بداتو سەرکوتی بکات. لەلایەکی دیکەشەوە لێنەزانی خۆمان لەوەی کە سەرجەم لایەنەکانی روادوەکە، هەر لە هاندانو سازدانو خستنەروی خواستەکانی خۆپیشاندەرانەوە تا نوێنەرایەتیکردنیان لەگەڵ رژێمدا رابەری بکەین، کەسانێکی دیکەی کردە نوێنەر کە نەیانتوانی نوێنەرایەتی خەڵکی خرۆشاوو تورە بکەنو سەرەنجام بە

دەسکەوتێکەوە بۆ خەڵك نەهاتنەدەرەوە، کە کارە سەربازیەکەی یەکێتی بخاتە دەرەوەی ئەو کردەوە سیاسیەی خەڵکەوەو بیانوش نەگوێتە دەست رژێم بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەرانو خەڵك!

# ڕاپەرینەکەی ١٩٨٠/٧/١٩

## نوسین: تۆفیق سعید (تۆفیقی سەعا ڕەش)



سەرلەبەیانی ١٩٨٠/٧/١٧ پێشمەرگەیەکی دەستەکەی (جمال جلال کریم) بەرپرسی ناوچەی پێنجوێنی یەکێتی لەگوندی بایەوە بەکارێکی پێشمەرگانە بەرەو دەشتی مەسۆ کێلو دەچێت لە نزیك گوندی ئاڵیاوا لە سەر بناوانی (عثمانی حاجی علی) بەریکەوت توشی ئەفسەرێك و دوو سەربازی ڕژێمی کورد کوژ بوو. لێیان هاتە دەست و هەر سێانی کوشت. دێوانە مجید شوانی گاگەلی پێنجوێن بوو منالێکی خزمی خۆی لەگەڵی بوو کە پێی دەوترا دوا شوان ئەویش (شێخ طە شێخ بەها) تەمەن درێژ بێت. هەموو نیوەڕۆیەك گاگەلەکەی ئەهێنایە سەر چەمی گەورەی گۆمەکەی (عەزە خنکاو) مۆڵی ئەدان. لە دوانیوەڕۆدا مەفرەزەیەکی مغاویرە پیاو کوژەکانی (عقید ضاحی) مەیتی سەربازە کوژراوەکان دەبەنەوە لەوەناوەدا ئەگەڕێن بۆ بکوژەکانیان بەڵام کەسیان دەست ناکەوێت. دێوانە مەجیدی شوانی گاگەلەکە ئەگرن و بە ئەشکەنجەو لێدان دەیبەنە مقەری فەوج لە بوبان لەوێ شەهیدی ئەکەن و هەر بە زیندوی چەند بەشێك لە جەستەی ئەبڕن و ئێوارە مەیتەکەی ئەبەنەوە بۆ هەمان شوێنی و فڕێی ئەدەن ئێشتا زوو بوو گاگەل تاك و تەرا هاتنەوە ناوشار. ئیتر شایعە بوو کە دێوانە نەگەڕایەوەو بێسەرو شوێنە(طە) بە خەڵکەکەی وت چۆن گیراوە ئازار دراوە بەیانیەکەی خەڵکی شار خرۆشان و کۆبوونەوەو کەوتنە تەکبیری هێنانەوەی تەرمەکەی لەو کاتە (شریف سعید / شریف کەچەڵ) فەرماندەی مفرەزەی جاش بوو سەیارەیەکی جێبی کورتی پێ بوو چوو بۆ چەمی گەورە لای ئاڵیاوا جەنازەکەیان هێنایەوە ناو شار هێنایانە مزگەوتی حاجی ڕەسوڵ. هەر شەوەکەی خەڵکی شار لە دەوری جەنازەکەی دێوانە کۆبوونەوە نەخشەی دروست بوونی خۆپشاندانی سەرتاسەری شاریان ڕاگەیاند. لە موکەبەرەی مزگەوتەکانەوە دەنگی نارەزای بەرز بووەوە. لەو شەوەدا هەریەك لە (کاکە حمەی حاجی عارف و خانم خانی) خێزانی بەدەنگی خۆیان وتاری زۆر حەماسی و وروژێنیان بە تەسجیل تۆمار کرد وەلە

موکەبەرەی مزگەوتەکانەوە بڵاو کرایەوەو زەنگی نارەزایی درا بە گوێی هەموو خەڵکـــی شـــاردا لە ڕۆژی ٧/١٨ شـــەریف کەچەڵ بە جێبێکـــی کـــورت و تراکتۆرێکیشیان برد بۆ شوێنی شەهید بوونی دێوانە ئەم کەسانە لە تراکتۆرو جێبەکەدا بوون (شێخ طه ی شێخ بەها – حبیب برای دێوانە – کاك صالح تاریك – فەتاح بەگ – یەك چەکداریش لەگەڵ شریف بوو)

**شێخ تەها ئاوای گێڕایەوە : -**

لەڕۆژی ٧/١٧ من و دێوانەیان گرت بەڵام یەکێکیان دوو زلەی لێدام و پاڵی پێوەنام وتی بڕۆ – منیش دوور کەوتمەوەو لە جۆگەیەکدا خۆم دا بە زەوی یا سەربازەکان دێوانەیان بەرەو لای ڕەبایەی مەسۆیان بردوو لەو کاتەدا گاگەلەکە بڵاوەی کردبوو زۆر هاتبوونە ناو باخی بەستەنەکەی حسن ئاوا من چووم بیان هێنمەوە (مام ڕشید نصراللە)ی هی حسن ئاوا لە باخەکەدا حەرەس بوو یارمەتی دام و گاگەلەکەمان دایە بەرو هێشتا زوو بوو هاتینەوە بۆ ناو شار

هەر لەو شوێنەی کەڕۆژی پێشتر تیایدا دەستگیر کرا جەنازەکەی تور درابوو خۆڵ و خوێنی تێکەڵ بوو. زۆربەی لاشەکەی شەوێنرابوو هێنرایە مزگەوتی حاجی ڕەسول – دەستیان کرد بە شۆرد ن وکفن کردنی جمال ڕشیدی هەلاج دەی شۆری – حمە رؤوفی باجی مریەم و کەسێکی تر ئاویان بەدەستیان کردوو شۆردیان و کفنیان کردوو. نوێژی مردویان کرد بەرە بەرە تابێ خەڵك زیاتر کۆ دەبوەوە. ئیتر خەڵکەکە جەنازەکەیان خستە سەر شان و بەناو بازاردا ئەگەڕان چەند کەسێك لە پاش و پێشی جەنازەکەوە وتافیان ئەدا بەدەنگی بەرز ئەیان قیران لەوانە کەمن بینیم (مەلا برایم – شێخ حمە زاهیر – حمەڕؤوف باجی مریم – عمری حمەفرجی خەلیفە – محمدی حاجی عارفی دارەبەن) و زۆری تر. لە پێش و پاش جەنازەکەوە کۆمەڵێك لاوی مێرد منداڵ زۆر گورج و گۆڵ بەناو شاردا دەگەڕتان داوایان دەکرد دووکانەکان دابخرێ و هەموو خەڵك بێنە پێش جەنازەکەوە

ئالەو کاتەدا من لەگەڵ جەنازەکەدا بوم لەگەڵ علی جوڵا (محمد رحیم حسن) کەفەرمانبەری زەراعە بوو بەرپرسی هێڵێکی ڕێکخستنی کۆمەڵە بوو بە منی ووت هەرچی زووە بچۆرەوە بۆ بەنگەڵەو جادەکان بگرن و تایە بسوتێنن لاوەکان هان بدەن.

لەگەڵ بڵاو کردنەوەی کاسیەتەکاندا چەند گەنجێکی لە خۆ بردوو هاتنە بەنگەڵەو بەناو شاردا جاڕی خۆپشاندانیاندا لەو گەنجانە حامد زازا – حمە ڕۆوفی باجی مریم – جمالی ڕەشە هەلاج و زۆری تر بەناو شاردا هاتنە خوارەوە بۆ بەنگەڵە پەیامی خۆپشاندانیان گەیاند.

منیش هەر ئەو کاتە هاتمەوە بەنگەڵەو لەو کاتە چەند لاو خوێنکار کە بەردیان بەدەستەوە بوو هاتنە خوارەوە بۆ بەنگەڵە و بەهەموو دووکاندارەکانیان ووت ئەگەر دووکان دانەخەن جام و جامخانەکان ئەشکێنین. ئیتر لە بەنگەڵەش دووکان و بازاڕ داخرا جەنازەکەش بەناو شاردا ئەگەڕاو خەڵکی شار زۆربەی بەشدار بوو بەرەو مەرکەز و خەستەخانەکە هاتن.

منیش لە بەنگەڵە لەگەڵ (عبدول حاجی مجید. رحیم کریم نەسە، عمری دەروێش عبداللە) کەوتینە بانگ کردنی گەنجەکان و من چوومە ناوگەنجەکان و ئەوانەی لەبیرم بوو ئەمانە بوو (کریمی مامە خولە – کمال محمود ڕشید – بکری حاجی مجید – صدیق و تایەری سۆفی صاڵح – سەرداری علی ماتۆڕ – کریمی حاجی رحمانی ئاڵیاوا – عثمانی علی ئاڵیاوا – عمری کریم نەسە – عثمانی سعید پیرێژن – لتیفی قادر خەلیفە – عبداللەی علی حاجی سعیدی حسن ئاوا و چەند لاوێکی تر) لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ڕێژەیەکی زۆر بەردی خانویان هێنایە سەر جادە لەبەردەمی دووکانی عزیزی سعید تاژان و دوکانی حسن هەولێری ئەوەندەیان بەرد دانا کە بەتەواوی ڕێگەیان گرت چەند تایەی سەیارەیان سوتاند و ڕێگە لە سەیارە گیرا.

لەبەری هەرمێ گز گزەو لای بەیتەرەکە کە لە چەند لایەکەوە ڕێگەکەیان گرت و هەمان کۆمەڵە کوڕ بەردوو تایەیان دانا. ئالەو کاتەدا ئامر لیوا بەچەند سەیارەیەکەوە بەرەو ناو شار هاتن بەلام لە ڕێگە گیراوەکەدا ڕێگە نەبوو بۆیە ئامر لیواو سەربازەکان دابەزین بەڵام لەبەرزایی سەربان و مزگەوتی بەنگەڵەوە چاخانەکەی عمری دەروێش عبداللەوە بەبەردەقانی و دەست هاویشتن بەرد بارانیان کردن و ئامر لیواکە دابەزی و پێنج تا شەش فیشەکی دەمانچەی تەقاند و چەند سەربازێك بەرەوە خەڵکەکە هاتن ئالەو کاتەدا بۆ مێژوو دەڵێم عبداللەی حاجی مجید بەرەوە سەربازەکان چوون لەنزیك چەند مێزێکەوە بەردی لەسەربازەکان ئەدا ئەوانەی بەردیان ئەهاویشت بۆ سەربازەکان ئەوەی من بینیم و لەوێ بوون ئەمانە بوون : (عبدولی حاجی مجید – جلال فقی محمود بیستانی – احمد پیرە شلیری – علی حاجی سعید حسن ئاوا – حسن سعید گۆخلانی – بکر حمە حاجی کۆخلانی – سابیر بیستانی – تۆفیق احمد شاخە – علی جۆلا – رحیم کریم نەسە – لتیفی قادری خەلیفەی ئالیاوا – عثمان و محمودی سعید پیرێژن – عبداللەی علی حاجی سعید حسن ئاوا – عمری خەلیفە – عزیز حسن ئاوا – بکری حاجی مجید - توران علی ماتۆڕ چەند گەنجێکی تر) بەیەکجار بەردبارانی سەربازەکانیان کردو بە ناچاری ئامر لیواو عەسکەرەکان گەرانەوە بەرەو ئیستیخباراتەکە لەسەر پردی حاجی کوێخا، ئامر لیواو قواتەکە ویستی لەبەری ئەلیاسەفرەوە بڕوات بەڵام لەوێش ڕێگاکە گیرابوو بەناچاری گەڕانەوە ئیتر خۆپیشاندەران خۆیان بەسەر کەوتوو ئەزانی وورەیان بەرز بووەوە بە ئاشکرا دروشمی زۆر توند بە دژی ڕژێم ئەوترا، لە خوارەوەش لە ئۆردووگاکە لە چەند لایەکەوە بەردوو داریان هێنایە سەر جادە ڕێگەکانیان گرت و زۆرێك لە کوڕان و پیاوانی ئۆردووگاکە بەرەو ناوشار هاتن و هوتافیان دژی ڕژێم و پشتگیری لە خۆپیشاندەرانیان ئەوت لەوانە (عمر جمیل – شێخ برایمی سەرنەوان – عثمان خەلیفە صالح) زۆری تر

لەسەرەوە جەنازەکە برایە بەردەم سەراو پۆلیس بەردەمیان گرت قائیمقام ناوی (فوضی احمد) بوو عەرەب بوو لەوێدا پێک هەڵپژان هەبوو خوشکە گەلاوێژ و چەندی تر قسەی توندیان کرد،

لەو چەند ڕۆژەدا حکومەت بەشەودا هێزی زۆری ئەنارده ناوشار بەڵام خۆپیشاندان هەر بەردوام بوو حکومەت داوای کرد لە ٧/٢١ دا دەبێت دووکانەکان بکەنەوە ئەگەر نا هەموو دووکانەکان ئەشکێنین، وابوو چەند دووکانێکیان شکاند یەکێک لە سیخوڕەکان کامێرای پێ بوو وێنەی لاوە خۆپیشانەکانیان ئەگرت ئەویش (مؤید رجب)بوو بەڵام کامێراکەیان شکاند وابزانم (عمری حمەکریم و صدیقی حسن موسا بوو) لێ یان دا مولازم ئەکرەم کە زابت ئیستیخبارات بوو لەگەڵ قائیمقام قسەیان بۆ خەڵک کرد بەڵام بەردباران کران

ڕۆژی ٧/٢٣ زۆری قوفڵی دووکانەکانیان شکاند هەندێ دزی و تالانیش کرا

شەوانی ٢١ و ٧/٢٢ ڕێکخستنی کۆمەڵە هەستان بە بڵاو کردنەوەی نوسراوو بەیانات نوسینی سەر دیوار کەلە تەبەقی ئیشاعە هەڵکەنرابوون بە بۆیاخی پەمپ ئەماندا لە دیوارەکان و بۆیاخەکانمان لێ ئەدا زۆر بەجوانی دەر ئەچوو

بەنگەلەکان ئاوا دابەش بووبوون، سەر جادەکە بەری حەمامی حاجی صاڵح (کاک عبداللەی زەراعە) بڵاوی کردەوەو چونکە کاک عبدالله بەرپرسی ڕێکخستنی کۆمەڵە بوو لەبەشی خوارەوەی پێنجوێن، لە چاخانەی عمری دەروێش عبدالله تا ئینحیصارەکە من (تۆفیقی حاجی سعید) هەستام بەبڵاو کردنەوەی نوسراوەکان و نوسنینی سەردیواررەکان. لە کانی مینا و باخی حمە فرج سەرجادەی قوڕەڕەشە ئەوانەی هەستان بەنوسینو بڵاو کردنەوە (حسن سعید سایەق زەراعە و بکری محمد حاجی) بوو تا مزگەوتی حاجی رشید — هەرلەمزگەوتەوە تا سەر چەم و پوشە کورتان کاک (عادلی فقی عارف — حمە کوڕە — علی مام کریم نەسە) هەستان بە بڵاو کردنەوەو نوسینی سەر دیوار تا

ئێره من سەرپەرشتیم ئەکردن و نوسراوو دروشم و ایشاعەو کەتیرەم بۆ دابین کردن.

لەم لاشـەوە پێشـمەرگە قارەمانەکـانی پێنجـوێن لەو کـاتەدا لە دەورو بەری پێنجوێن نەبـوون چونکه دێهات نەمابوو هەمـوو دەوروبەری پێنجـوێن (زەوی قەدەغە بوو واتا لارض محرمە) لەو کاتەدا لە گونـدەکانی ڕەزڵەو دۆسـەدەرەقو لەگیسکان بوون بۆیە کوڕە ئازاکـانی یەکێتـی و پێنجوێن کەوتـنە خـۆو هەریەك لەکەرتەکانی (مامۆستا شاهۆ هەڵەبجەی – فریدوون حمەصاڵح – جمال محمد خـواکرم) بەژمـارەیەکی زۆر پێشـمەرگەوە بە پـێ لەتەڕاتەوەن و یاسـا مـاڵەوە بەرەو چەمـی بـوزان هـاتنە ئاسـناوە، لەریـگەی ئاسـناوە توشـی تەقەکـردن بـوون پێشمەرگە (سالارعبدالله چەرمە) بەسوکی برینـدا بوو ئیتـر هێـزەکە لە شـەو٢٤- ٢٥/ ٧ هەر ئێـوارەکەی ڕژانە نـاو شـار و هەمـوو شـوێنە هەسـتیارەکانیان گـرت و دامەزران کە کە وەکـو هەمـوو جـارانی تـر هێـزە مغـاویرەکەی ڕژێـم کە زۆر پۆشـتە بـوو لە چەك و تەقەمەنـی دا بە چەنـد سـەیارەیەکی سـەربازی لەدوای بانگی خەوتن هاتن بەرەو ناوشار بەلام کوڕانی پێشمەرگەو کـارامە لێیـان گەران تـا بەتەواوی کەوتـنە نـاوەوە لەیەك کاتـدا و لە هەمـوو لایەکەوە دەسـترپێژیان لێکردن دایاننە بەر ئاربیجی و نارنجووك و ڕەشاش و کلاشینکۆف بە شـێوەیەك کە وەکو ئاسـمان بڕوخـێ وا بـوو – هـاواری سـەربازوو تەقەی فیشـەك و نـاڵەی ئاربیجی و نەعرەتەی پێشمەرگە و تەپوتۆز و بەردوو دار تێکەڵ بـوو (قیـامەتی دروست کردبوو) زۆری پێنەچوو بەشی هەرە زۆر مغاویرەکان کوژران و چەك و مەیت و سەیارە کەوتە ژێر دەستی پێشمەرگە.

لەو نەبەردیە مێـژووی یەدا کەتـا او کـاتە شـەڕی وا قـورس نەکـرا بـوو دەوترێ (١١١) کەس لە پیاوانی مغاویری کورد کوژەکانی عقید ضاحی کوژران.

پێشمەرگە بەسـەلامەتی کشانەوەو چەنـد جاشێکیشیان لەگەڵ خۆیـان بـردە دەرەوە، یەك پێشمەرگە بریندار بوو ئەویش (عبدالله محمود شریف) بوو.

بەیانی ڕۆژی ٧/٢٥ چوار فرۆکەو یەك هەلیکۆپتەر بەسەر شاردا گەڕاو بەزمانی کوردی بانگەوازی کرد (کەس نەیەتە دەرەوە لە ماڵە کانتان مەنعەتە جەولە هەر کەس ببینرێت دەکوژرێت) ئیتر فڕۆکەکان لەسەر بەرزییەکان سەربازی دابەزاند و چوار دەوری شار گیرا کەوتنە گەڕان و پشکنین بە شوێن پێشمەرگەکاندا بەڵام ئەوان لەشار دەرچوو بوون.

هەر بەیانیەکەی زوو حکومەت بە چەند تەنکرە ئاوەوە هاتە شوێنی شەرەکە کە بەزۆری لە نقلیاتەکەوە تا مەیدانی سەرەوە بوو هەموو مەیتەکانیان کۆ کردەوە کە ژمارەیان (١١١) کوژراو بووە، بریندارەکان هەر شەوەکەی ئەوەی دەر چووبوون چونە مەرکەزەکەوە، هەموو بازاروو شوێنی شەرەکەیان پاککردەوەو شوردیان.

لەو ئاگر بارانەدا ١٠ بۆ ١٣ دووکان سوتان.

دوای گەڕانەوەو پشکنین چەند کەسێك گیران و ئێوارەکەی ئازاد کران هەر یەك لە (مامۆستا کمال میرزا ڕشید و محمد حاجی عارف) چوونە دەرەوە زۆرێکیش کەناریان گرتبوو نەئەهاتنە دەرەوە ڕۆژانی دواتر چەند کەسێك گیران لەوانە (ئەنوەری حمە فرج – محمد عبدالله موسا – جمال حمە بچوکۆل و چەند کەسێکی تر، ئیتر زۆری نەخایاند لە (١٩٨٠/٩/١٢) سەرەتای شەری ئیران عیراق دەرکەوت بەم جۆرە ڕوداوی شەهید کردنی دێوانە مجیدو داستانە گەورەکەی پێنجوێن کۆتای هات.

# دیدار لەگەڵ تۆفیق حمە کریم نادر

# ناسراو بە (تۆفە ڕەش)



**پرسیار/** جەنابت تۆفیق حمەکریم نادر ناسراو بە تۆفە ڕەش یەکێک بوویت لە کەسە دیارەکانی خۆپیشاندانەکەی ١٩/٧/١٩٨٠ی پێنجوێن پێمان خۆشە بە ووردی چۆنیەتی دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکەمان بۆ باس بکەیت؟

**وەڵام/** من سایەقی دائیرەی معادن بووم کرێکارەکانم هێنایەوە کە کرێکارم دەبرد و دەهێنایەوە بۆ کانە بەردەکان هەر کە گەیشتمە ماڵەوە کاک علی حاجی احمد مجید هەیە منداڵ بوو هێشتا بە تەمەن بە باڵا گەورە دیاربوو هات بۆ ماڵۆ بە شوێنما ووتی برادەران لە مزگەوتی حاجی رسوڵن دێوانە مجید شەهید بووە و لەوێیە دەمانەوێت بە خۆپیشاندان بەناو پێنجوێندا بیبەین بۆ سەر قەبران.

ئیتر منیش سێ و دووم لێ نەکرد تەبعەن برادەرانی کۆمەڵە و کۆمەنیستەکان لەوێ بوون هەرچەند باش بیرم نەماوە ئەوەی کە لەبیرم ماوە کاک محمودی مەلا صالح کاک احمدی مەلا صالح کاک احمد دەروێشی حمە ڕەش کۆمەڵە بوون و خۆم سەرۆک شانەیان بووم، کۆمەنیستەکان کاک جمالی ڕەشە کاکی کاک محمدی حاجی عارف دارەبەنی کاک محمدی عەبەی موسا کە چووم وابزانم هەمووی نەدەچوونە ١٥ کەس هەر ئەوەندە دەبووین. دوای ئەوەی کە شۆراو کفنمان کرد ئیتر کاک عزەتم و ئەوانی تر کە ئەوان لە ژێر تەرمەکەدا بوون بەرەو ناو بازاڕ بردمان، حەزدەکەم ئەوە باش بزانن گەلاوێژ خان لەگەڵ کچەکانی حاجی عمرو ڕەشە حاجیلە کە پێنج شەش کچی هەبوو ئەوانیش هاتن، کاک جمالی ڕەشە هەلاج ، عزەتی ڕەشە حاجیلە زۆر چالاک بوون دواتر عبداللەی وەستا احمد هات بە ڕەحمەت بێ ، ئیتر بووین بە کۆمەڵێکی وا کە خەڵک نەترسێت کە ئێمە تۆزێک دیار بووین ئەو کاتانە ئیتر چووینە ناو بازاڕ خەڵکەکەمان ئاگادار کرد کە دەبێت هەمووی دوکانەکانیان

دابخەن، دواتر من پێشنیارم کرد کە تەرمەکەی دەبەین لە جوولەکانەوە بە گەڕەکی گۆیژەدا ئەیهێنینەوە خەڵکێکی زۆر لەگەڵماندا هات ئیتر ئەوەمان کردو گەینە بەردەم مەرکەزەکە ئەمن و استخبارات لەناو مەرکەزەکەدا بوون.

**پرسیار/** ببوورە ئێوە وەك ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران پێشتر کۆبوونەوەتان کردبوو بەرنامەتان دانابوو کە ئەم چالاکیە وەها بکەن یان شتەکە بەهۆی شەهید کردنی دێوان مجید و شێواندنی تەرمەکەیەوە دروست بوو لە لاتان؟

**وەڵام/** من حەزدەکەم ڕاستیتان پێ بڵێم شتەکە کتوپڕ بوو هیچ کۆبوونەوەیەك نەکرابوو ئەگەر خەڵکانێك بڵێن کۆبوونەوەمان کردووە ئەوە زیادەڕەوییە و ڕاست نیە جا کە گەیشتینە بەر مەرکەزەکە ئەمن و ئیستخبارات هاتن بۆمان بەڕاستی خەڵکەکە زۆر ترسا من جوان لە بیرمە من و کاك علی حاجی سعید سورە سەیرمان کرد بەس تەرمەکە مابووەوە من و ئەو، بەس گەلاوێژ خان و کچەکان بە دار و بەرد و نەعل کەوتنە سەر و گوێلاکی ئەمن و ئستخباراتەکان گەڕاندنیانەوە و نەیانهێشت ئیتر منیش تۆزێك دەنگە دەنگم کرد لەگەڵ خەڵکەکەدا باش بوو هاتنەوە ئیتر بردمانە سەر قەبران هێزێکی زۆری لێ بوو کە ئەو کاتە (عقید ضاحی) بەرپرسیان بوو کە پیاوێکی بەعسی خراپ بوو، بەڵام بە قارەمانێتی کچەکان و گەلاوێژ خان توانیان بەرامبەر هێزەکە ڕابووەستن و نەعلەکانیان بەرامبەر هێزەکە بەرز کردبۆوە ئیتر ئێمەش خەریکی ناشتنی شەهید (دیوانە مجید) بووین.

**پرسیار/** لەسەر قەبران هیچ بەریەك کەوتنی خەڵکەکەو هێزەکەی ڕژێمی بەعس هەبوو؟

**وەڵام/** نالێم ویستیان بێن بمان گرن بەڵام بە ئازایەتی ژنە ئازاکان کە بەدەم دروشم وتنەوە وە نەیانهێشت بێن بۆمان.

**پرسیار/** هیچ بەر پرسێك قایمقام یان بەرپرسی ئەمن و ئیستخبارات هات بۆ سەرقەبران لەگەڵ ئێوەدا قسە بکات؟

**وەڵام/** ئەوەی کە من بە بیرم بێت قایمقامی ئەو کاتە (فەوزی احمد سلیم)بوو بیرم نیە کەلەوێ بووبن ، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئەو ژنە قارەمانو منداڵانەی مەکتەب کە ئەڵقەیەکی پاراستنیان دروست کردبوو ، لە ڕاستیشدا هێزەکە شەرمیان لێ دەکردن ئەگینا زەحمەت دەبوو بۆ ئێمە.

**پرسیار/** کە تەرمەکەتان ناشت دوای ئەوە چیتان کردوو چوون بۆ کوێ؟

**وەڵام/** ئیتر سێ ڕۆژ پرسە ڕاگەیەنراو بۆ شەوەکەی کۆبونەوە کرا ئێمە وەك کۆمەڵەو کۆمەنیستەکان کە لەبەر کێو کۆبونەوەکان دەکرا ، کاك عمر حاجی حمە فەرەج و علی برای دەوریان هەبوو و ئیتر شەوەکەی کۆبوونەوەمان کرد لەبەردەم مزگەوتی حاجی فتح الله کە خەڵکێکی زۆر بووین کە زۆربەمان کۆمەڵە بوین و کۆمەنیستەکانیشمان لەگەڵدابوو هەتا من باسی ئەوەم کرد کە ئەمە بانەکرێت بە ماڵ بەسەر حیزبێکەوە چونکە ئەمە کارێکە دژی حزبی بەعسە و ئێمەش هەمووومان دژی حزبی بەعسین بانە بەناوی کۆمەڵەوە بێت نەبەناوی کۆمەنیستەوە بێت ئیتر لە کۆبوونەوەکەدا بڕیارماندا بابەیانی هەموومان بڕژێینە سەر جادە و دوکانەکان و بازاڕ داخرێت و مانگرتن دەست پێ بکات ئیتر بەیانی ئەم بەرنامەیەمان جێ بەجێ کرد. لەبەرکێو دەوە دەستمان کرد بە خۆپیشاندان بەرەو ناوبازاڕ (عقید ضاحی) لەگەڵ هێزێکی زۆردا هاتن بەرەو ڕوومان سەیارەیەکی دایرەی کارەبا هات کە شلە خەجێ یەك بوو هەڵمان گێراپەوە لەبەردەم مزگەوتی حاجی عبداللەی کنر و سەیارەکەمان سووتان نەمان دەهێشت هێزەکە لە مزگەوتی حاجی عبدالله بێتە سەرەوە بەڵام هێزەکە تەقەیان لێ نەکردین.

**پرسیار/** به بڕوای تۆ پێنجوێنیەکان پێشتر بەبۆنەی ئەوەی کۆمەڵێك گەنجیان لەبەستەنەکەدا لەلایەن (عقید ضاحی) ەیەوە شەهید کرا کە پیشەیان کاسبو کەسابەتیان لەگەڵ ئێراندا دەکد دڵ پڕ بووبن لە ڕژێم؟

**وەڵام/** بەڵێ زۆر دەوری هەبوو چونکە کە شتێك ڕوودەدات کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە کۆدەبێتەوە و لە پر دەتەقێتەوە پێنجوێنیش غەدری زۆر لی دەکرا ئەو کۆمەڵە کەنجەش کەسابەتیان دەکرد و ڕۆنیان دەهێنا لە ئێرانەوە و کەسێك وەکو کاکە صدیقی من بەنزینیان دەهێنا و دەیان برد بۆ پیشمەرگە و یارمەتی پێشمەرگەیان دەدا ڕژێم ئەمانەی دەکوشت چونکە ئەم کەسانە سەرەڕای کەسابەت تۆڕێکی پەیوەندی باش بوون بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بە پێشمەرگە.

**پرسیار/** ئەی ڕۆژانی دواتر بە دیاریکراوی ۱۹۸۰/۷/۲۲ چی ڕوویدا؟

**وەڵام/** لەڕاستیدا ئێمە بەردەوام بووین لە خۆپیشاندان و مانگرتن تەنانەت شەوانش بەردەوام بووین بەڵام ڕۆژی ۲۲ مانگ هەلیکۆپتەر هاتوو قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەنرا.

من ئەو ڕۆژە لە ماڵی کاك علی حاجی سعید سوورە بووم کە بەڕێزان کاك حاجی جمالی ڕەشە کاکی و کاك عمر ڕەشە حاجیلە کە کۆمەنیست بوو کە خۆی و خوشکەکانی دەوری باشیان هەبوو هەموویان هاتبوون بۆ ماڵی کاك علی حاجی سعید سورە کەمن لە خوارەوە بوو کە لە دوو ژووردا بوو.

عقید ضاحی و ملازم ئەکرەم کەمن بەبۆنەی دائیرەی معادنەوە دەبوابچومایەتە لیوا و ئیجازەمان بگرتایە بۆ تەقادنەوەی کانەبەردەکان بە (TNT) کە (TNT)ەکان دەبوایە لە ڕێگەی ئەوانەوە بوایە ز خۆیان کرد بە ماڵی ئێمەدا وتم تەواو تازە تەبعەن هیچ شەوێك لە ماڵی خۆمان نەدەنووستم ، جا ملازم ئەکرەم منی دەناسی خۆیشی کورد بوو چونکە من فەرمانبەر بووم و لەگەڵ مدیرەکەمدا دەچووم بۆ لیوا داوای هەویەیان لێکردم و یەك دوو

ناویان لێ پرسیم کە ناوی کاك عوسمان حاجی صالح فەرزالی و کاك عبدالله وەستا احمدی خەیات بوو هەر چەند من خەمی خۆم بوو موختاریشیان لەگەڵدا بوو کە حاجی نوری عزیزه فەنی بوو وتیان ئەبێت بێیت لەگەڵماندا ماڵمان پیشان بدەیت من ووتم ماڵ نازانم ووتیان دەبێت ماڵی چێشت لێنەرەکەی دایرەی معادنمان پیشان بدەیت چۆن نازانیت لە ڕاستیدا دەمزانی برادەرم بوو شەو و ڕۆژ بەیەکەوە بون بەهەر حاڵ بەزۆر بردمیان تا خوار ماڵی حاجی فتح الله بردمیان ئیتر دایکم بەرەحمەت بێت و کەوسەر دەگریان، لە ڕێگادا بە حاجی نوریم ووت خۆ تۆ لە من باشتر دەزانیت و شارەزایت و موختاری بۆچی من لەم کارەوە دەگلێنیت، ئیتر ملازم اکرم کە پیی وابوو من فەرمانبەرم و متمانەیان هەیە پیم وزیان لێ هینام.

**پرسیار/** ڕۆژی چوارەم کە شەوەکەی هێزی پێشمەرگە هاتە ناو شار ئەو ڕووداوە ی ئێوە چۆن بینرا کە خۆتان ئەندامی ڕێکخستن بوون؟

**وەڵام/** لە ڕاستیدا بەلای ئێمەوە هاتنێکی زۆر باش بوو، وە پشتگیریەکی گەورە بوو بۆ خۆپیشاندانەکە و لووت شکانێکی هێزەکانی ڕژێمی بەعس بوو چونکە گورزێکی باشیان وەشاندن و دەرسێکی باشیان دادان، ئیتر دوای ئەوە نەیان وێرا وەك پێویست شت بکەن بەرامبەریان چونکە زۆر ترسان و ترسیان هەبوو هیزی پێشمەرگە بێن و گورزی تریان لێبوەشێنێت.

**پرسیار/** وەك ئێوە بزانن ئەو هێزەی پیشمەرگە کە هاتن کێ بوون و چۆن دەستیان کرد بە چالاکیەکە؟

**وەڵام/** ئەوەی من بزانم ئەو کاتە خوالیخۆشبوو ،کاك جمالی حمه خواکرەم و مامۆستا شاهۆ و خوالیخۆشبوو کاك فەرەیدونی حمه صالح بوون ئەو شەوە من خۆم چووم بۆ ناو هێزی پێشمەرگە جگەرەم بۆ بردن و لای من وەك ئەوە وابوو کوردستان ڕزگار بوبێت ئەونە خۆش بوو بەلامانەوە. جا لە ماڵی ئێمەوە

دیـار بـوون کە لای حەمـامەکەی حـاجی فـتح الـلە دەیانویسـت بـپەڕنەوە بـۆ ڕەبایەکەی پشتی ماڵی حمە قاصیّ بە ڕەشاش تەقەیان دەکرد.

ئیتـر ئەو شـەوە تـا ڕۆژ بـویەوە شـەڕ بەردەوام بـوو کە هێـزی پێشـمەرگە سەیارەیان سووتادو زۆریان لە هێزەکانی ڕژێـم کوشت کە خـوێنێکی زۆر ڕژابـوو کە ناچاربوون ناوبازاڕەکە بە تەنکەری ئاو بشۆرن.

جاشتێکم بیر چوو با بۆ مێژوو بیلێم کە شەهید مەلا ابراهیم و کاك حمە زاهیر کە ئەو شەوەی لە ڕۆژەکەیدا دەروێش مجید شەهید کرابوو لە مزگەوتـی ناوبازاڕ (پاشا) ئاگاداریان بلاوکردەوە بۆ ئەوەی خەڵك برژێتە سەر جادە.

**پرسیار/** دوای خۆپشاندانەکە چەند کەس گیران؟

**وەلام/** ئەوەی من بـزانم کـاك عبـدالله وەسـتا احمـد ، حـاجی عزەتـی ڕەشـە حاجیلە و گەلاوێژ خان و نزیکەی (٢٠) کەس دەبـوون کە بە داخەوە ناوەکانیـان نایەتەوە یادم ،

کە خەلکەکە گیرا ئـێمە خۆپیشـاندانەکەمان بـرد بـۆ بەردەم مەرکەزەکە کە کاك عمری حمەی میرزا فتاح لای مەرکەزەکە قسەی وای پـێ دەوتـن دەترسـاین پارچە پارچەی بکەن وە زلەی دا لە یەکی لە ئەمنەکـانیش و دەمەوێت ئەوەش بلێم بەڕاسـتی گەر ڕۆلـی پیاومـاقولان نەبـوایە و داخستنی دوکانەکـان نەبـوایە کارەساتی گەورە بەسەر هاوولاتیاندا دەهات ، وە دائیرەی بدالەش دەوری باشیان هەبوو.

کە ئەوانیش کاك فاروق ڕەشید چالەو کـاك محمـد حـاجی قـادر کە پـۆلیس بوون و حەرەس بوون. هەروەها بەڕێـزان کـاك محمـود مەلا صالح و کـاك عمـر فقی صالح و کاك عمر حـاجی محمـد میـنە مەلیّ کە دەورێکـی گرنگیـان بینـی چونکە گویّ یـان لە پەیوەنـدیە تەلەفونیەکـان دەگـرت کە ئەمنەکـان بەیەکەوە

دەیان کردو بڕیاری گرتنی کەسێکیان دەدا ، ئەمانیش یەکسەر تەلەفونیان بۆ کەسە کەدەکرد و پێیان دەوت ماڵەوە بەجێ بهێڵێت بۆ ئەوەی نەگیرێت.

لە کۆتایدا هیوادارم هەموو ئەو کەسانە بەسەر بکەنەوە کە ڕۆڵی گرنگیان هەبووەو بە ئاگابوون لە ڕووداوەکە.

# دیدار لەگەڵ خانم قادر



**دیدار لەگەڵ خانم قادر خاوەنی دەنگی تۆمارکراوی ئاگاداری ڕاپەڕینی ١٩٨٠/٧/١٩**

**پرسیار/** دایەخانم تۆ وەك خێزانی کاك محمدی حاجی عارفی دارەبەن دەنگی ئەو تەسجیلەی کە داوا لەخەڵك دەکات بەردەوام بن لەخۆپیشاندان و ڕاپەڕین بەڕێزتان ئەمە چۆن کردتان؟ لەکوێ کردتان؟ کێ پێی وتی تۆ قسەبکە؟

**وەڵام/** من لەساڵی ١٩٧٦ەوە کە هاوسەرگیریم لەگەڵ محمد کردووە هەر خەریکی سیاسەت بووە زۆرجار هاوڕێکانی ئەهاتن لەماڵی ئێمە کۆ ئەبونەوە گفتوگۆیان دەکرد.جارجار منیشیان بانگ دەکرد بۆ بەشداریکردن لەگەڵیاندا لەدوای ناشتنی تەرمی دیوانە مجید وخۆ پیشاندان بەناو شارو ئەوکارەنەی کە ئەوانکردبویان هاتەوە بوماڵەوە وتی ئەمانەوێت دەنگی ئافرەتێك تۆمار بکەین زۆر پێویستمانە بۆ خوێندنەوەی ئاگادارییەك تۆ ئەو کارەمان بۆبکە منیش وتم بەسەرچاو چیم پێبکرێت دەیکەم.

**پرسیار/** نەترسای لەگیران و ڕاکردن یان کوشتن؟

**وەڵام/** نەخێر وتم مادام محمدی هاوسەرم لەناو کارەکەدایە با منیش تێیدا بم و هاوکاری بم جیاوازیمان نییە

**پرسیار/** ئاسایی بوو بەلاتەوە؟

**وەڵام/** بەڵێ زۆر ئاسایی بوو وە زۆریش پێم خۆش بوو وتم منیش خەڵکی ئەم شارەم و دەبێت بەشداربم

**پرسیار/** کاك محمد کەهاتەوە هەرخۆی بوو یان کەسی تری لەگەڵ بوو؟

**وەڵام/**نەخێر تەنها خۆی بوو تەجیلێکی هێنایەوە، دانیشتین هەموو ئاگادارپی و قسەکانی نوسی بۆی خویندمەوە چەند جارێك تا لەبەرمکرد وەك ئەوەی ئەو ویستی لەسەرکاسێتێك تۆمارمانکرد

**پرسیار/** هیچت بیرماوە لەوەی ئەوکاتە تۆمارتانکرد؟

**وەڵام/** هەندێکیم بیرماوە لەوانە وتم (دانیشتوانی بەشەرەفی شاری پێنجوێنی خۆشەویست مانگرتن بۆماوەی سێ ڕۆژ ڕادەگەیەنین بەهیچ شێوەیەك دووکان و بازاڕ مەکەنەوە)وەداوای مافی چارەی خۆنوسین و گەڕانەوەی لادێکان مانکرد

**پرسیار/** کە لە بڵندگۆی مزگەوتەکەوە لێیان دایەوە خۆت گوێت لەدەنگی حۆت بوو هەستت چۆن بو لەوکاتەدا؟

**وەڵام/** بەڵێ گوێم لێ بوو زۆربە لامەوە خۆش بوو کە ئەو قسانەم کردووە بەڵام دواتر کە بەدواماندا گەڕان و دەیانویست خاوەنی دەنگەکە بدۆزنەوە تۆزێك ناخۆش و ترس هێنەر بوو

**پرسیار/** دوای ئەوەی لەمزگەوتەکەوە تەجیلەکە لێدرا تۆ لە پێنجوێن مایتەوە؟

**وەڵام/** بەڵێ هەتا محمدی هاوسەرم چووەدەرەوە بۆشاخ مامەوە دوای ئەوە حاجی احمدی کاکەی محمد وتی خانم لەتۆش دەترسین ڕەنگە بگیرێیت هەستە لەگەڵ دوو کچەکەت بچین بۆ سید صادق. ئەوە بوو خۆی بردمیەوە بۆ ماڵی باوکم لە سیدصادق کە نزیکەی پازدە شەو لەوێ مامەوە

**پرسیار/** تۆ هەر دەستگیر نەکرایت؟

**وەڵام/** نەحێر هەر نەگیرام و کەس نەیزانی منم

**پرسیار/** کەی خەڵك زانیان کە خاوەنی دەنگەکەتۆی؟

**وەڵام/** نزیکەی سێ ساڵێك بەرلەئێستا خەڵك زانی واتە سی وپێنج ساڵ کەس نەیزانی.

# دیدار لەگەڵ شێخ معتصم



**پرسیار/**جەنابتان وەك برای كاك شێخ عبدالقادر و خاوەنی تەكیە لە پێنجوێن چۆن هەواڵی شەهیدكردنی دێوانە مەجیدتان بیست؟

**وەڵام/**ئێمە لە تەكیە دانیشتبوین كە دەنگە دەنگێك دروست بوو لە دەرەوە من چومە ناویان و چوین بۆ مزگەوتی حاجی ڕەسول لەوكاتەدا تەرمەكەیان ئەشۆرد كە تەواو بوو خەڵكەكە بەرێپێوان و خۆ پیشاندان تەرمەكەیان برد بەرەو گۆرستان لەگەڵ مامۆستا(ملا عبداللە)ی مزگەوتی بەركێو و ناسراو بە مەلا عبداللەی ڕەشمار و م.صاڵحی باخی(كە ئەم تا مەیدانەكە هات و گەڕایەوە) كە گەشتینە بەردەمی مەركەزەكە پۆلیسەكان دەرگاكەیان داخستبوو خەڵك بەردبارانیان كردو و ڕەسمی صدام حسین و احمد حسن بكریان دڕاند و دواتر چوینە سەر گۆڕستانی حاجی شێخ و هێزی ڕژێم لولەی دۆشكەو سیلاحیان ڕووتێكردین بە كامێرا ڕەسمیان ئەگرتین ملازم توركی كە لە ئەمن بوو هاتە ناوخەلكەكەو چاودێری ئەكردین گەنجان و خەڵك داوایان لە ملا عبداللەی ڕەشمار كرد بە كوردی تەڵقینی دێوانە مەجید بكات ئەویش بە كوردی تەڵقینی كرد.

**پرسیار/**ئافرەتان بەشداربوون لەگەڵتان؟

**وەڵام/** بەلێ زۆرچالاك بوون، لەوانە (ئاواتی عزیزی حاجی حسین) كە جامانەیەكی لەمل دابوو زۆر قسەو دروشمی ئەوتەوە لەگەڵ (گەلاوێژ)خان و چەند ژنێكی تر.

**پرسیار/** دوای ناشتنی تەرمەكە چیتان كرد؟

**وەڵام/** گەڕاینەوە بۆ مزگەوتی حاجی ڕەسول خەڵکەکە لەوێ کۆ ببونەوە جەنابی حاجی(شێخ قادری شێخ کاکە حمە) هات بۆ مزگەوتەکە گەنجەکان و خەڵکەکە ائی کۆبونەوە لەناویاندا دکتۆر(عوسمانی حاجی حەمەبچکۆل) هەبوو کاك حاجی شێخ قادر فەرمووی :(من لەگەڵتانم بە هەموو شێوەیەك و دەست لە هەقی خۆمان هەڵناگرین وەئەم غەدرە پێش ئێوە لە من کراوە چونکە دێوانە مەجید دەروێشی ئێمەیە) وە فەرمووی: (صدام حسین سەربە هەموو ماڵە بێوەژنێکی عەرەبدا ئەکات بەلام هیچ لەماڵە کوردەکان و لەم خەڵکەی ئێمە ناپرسێت) ئیتر خەلکەکە دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان،دواتر گەڕاینەوە بۆ تەکیە لەوێش قسەکای دووبارە کردەوە و وتی: (بەردەوام دەبین و دوکان و بازاڕ ناکەینەوە). تا درەنگانێکی شەو خەڵکێکی زۆر لەوێ مانەوە.

تەکیەی ئێمە لەکاتی ڕاونان و گرتن و تەنگانەدا پەناگەی هەموو خەڵکی پێنجوێن بەهەموو جیاوازیەکانیانەوە تەنانەت شیوعیەکانیش بۆ خۆحەشاردان ئەهاتنە تەکیەوە.

**پرسیار/** ڕۆژی دووەم چی ڕویدا؟

**وەڵام/** ڕۆژی دووەم کاك شێخ محمدی شێخ عبدالکریم کە ئامۆزامانە تەلەفۆنی بۆ کردین فەرمووی کاك شێخ عبدالقادر لەگەڵ معتەصەم وەرن بۆ بوبان بۆ ماڵی ئێمە چونکە لەبەغداوە داواکراون، ئەوەبوو ئێمە چوین بۆ بوبان و زیاتر لە مانگیك لەوێ ماینەوە، لەڕۆژی چوارەمدا کە دەکاتە(١٩٨٠/٧/٢٣) ئێمە لەماڵی کاك شێخ محمد بووین عقید ضاحی بە دوو سەیارەوە هاتن بۆلای کاك شێخ محمد وتی(بەڵکو قسە بکەیت لەگەل خەڵکی پێنجوێن قەناعەتیان پی بکەیت کە وازبێنن لە خۆ پیشاندان و دوکان و بازاڕ بکەنەوە چونکە ئەوان گوێ لە جەنابت ئەگرن) لەم قسانەدابوون دوای بانگی مەغریب بوو نزیکی نوێژی عیشاو تەارویح بوو جیهازیان بۆ عقید ضاحی کرد وتیان لەمەیدانەکە تەقەکراوە ئیفایەکی سەربازی سوتاوە، ضاحی کە لەپاڵ شیخ محمد دانیشتبوو وە من لە پشتیانەوە بووم ڕویکردە کاك شێخ محمد و وتی: (هذا کل سوج شیخ

قادر و اخوه) ئيتر به ئاماژه به منيان وت برۆ خۆت بشارەوه ئيتر عقيد رۆيى بۆ شەڕەكە، بۆ رۆژى دواتر ملازم توركى تەلەفۆنى كرد بۆ كاك شێخ محمد وتى: (شێخ قادر و براكەى داواكراون) كاك شێخ محمد تورەبوو وتى: (ئەگەر واز له شێخ قادر نەهێنن خۆم و كەس و كارم و دەروێشەكانم ئەچينە شاخ بۆ دژايەتى ئێوه) ئيتر ملازمەكە پەشيمان بويەوه وتى نايانگرين بەلام تا شەڕى ئێران و عێراق ئێمه هەر قاچاخ بوين.

**پرسيار**/لەوانەى كه گيرابوون يان قاچاخ بوون كێ لەماڵى شێخ محمد خۆى شاردەوه؟

وەڵام/ئەوانەى تريش كه گيرابوون دوايى ئازادكران هاتن لەماڵى كاك شێخ محمد خۆيان حەشاردا لەوانه (كاك عيزەتيى رەشه حاجيله و گەلاوێژخان و كەمالى حاجى محمودى حمەخوله.... چەند كەسێكى تر) ئێمه كوڕانى جەنابى شێخ كاكه حەمەى كەسنەزانى هەميشه رژێم رقى لێمان بووه خۆشى نەويستوين چونكه ئێمه هەرگيز نەبوينەته پياوى ئەوان و لەگەڵيان ئيشمان نەكردووه.

# دیدار لەگەڵ جمال حەمەی خواکەرەم



**پرسیار/** بەڕێز کاك جمال دەربارەی ڕاپەرینەکەی ١٩٨٠/٧/١٩ای پێنجوین ئێوە چۆن وەکەی هەواڵەکەتان پیگەیشت؟ وە ئەوکاتە لەکوێ بوون؟

**وەلام/** من ئەوکاتە هەواڵەکەم بیست لە ڕەزلە بووم لەگەڵ پیشمەرگەکانی خۆمدا لەکەرتی چوار کە بۆخوانی نیوەڕۆ دەعوەتی کاکە حەمەی حاجی سابیربووم یادی بەخێر لەوێ کەرتی کاك (فەرەیدونی حەمەصاڵح) کەسەربە هەرێمی یەك بوو وە کەرتەکەی مامۆستا شاهۆش.

**پرسیار/** ئەوکاتە پلەی تۆ چی بوو لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا؟

**وەلام/** من فەرماندەی کەرتی چواری هەرێمی سێ بووم کە کاك بەکری حاجی سەفەر بەرپرسی هەرێمی سێ بوو کاك فەرەیدوون فەرماندەی کەرتی هەرێمی یەك بوو کە(محمدی حاجی محمود) بەرپرسی هەرێمی یەك بوو وە مامۆستا شاهۆ فەرماندەی کەرتی دووی هەرێمی یەك بوو ئێمە و هەردوو کەرتەکەی کاك فەرەیدون و مامۆستا شاهۆ لەوکاتەدا لە رەزڵە بوین لەماڵی کاك محمدی حاجی سابیر بووین کە کۆپتەرمان بینی بەرەو پێنجوین دەڕۆشت لەوکاتدا نامەیەکی کاك (فەرەیدون حمەصاڵح)م بۆهات کە دەڵێت لە (پێنجوین ڕاپەڕین بووە وخەڵکێکی زۆریش گیراون حەزدەکەم یەکتر ببینین مامۆستا شاهۆش لێرەیە وەرە خوارەوە با قسەی لەسەر بکەین)دوای نان خواردن چومە خوارەوە بۆناو رەزڵە بۆلای ئەوان راستەوخۆ لەگەڵ (کاك فەرەیدون و مامۆستا شاهۆ) دەستمان کرد بەکۆبونەوە من تەرحی خۆمم دانێ کە بپەڕینەوە بۆ پێنجوێن وەچی کارێك بکەین ئەو خەڵکەی کە گیراوە لەسێدارە نەدرێن کە حکومەت هەست بکات ئەوخەڵکە بی پشتیوان نین وهیزێك هەیە پشتیوانیان لێ دەکات

**پرسیار/** ئیوه كه بڕیارتاندا بێن بۆ پێنجوێن سەركردایەتی ومەكتەب سیاسی یەكێتیتان ئاگادار كرد؟

**وەڵام/**ئەوكاتە هیچ جیهازێك یاخود ئامێرێكی پەیوەندی خێراو ڕاستەوخۆمان پێ نەبوو وە بەرێكەوت كاك بەكری حاجی سەفەریش لەو ناوچە یە نەبوو چوبوو بۆ شاربازێڕی تەخت كە بۆ گەشتن بەو چەند ڕۆژێكی پێویست بوو وە من نامەیەكم بۆ كاك بەكر نوسی(برای بەرێز كاك بەكر ڕاپەڕین لە پێنجوێن ڕویداوە ئێمە دانیشتنی خۆمان كردووە بەرەو ناوچەی پێنجوێن كەوتوینەتە ڕێ بۆ پشتگیری ئەو ڕاپەڕینە

**پرسیار/** چەند پێشمەرگە بون كەرێكەوتن؟

**وەڵام/** نزیكەی شەست پێشمەرگە دەبوین

**پرسیار/** هەموتان پێنجوینی بون؟

نەخێر خەڵكی ناوچەكانی تریشمان لەگەڵ بوون بەڵام پێنجوێنییەكان لەكەرتەكەی من بوون وە كەرتەكەی كاك فەرەیدونیش پێنج پیشمەرگەی پێنجوێن و دەورو بەری لەگەڵدا بوو

**پرسیار/** ئێوە لە ڕەزڵە بە چەندە گەشتنە پێنجوێن؟ وە یەكەم كارتان چی بوو كە گەیشتن؟

**وەڵام/** پەڕینەوەی ئەو كاتە زۆر قورس بوو لە جادەی قیرەوە بۆ دۆڵە سور وە لەوێشەوە بۆ كۆڵێتان وە لەوێشەوە بەو شاخە بەرزەدا هەڵگەڕێیت بەدیوی ئەودیویدا چەمی ڕەشان و بوزان ببڕیت كاتی زۆری دەوێت بەكورتی بەدوو شەو و دوڕۆژ گەشتین ئەو كاتە ئەو ناوچەیە هەموو لادێكانی چۆڵ بوون وە هیچ كەسیان تیا نەبوو وە خۆش بەختانەش لەدیوی ئێرانیش حكومەت نەمابوو كاتی اینقلابی خومەینی بوو بۆیە كەس نەبوو لەو شاخ وگوندانەی ئەودیو ڕێگەمان لێ بگرێت لەتازەدێ لاماندا بۆ ئیسراحەت و نان خواردن

پێشمەرگەیەکمان کە کە ناوی سالارە چەرمە بوو وە ئێستا لەپێنجوێنە چووە خـوارەوە دار هەڵـوژەیەکی لـێ بـوو لەوێ هێزێکـی عەسـکەری سـالار دەبیـنن وبەسـەر دارەکەوە تەقەی لێـدەکەن و سـالار برینـدار بـوو منـیش لەسـالار و ئەوانەوە نزیك بوم و بووە بەتەقە لەنێوان ئێمەو هێزەکەدا ئەو شاخانە بەهۆی پوشو و پەڵاشەوە لەکاتی تەقەکردنەکەدا ئاگر کەوتەوە و ئەمەش وایکرد ئەوان نەتوانن بەسەر چیاکەدا سەرکەون وبەناچاری پاشەکشە بکەن خۆیان بکەن بە مەعەسکەرەکەی وشیاریدا ئێمە کەرەستە وپێداویستی جەنگمان وەك پێویست نەبون ئەتوانم بڵێم ئاڕ بی جی قورسترین چەکی ئێمە بوو دواتر کەمینمان لەمبەر و ئەوبەر دانا و بەرەو ئاسناوە ڕۆشتین لەئاسناوە لاماندا و شەو لەوێ ماینەوە ئیسراحەتمان کردو خۆمان بۆ چونە ناو پێنجوێن ئامادەکرد

**پرسیار/** ئێوە لەکوێوە خۆتانکرد بەناو پێنجوێندا؟

**وەڵام/**ئێمە لە ئاسنەوە کە خەڵکی لادێکە خزمەتێکی زۆریان کردین پاش ئیسـراحەت بڕیـاری چـونە نـاو پێنجوێنمانـدا ئەمەوێـت ئەوە بڵـێم کە ئەو دێهاتـانەی مەریـوان بەتـایبەتی لە بەردە ڕەشـە بەمـلاوە هەموویـان حەقیـان بە گەردنی ئێمەوە هەیە شەو و ڕۆژ ئەوانە لە خزمەتی ئێمەدا بون ژن و منداڵیـان خواردنیان بۆ ئامادە دەکردین دۆستی زۆرباشمان هەبوو کە دەیانشاردینەوە و نهێنییەکانیشیان دەپاراستین ئەوەی کە دەبو دێهاتەکانی کوردوستان بیانکردایە ئەوان ئەنجامیان دا لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا وە بەڕاستی زۆر جێگەی داخە ئێستا ئەوان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ڕێزیان لی ناگیرێت

ئێوارەی ٢٣/٧ئێمە لەئاسنەوە وە پەڕینەوە بۆپێنجوێن پێشتر کۆبوینەوە من و کاك فریدون ومامۆستا شاهۆبەرنامە و پلانمان دانا کە چی بکەین و چۆن بـڕۆین پـێش چونە نـاو شـارەکە کەمینمـان دانـا و لە(قەڵادێـوە) چـوینەوە بـۆ (سەری نێ ی ئاشی) و لەوێوە پێشمەرگەمان دابەش کردوو مەفرەزەیەکمان دانا بۆکـۆکردنەوەی خـواردن چـونکە ئەو نـاوچەیە چـۆڵ بـوو دواتـر چەنـدین مەفرەزەمـان دانـا بەدەوری مەیـدانەکەی پێنجـوێن و (خـانەکەی سـنجەر) و

دەوروبەریدا ئەو ناوچەیەمان حەسر کرد وە ئار بی جی شمان پێ بوو کە هی کەرتی چوار بوو لەگەڵ ڤازیفەیەك، کە برادەرانی تر نەیان بوو حکومەت کە زانی ئێمە لەناو شاردابن ئیتر حکومەت بەبێ ترس هێزێکی زۆری هێنایە مەیدانەکە و تا مەیدانەکە بکات بە مەرکەزی تەوزیعاتی هێزەکانی خۆی ئێمەش بە دەوری مەیدانەکەدا تەوزیع بووین کە ئەوان گەشتن من گەشتبومە بەردەرگای ماڵی حاجی رەشید زیاتر چومە خوارەوە و ئارپی جیە کەمانم لە عەدەد ئارپی جییەکەمان وەرگرت چونکە تەمەنی کەم بوو ترسام گولەکە بەهەڵە بڕوات ئەوەبوو ئار پی جییەکەم نا بە زیلێکەوە و کە پڕ بوو لەسەرباز بەو هۆیەوە زیلەکە سوتاو چەند سەربازێکی رژێم کوژران لە مەیدانەکەداو ئەمەش بووەهۆی ئەوەی ورەیان بڕوخێت، ئیتر شەڕێکی قورس لەنێوانماندا دەستی پێکرد دواتر ئێمە زانیاریمان پێگەشت کە سەدوسیانزدە سەرباز کوژراون و نزیکەی دووسەدی تریش بریندارن خۆش بەختانە ئێمە هیچ شەهیدێکمان نەبوو تەنها بریندارێکمان هەبوو

**پرسیار/** بە دیاریکراوی کاتژمێر چەند بوو کە یەکەمین ئار بی جیت تەقاندو ئیتر شەر دەستی پێکرد؟

**وەڵام/** کاتژمێر حەوتی ئێوارە چوینە ناو شار بەدیاریکراویش حەوت و چل و پێنج دەقە بووشەڕ دەستی پێکرد من و مامۆستا شاهۆ پێکەوە بوین من پێم وت مامۆستا تۆ بەهیچ شێوەیەك لەمن نابڕێیت چونکە شارەزای ئەم شارە نیت جاش لەناو ماڵەکاندا هەن و نامەوێت تۆ هیچت لێبێت بۆیە پێویستە لە من دور نەکەوێتەوە ئەوەبوو تاکۆتایی بەیەکەوە ماینەوە و مامۆستا شاهۆش شەڕێکی قارەمانانەی کرد چونکە خۆی پیاوێکی زۆر ئازاو فەرماندەیەکی قارەمان بوو

**پرسیار/** ئەو شەست پێشمەرگەیەی سەرەتا باست کرد هەمووتان چوونە ناوشار؟

**وەڵام**/نەخێـر هەشـت پێشـمەرگەمان وەك كەمـین لە دەرەوە دانـا چـونكە كەمینی ڕەبایەكانی بەعس دابەزی بون وە ئێمە بەچاوی خۆمـان بینیمـانن ئەو دۆڵە دۆڵێكـی قـوڵە بەری ئەوبەری بـاخەكەی مەلا عەزیـزی لێـیە وحەوزێكـی تیـایە لەسـەر حەوزەكەوە مسـەیتەربویت بەسـەر ڕێگـاكەدا وە ڕەبـایەیەكیش لە پشتەوە بوو ڕەبایەی پیرجومعە بووئەویش هاتبوە خوارتر بـۆئەوەی ئەو دۆڵە كۆنترۆڵ بكەن هەموو ڕەبایەكان هاتبونە خوارەوە بۆكۆنترۆڵكردنی دۆڵەكان كە هەمووی ڕێگـای بـاریكی قاچاخچی بـوو نەك ئۆتۆمبێـل پـاش شـەرەكە ئـێمە لە نێـــوان رەبـــایەی تەختـــی جەلال بەگ و پیرجـــومعەو و وەهێلانەكـــۆلاران پاشەكشەمانكرد بۆ بەری گوندی هەرگێنە

- **پرسیار**/ لەبیرت ماوە ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵتاندابوون كێ بوون؟

**وەڵام**/ نـاوی هەموویـانم بیرنەمـاوە بەڵام ئەوە لە سـەرەتاوە سـالارە چەرمە لە تازەدێ برینـدابوو نەیتـوانی بێتە پێنجوێن لە مـڕانە خەوانـدمان شێرزادی مـامە خولەمـان لەگەڵ بـوو وە كـامەرانە بچكۆل ئەمـانەچون شـارەزای شـارەكە بوون دەوری باشیان هەبوو وە شـەهید مستەفای سعید زۆرابیشمان لەگەڵ بـوو كە دەورێكـی زۆر بـاڵای هەبـوو كە دوو ڕومـانەی پـێ بـوو هێـزەكەی ڕژێـم ئەو هەمـوو كـوژراو و برینـدارەیان هەبـوو كەچـی هەر دەهـاتنە پێشـەوە وە هەر نەدەگەڕانەوە وە هاتن تا دوكانەكانی سید عەلی كە مدەور بوو ئەیانویست بـێن بەرەو مزگەوتی قازی ئالەوێدا شەهید مستەفا دەورێكـی زورقارەمانـانەی هەبـوو لەسەر گۆشـەكە وەسـتا و هەرچـی هـات كوشـتی وەهەر دەچووە پێشـەوە منـیش بانگێكم كـرد وتـی دەچـم چەكیـان دەكەم پشـتێنەكەیم گـرت و وتـم چەككـردن دەبێتە خوێنی خۆت ئەوان هێشتا نەمردوون قسە دەكەن ئیتر نەمهێشت بچێت دواتر یەكێك لە رومانەكـانم لـێ وەرگرتـو وتـم هەردوكمـان بەیەكەوە هەڵی دە دەینە ناو دوكانەكان وئەوەبو هەڵمانـداو دەڕابەی هەمـوو دوكانەكانمـان شكاند دەورێكـی باشـی هەبـوو لەتێكـدانی ئەو نەخشـەیەی دوژمـن كێشـابووی بـۆلای مزگەوتـی قـازی بێـت وای لێهات مەیـدانەكەیان چـۆڵ كـرد چـونكە زیـل شـكاو مدەرەعە شكاو سەربازێكی زۆریـش كوژرا بەپێـی هەواڵـی مـاڵی حەمەی سـەعی

كە راستەوخۆ ئەیڕوانی بەسەر مەیدانەکەدا و ئاگایان لە وردو درشتی شەڕەکە بوو سەربازێکی زۆر کوژراوە و چەندین سەیارەی عەسکەری و زیل و مدەرعە سوتاوە هەتا بۆ بەیانییەکەی بەتەنکەر مەیدانەکەیان شۆردەوە و پاکیان کردەوە لەخوێنی کوژراوەکان لە کاتژمیر نۆی شەودا تەقە نەما عەقید ضاحی لە نەقلیاتەکەی خوارەوە وەستابوو بە وتەی ئەو ئەو پۆلیسانە کە ڕێکخستنی خۆمان بوون وەك سدیقی خولەی خواکەرەم وە عوسمانی حاجی حسەن و فاروقی رەشە چالە کە دواتر بونە پێشمەرگە وتیان عەقید ضاحی هاواری کردووە وتویەتی ئەوە ابو حلاقە کە (مەبەستی من بوو)چونکە باوکم حلاق بوو بۆناچن بیگرن لەکاتێکدا خۆی لەترسان دەلەرزی و وە تەقەی دانی دەگەشتە سەربانی مەرکەزەکە

**پرسیار/** وەك لە پێشتریشدا پرسیم بەدیاریکراوی چەند پێشمەرگەیەك دەبون کە چونە ناو پێنجوێنەوە؟

**وەڵام/** چل و پێنج پێشمەرگە چوینە ناو مەیدانی شارەکە

**پرسیار/** کاك بەکری حاجی سەفەر کەی وەڵامی ئەو نامەیەی دایەوە کەپێشتر تۆ بۆت ناردبوو؟

**وەڵام/** تا نامەکە گەشتبویە کاك بەکر پێی چووبوو ئەویش لە ناوچەی بزەینیان و عازەبانەوە بۆسەر حدود و وە لەوێوە خۆی و بیست و پێنج پێشمەرگەی تایبەتی خۆی بپەڕننەوە کاتی زۆری دەوێت بەلایەنی کەمەوە سێ رۆژی پێدەچێت کە کاك بەکر هات دەستخۆشی زۆری لێکردین و وتی چالاکییەکی زۆرگەورەو پیاوانەتان کردووە دەستتان خۆش

**پرسیار/** ئێوە لەکوێ کاك بەکرو هێزەکەیتان بینی؟

**وەڵام/** لەبایەوە بینیمان هاتبون بۆ ئەوێ

**پرسیار/** کاریگەری ئەم چالاکییە ی پێشمەرگەکانی ئێوە لەسەر ڕاپەرینەکە چی بوو؟ هەندێك لە چەپەکان دەڵێن ئەم تەداخولەی ئێوە کاریگەری خراپی هەبو لەسەر ڕاپەرینەکە کە بەو هۆیەوە ئامانجەکانی نەهاتنەدی چونکە ئێوە بیانوتان دایە دەست رژێم بەزەبری هێز ڕاپەرینەکە دابمرکێنێ گەروانەبوایە ڕاپەڕینەکە بەردەوام دەبوو ڕەنگە شارەکانی تریشی بگرتایەتەوە

**وەڵام/** بەپێچەوانەوە هاتنی ئێمە زۆر ئیجابی بوو قسەی ئەو هاورێیانە وانییە چونکە:

١- کەئێمە هاتین ڕاپەرین کۆتایی هاتبوو سەرکوت کرابوو

٢-شارێکی بچوکی حدودیی دورە دەستی وەك و پێنجوێن دەبێت چ کاریگەرییە کی دابنێت لەماوەی دوو رۆژدا؟

٣- نزیکەی بیست و پێنج کەس لەخۆپیشاندەران دەستگیر کرابوون وە شەش کەس لەچالاکەکان رایان کردبوە دەرەوە و بوبونە پێشمەرگە ئەمانە سەرپەرشتیاران و ڕابەرانی ڕاپەرینەکە بوون

ئەم بیست و پێنج کەسە وەکو مەڕ وابون لەبەردەم قەصابدا بۆسەر بڕین وە هەموشیان زۆر چالاك بون لە ڕاپەڕینەکەدا وەك گەلاوێژخانی خێزانی کاك عزمت کە زۆر حسابی لەسەر ئەکرا لەسجن و حسابی بۆهیچ ترس و هەرەشەیەك نەدەکرد

**پرسیار/**بەپێچەوانەی چەپەکانەوە تۆ پێت وایە ئەم تەداخولە سەربازییەی ئێوە بەقازانجی خەڵك شکایەوە چۆن؟

**وەڵام/** نەك هەر بەقازانج بەڵکو ئەو بیست و پێنج خۆپیشاندەرەی کە بە بەڵگەوە گیرابون رژێم زۆر رقی لێیان بوو هەمویان بەهۆی ئەوەوە بەربون حکومەت ترسا چونکە لەشەڕەکەدا پێمان وتن وە هاوارمانکرد ئەگەر ئەوانە بەر نەدەن ئێمە واز ناهێنین

**پرسیار/**چەپەکان ئەڵێن ئەوانەی کە بەربون بەهۆی فشاری خەڵکەوە بوو بەربوبون نەك هەرەشەو تەداخولەکەی ئێوە؟

**وەڵام/**حکومەت بەگرتنی ئەو کەسانە تەواوی ڕاپەرینەکەی سەرکوت کردبوو وەهیچ کەسێکی چالاك نەمابوو تاهەڕەشە و فشار بخاتە سەر رژێم لە پێنجوێندا دواتر ئەم ڕاپەڕینە ڕاپەڕینێکی مەبدەئی نەبووە بەلکو پەرچەکردارێك بووە بۆ تۆڵە کردنەوە لەو زوڵمەی کە لەپیاوێکی فەقیری نەداری شوان کرابوو لە پێناوی هیچدا

**پرسیار/** هۆی کوشتنی دێوانە مجید ئەگێرنەوە بۆ ئەو چالاکییەی کە پێشمەرگەیەك بە ناوی عبدالله گۆج یان عبدالله نەرزەنەی لە دەشتی پێنجوێندا چەند سەربازێکی ڕژێمی کوشت بوو ئێوە ئاگاداری ئەم چالاکییە بون یاخود سەربەخۆ کردبوی؟

**وەڵام/** نەخێر عەبە پیشمەرگەیەك کەمێك بێ دیسپلین بوو تا دڵت هەڵبگرێت ئازابوو کوردایەتی دەکرد کۆرێکی کورد پەروەر و سادە و قارەمان بو ئازاییەکەشی بێ وینەبوو لەناو کورددا لەو کەسانە زۆر هەڵ دەکەون ئەم کورە ئەیەوێت بپەڕێتەوە بۆ شارباژێر لەناوچەی مەریوانەوە بۆ کورتکردنەوەی ڕێگاکەی بریار دەدات بە دەشتی پێنجوێندا بڕوات بەیانی زوو ڕێدەکەوێت وە لە دەشتی پێنجوێنەوە بچێتەوە بۆ بادانەو بە دەشتی قزڵجەو شاخی تالیەردا بڕوات بەڵام لە ڕێگا توشی کەمینی سەربازی رژێم دەبێت کە بەهۆی ١٧ای تەموزەوە هێزێکی زۆر هێنرابویە ناوچەکە کە دەبینێت ئەوان تەقەی لێدەکەن ئەمیش کورێکی بەدەست و هەڵمەت بوو تەقەیان لێدەکات و دوانیان لی دەکوژێت دێوانە مەجید ئاگای لەم ڕووداوە نەبوو بەڵام کاتێك هێزی رژێم دێوانە مەجید دەبینن ئەوەندە تورە دەبن بەدڕندانەترین شیوە دەیکوژن

**پرسیار/** پێنجوێنییەکان چ رۆڵێکیان هەبوو؟

**وەڵام/**جــگە لەو پێشــمەرگانەی لەدەرەوە بــون ئەوانەی تــر کــاریگەری ڕاستەوخۆیان نەبوو چونکە ئێمە پێش چونە ناوشار ئەوانمان نەدیبوو بەڵام هەمــوو پێشــمەرگەکان وەك شــهید حمەمــین خەجــێ دەوری زۆر ڤارەمانانەیــان هەبوو شهید حمەمین لەگەڵ کاك فەرەیدون لەبەرماڵی خۆیانەوە وەستابوو وە ئەوان زۆر شــارەزای ناوشــار بــوون ڕۆڵــی گەورەیــان هەبــوو لە شــەرەکەدا، وە خەڵکی پێنجوێن بەژن و منــاڵ و گەورەو بچوکەوە لەدەوری ئێمە کۆبونەوە و لەوە نەدەترسان فیشەکیان بەر بکەوێت وەبە چاوساغی ئەوان چوینە سەر ماڵە گومانلێکراوەکان

شکاندنی هەنــدێك گڵۆپ لەلایەن منــاڵانی پێنجوێنەوە لەوشــەوەدا لەبەردەم مــاڵی مەلا هەیبەتــوڵا دا بــۆ ئــێمە زۆر ســودی هەبــوو تــا نەبینــرێن لەلایەن ڕەبایەکــانی ڕژێــمەوە چــونکە ڕەبایەکــان بەگــولەی دۆشــکە تەقەیــان لێــدەکردین یەکێــك لە ڕەبایەکــان زۆر تەقەی لێــدەکردین بە پێشــمەرگەکانم وت ســبەینی شــەهید شــەریفی قورعــانی بهێــنن بەهــاوەنەکەی تەمێیــان بکەیــن وە دوو ڕۆژ دواتر لەگەڵ شەریفی قورعانی ئەو ڕەبایەمان تەمێ کرد

**پرسیار/** واتا چالاکییەکانی ئێوە تەنها یەکجار نەبوو؟

**وەڵام/** بەڵــێ ئەو بەیــانیە پاشەکشــەمان کــردوو گەڕاینــەوە ئاســناوە لەوێ ئیســراحەتمانکردو نانمــان خــوارد و بــۆ دوو ڕۆژی دواتــر چــوینە ســەر شــاخی ئاسناوە کاك بەکریشمان لەگەڵ بوو لەقەسفی ڕەبایەکەدا خۆی چەپڵەی بۆ کاك شــەریف لێــدەدا کە هاوەنەکــانی دەنــا بە ڕەبــایەکەوە دوو هاوەنیشــی نــا بە ڕەبایەکەی حاجی شێخەوە

**پرســیار/**دواتــر ئەم چــالاکییەی ئێــوە لەنــاو شۆڕشــدا وە لەســەرکردایەتی یەکێتی دا چۆن کەوتەوە؟

پرســیارێکی زۆر باشــە ئــێمە ئەو کــاتە رادیۆمــان نەبــوو نــامەم نوسی بــۆ سەرکردایەتی دەربارەی چالاکییەکە وە منیش بانــگ کرام بۆ ســەرکردایەتی لە

خڕی ناوزەنگ کە گەشتمە ئەوێ کاك مەلا بەختیار کەپرە بڕنجەی گەورەی هەبوو هەموو برادەرانی سەرگردایەتی و مەکتەبی سیاسی بەڕێز لەوێ دانیشتبوون من گەشتمە بەردەمی کەپرەکەو سلاَومکرد تومەس هێشتا نامەکەی من نەگەشتووە مەلا بەختیار وتی دەستتانخۆش بەڕاستی چالاکیتان کردووە منیش وتم کاك بەختیار جێت خاڵی شەڕێکی زۆر خۆش بوو وەك زەماوەند وابوو ئێمە هیچ زەرەرێکیشمان نەکردوو هیچ شەهیدێکیشمان نەدا سجنەکانیشمان بەربون مەلا بەختیار ڕویکردە جەماعەت و وتی نەمانبردەوە وتم کاك بەختیار چی بووە هەموو ئەم جەماعەتە وتویان ئەم شەرە کاکە حەمەی حاجی محمود کردویەتی بەلاَم من وتومە نەخێر ئەونیە چونکە ئەو شارەزای پێنجوێن نییە و ناتوانێت ئەو شەرە بکات هەرچەندە ئەو زۆرئازاو قارەمانە بەلاَم ئەو شارەزای ئەوێ نییە بەلاَم دوو کەرتی ئەوانمان لەگەڵ بوو کاك فەرەیدون و مامۆستا شاهۆ.

+زۆرسوپاس بۆ جەنابت بۆ ئەم دەرفەتە ئێمە هیچی ترمان نەماوە ئەگەر جەنابتان شتێکتان ماوە و بەپێویستی دەزانن لێرەدا باسی بکەن فەرموون

– سوپاس بۆ خەلکی پێنجوێن بەداخەوە ئەمرۆ پێنجوێن بۆ من نییە چونکە ئەو کەسانەی کە ئەیاری منن ئەمرۆ لەپێنجوێندا دەسەلاَتیان هەیە پێنجوێن مێژوویەکی زۆرتولانی هەیە لەخەباتدا سێ جار لە پێناو کوردایەتیدا وێرانکراوە شێخ محمود و مەلا مستەفا لە پێنجوێن خەباتیان کردووە

پێنجوێن لەکۆندا چەندین پێشمەرگەی قارەمانی هەبووە کە لەشۆرشی ئەیلولدا لەگەڵ خودی مام جەلال دا بون لەوانەش کاك عارف باوکی هاوڕێ کامەران و عەزیزی حاجی حسێنە ڕەش لەگەڵ مەلا حەمەمین و فەقی صاڵح وهتد کە ئەمانە حکومەتی ئێران هاتبووە لەرزە لەدەستیان کەلەعێراقەوە دەچون بۆ سنە هەموو هێزەکانی ئەو ناوچەیە ڕێگەیان بۆ چۆل دەکردن.

## ڕاپەڕینی پێنجوێن ساڵی ١٩٨٠

**نوسین: کامەران ڕەشید چالە**



ئێمه کەلەتەمەنی لاوێتیمانەوە بەشانازییەوە بوینە پێشمەرگە لەریزەکانی (ی ن ك). سەرەرای سەرجەم ئەو نەهامەتی و سەختتیانەی کەهاتۆتە ریگامان وە بوینەتە هۆکاری ئەوەی باوك ودایك وکەسوکارمان لەزینـدانی بەعسدا ژیـان بەسەربەرن لەسەر ئێمە.

پاش بیستنی هەواڵی شەهید بونی دێوانی مەجیدی راپەرینی جەماوەری قارەمانی پێنجوێن لەبناری کورە کاژاوەوە بەناو سەرجەم تەلبەند و مین وهێزەکانی بەعسدا لەشەو و رۆژێکدا خۆمانگەیاندەوە پێنجوێن و بەشانازییەوە بوینە قەڵغانی پاراستنی ئەو جەماوەرە راپەریوە بۆیە مافی خۆمانە بەسەربەرزییەوە لەمێژووی پرشنگ داری پێنجوێندا سەربەرزانە لەکانیاوە سازگارەکانی پێنجوێن دا دەرونمان فێنك بکەینەوە سوپاس بۆ جەماوەری سەربەرزی پێنجوێن کە لەوپەری دەسەڵاتی بەعسدا بەهەمومان تۆڵەی دێوانە مجیدیو دەیانی تر بکەینەوە

## مامۆستا عزیز بلکیانی

## مشتێک لە خەروارێک ولاپەڕەیەکی پرشنگداری پێنجوێن



پێنجوێن کە ئێستا یەکە کارگێرییەکەی (قەزا) یە و سەربە پارێزگای سلێمانی یە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکەی بە دووری(٩٦) کلم لەسەر هێڵی درێژی(٤٥.٥٦)ڕۆژهەلات و هێڵی پانی (٣٥.٣٦)باکوری هێڵی یەکسانی.کە ڕووی زەوی یەکەی لەشێوەی بانێکدایە لەئامێزی کۆمەڵێك شاخ دا (١٤٠٠)مەتر بەرزترە لەئاستی ڕووی دەریا.

ئەم ڕووبەرەی زەوی کە لە دێر زەمانەوە نشینگەیەکی گونجاو بووە بۆ مرۆڤ کە بوونی قەلا دێرینەکانی دەوروبەری شاهدن وە کانیاوە سازگارەکانی قەدپاڵی شاخەکان ودارستانی چڕی سرووشتی و لەوەرگای پڕگیاو پێدەشتە بەپیتەکەی ڕەخسێنەری ژیانن کە تائێستاش لەبەخشین بەردەوامە.

لە پاش ئەو دابەشبوونانەی کە بەسەر کوردستان دا هاتووە بە تایبەتی لە دوای شەڕ و شۆڕ و ڕێککەوتنەکانی نێوان صەفەوی و عوسمانی یەکان بووەتە خاڵێکی سنووری ئەو نێوەندە کە هەندێك ماوە وەك ناوچەیەکی بێلایەن ماوەتەوە لە ناوەنددا ئەمەیش هەل و مەرجی ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا و شمەکی فەراهەم کردووە لەنێوان هەردوو لادا کە لە ئێستادا خاڵێکی سنووری بەناوی گوندی (باشماخ)ەوە مەرزی نێودەوڵەتی یە لەنێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵات دا و داهاتێکی باش دابین دەکات بۆ حکومەت و بەشێك لەدانیشتوانی ناوچەکەش سوودی لێ وەردەگرن.

لە مێژووی کۆن دا زۆر بەریەك کەوتنی هێزەکان لەم ناوچەیەدا ڕوویداوەو لە مێژووی نوێ و هاوچەخ دا هەمیشە پێنجوێن بوەتە قەلای دووبارە بەرخۆدان و خۆڕاگری. لەجەنگی جیهانی یەکەم دا سوپای ڕووسەکان بە تەنیشتی پێنجوێن دا گوزەری کردووە ئەوکات بەرهەڵستی گەورەیان کراوە.

بلاوبوونـــەوەی ناوبـــانگی مامۆســـتای عەللامـــە (مـــەلا عبـــدالرحمن ی گـەورە)١٨٣٥--١٩١٠و قوتابخانـە ئایینیەکـەی کاریگـەری گـەورەی هـەبوو لەسـەر هاتنی خەڵکانی دەرەوەی پێنجوێن بـۆ درێـژە دان بـە خوێنـدن لێـرە بەتایبـەتی کە ئـەم زاتـە زانستەکانی فـەلك و لۆژیـك(مەنـطق)ی وتووەتـەوە و تائێستاش فتواو ئەو حاشیانەی ئەم نوسیویەتی لە زانکۆ گەورەکان دا دەخوێنـدرێت و بـە هۆی ئەمەوە مامۆستا مەلا محمد سعیدی خوشکەزای (خواهەرزادە) لە پێنجوێن یەکەمین تەفسیری قورئانی بە کوردی بەناونیشانی (تـذکاری ئیمان بـۆ قـەومی کوردان) کە لە هەشت بەرگدا تۆمارکراوە.

لە پاش جەنگی یەکەم شارەدێ ی پێنجوێن بوەتـە ناوەنـدی (ناحیـە) لەگـەڵ دامەزرانـدنی دەوڵـەتی پاشـایەتی عیـراق داو سـەربە قـەزای هەڵەبجـە بـووە وە ساڵی ١٩٢٧ بۆ یەکەم جار ئینگلیزەکان هاتوونەتە پێنجوێن و لە تەنشت گونـدی نزارە و لە بنـاری شـاخی جنـەدەر لـە بـاکوری شارۆچکەکە سـەربازگەیان دانـاوە وســەربازگەی هندییــەکان لـــە ناوشـــاخان دروســت کـــراوە کـــە دواتربینـــای (مەرکەزەکـە)یان دروستکردووە بوەتـە یەکـەم فەرمانگـەی فـەرمی حکومـەت کـە پـۆلیس و بەڕیوەبـەری ناحیـەی تیـابووە و هـەتا نزیکـی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو زۆرینـەی فەرمانگـە حکومییـەکانی تێـدابوو. لـە ئاڵۆزییـەکانی نێـوان حکومەتەکـەی شـێخ محمـود و ئینگلیزەکـان دا پێنجـوێن بووەتـە نـاوەنـدێکی گرنگی خۆحەشاردان و دووبـارە بەرهەڵستکاری کـە ماوەیـەکی زۆر خـودی شێخ محمـود و جـەماوەر و چەکدارانی حکومەتەکەی لـەم ناوچەیـە هـەم کۆمـەك و پیتاکیان بۆ دابین کراوە هەم بە چەکدارو دەست و پێوەند بەهێز کراون.

لەسـاڵی ١٩٣٠ دا دانیشـتوانی پێنجـوێن ڕێپێـوان و خۆپیشـاندانیان ئـەنجام داوەبۆ پشتیوانی شێخ محمود وە ئیتـر سـەرەتاکانی پەیوەنـدی کـردن بـە پارتـە کــوردی یەکانـــەوە دەرکـــەوتووە. بـــە هـــۆی بـــانگخوازی و هانـــدانی (مـــوفتی پێنجـــوێنی)ی شـــاعیر و منـــەوەر و شـــاعیری چەوســـاوەکان (قـــانع) گفتوگـــۆ وبەدواداچوون بۆ کوردایـەتی و بیـری نەتـەوەیی لەلایـەك وە دەرکـەوتنی چـەپ بەتایبـەت دوای بـەهێزبوونی یـەکێتی سۆڤیـەتی جـاران وە دامەزرانـدنی حزبـی

شیوعی عێراق لە ١٩٣٤دا وە بوونی ڕێبازە ئاینییەکانی (قادری و نەقشبەندی) لەناو کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی ئاژەڵداریدا ململانێیەکی بەهێز لە ناوەندی پێنجوێن دا دروست بووە کە دەرئەنجام بووەتەهۆی زیاتر پێشکەوتنی شارۆچکەکە هاوشانی ئەمانە بوونی چەند بنەماڵەیەکی جولەکە کە سەرقاڵی بازرگانی بوون و پەیوەندیشیان لەگەڵ زۆرینەی دانیشتوان زۆر باش بووە. لە ڕاستیشدا دانیشتوانی پێنجوێن خەڵکانێکی دڵ ساف و پاك و بێگەردبوون

دامەزراندنی یەکەمین قوتابخانە لە ساڵی ١٩٣٥ تەکانێکی تری بە گۆڕانکاری یەکان داوە تا هەڵگیرسانی جەنگی دووەم وە هێنانی ڕادیۆ بۆ چایخانەکەی دەروێش کەریمی ڕەحمەتی کۆڕو گفتوگۆکانی ئەوەندەی تر گەرم کردووە. ئەگەر بەوردی سەیری بکەین ئەبێت چەندسەرنج ڕاکێش بووبێت (ململانێ لەنێوان هەندێك لەمەلا ئایینیەکان وچەپەکان وسۆفی ودەروێش ونەتەوەخوازەکان) لەناوشارۆچکەیەکی پڕلەجووڵەی جوتیاری باخداری و ئاژەڵداری و کاروانچێتی و بازرگانی کە ڕاگوزەری کاروانە بازرگانییەکان بە هەردووئاراستەی ڕۆژهەڵات (مەریوان- سنە)وە باکور(بانە-سەقز)جوڵەی هەندێك لە بنەماڵەی ئاغاو بەگ و شێخەکانیش با سەربار بێت بۆ دانیشتوان. لەگەڵ جوڵانەوەی بارزانی نەمر(١٩٤٣)پێنجوێنییەکان پشتیوانییان کردووە وە لەگەڵ خۆ ئامادەکردن بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد موفتی پێنجوێنی و کۆمەڵێك کەسایەتی تری پێنجوێن بە پیادەڕەوی خۆیان گەیاندە مهاباد و لەمەیدانی چوار چرادا شیعری ئاڵای کوردستان لە لایەن پێنجوێنی یەوە گرو تینی بەخشییە ئامادەبوان بەڵام دوای ئەمە ڕوخانی کۆمارو لە هەمان کاتدا ڕوودانی کارەساتی سروشتی (بومەلەرزە)کە زۆرێك لەخانووەکانی پێنجوێنی ڕوخاند بووە تاسەی دڵی دانیشتوان بەڵام لە لایەکی ترەوە بووە هۆی فراوان بوون چونکە لە بەشی خوارەوەی پێنجوێنی جاران گەڕەکێکی نوێ دروست بوو بەناوی (بەنگەڵە)واتە خانووی لە دارو سێر دروستکراو هەر بە هۆی ئەم بوومەلەرزەوە مامۆستا ڕەفیق چالاك و مامۆستا عومەری عەلی ئەمین و چەند هونەرمەندێکی تر لە ڕێگەی نمایشێکی شانۆیی یەوە پیتاکیان بۆ زیان

لێکەوتوانی ئەم کارەساتە کۆکردەوە کە دواتر ئەو داهاتەو بەشێکی تری کە لەلایەن حکومەتەوە دابینکرا بوومهۆی هێنانی (موەلیدەی کارەبا) بۆ پێنجوێن کە لەساڵی ١٩٥١ بووە هۆی ڕووناك کردنەوەی پێنجوێن. لە لایەکی ترەوە لەم ساڵانەدا بە هۆی بارکردن و ڕۆیشتنی بنەماڵە جوولەکەکانەوە ئیتر کاری بازرگانی و کاروانچێتی مایەوە تەنها بۆ دانیشتوانە ناوخۆییەکەی پێنجوێن. هەروەها دەرکەوتنی هەندێك کەسایەتی کە بە ناوی کوردایەتی وبوونەئەندام لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەنهێنی ئەوەندەیتر کۆڕو مەجلیسەکانی گەرمتر کرد.

ئامادەکاری بۆ سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٥٧ هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی خەڵکانی نزیك پێنجوێن بێنە ناوشارۆچکەکە و ناونووس بکرێن تەنانەت زۆر کەسانی گوندەکانی (باشماخ و خانمەشێخان و جەژنیاوا و بایەوە و مرانەو سەردۆش و هتد) جگە لە گوندەکانی ئەم دیو بە شێوەیەك پێنجوێن فروان بوو کە لە دوای کودەتای ١٩٥٨/٧/١٤ و گۆڕانی سیستەمی پاشایەتی بە کۆماری پێشنیاری ئەوەکرا کە ببێتە(قەزا) بۆیە ساڵی ١٩٥٩ کرایە قەزاو گوندی گەرمك کرایە ناحیە بۆ گوندەکانی چەمی شلێر. وە یەکەم لیژنەی ناوچەی پێنجوێن ی پارتی دیموکاتی کوردستان بە ئاشکرا کەوتنە خەبات کە بریتی بوون لە (ئەحمەدی مامە عبدالله ی مختار بەرپرس و ئەندامێتی صالح حاجی فەتحولا و لالۆ عبدالرەحمان و محمودی غلام /مامە خولە/ بە وتەی مامە خولە کە ئەوکات ئەندامی ناوچەو کەسایەتییەکی دیاری پێنجوێنە پەیوەندی نێوان بنەماڵەکان لەگەڵ جولەکەکان ئاسایی بووە و زۆر ڕێزیان لێگیراوە هەروەهاپەیوەندی نێوان چین و توێژەکان زۆر پتەو بووە زۆرینەیکار بەهەرەوەزی ئەنجام دراوەو لە سەرەتادا گفتوگۆی نێوان ئەمان و شیوعیەکانیش زۆر ڕێزگتن و ڕاگۆڕینەوەی تێدابووە.

لە سەرەتای شەستەکانەوە دروستبونی قوتابخانەی ئامادەیی و زیاتر گەشەکردنی کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و چەپەکان وە پەیوەندیکردنی گەنجەکان بە زانکۆکانەوە ورەو هاندانێکی نوێ بوو بۆ

دەرکـەوتنیان کـە یـەکێك لـە پێشـەنگەکانیان شـەهید(محمـدی وەسـتا صـدیقی ئاسـنگەر)کە هـەم نوسـەر و هـەم کـادیرێکی پێشـکەوتووی یـەکێتی قوتابیـانی کوردستان بوو، کە شەهیدبونی زیانێکەی گەورەبوول پێنجوێن.

بـە دەسـتپێکردنی شۆڕشـی ئـەیلول پێنجـوێن بـووە یـەکێك لـە بارەگـا قایمەکانی بەتایبەت دوای ئەوەی هەڤاڵ(مـام جـەلال) هاتـە ناوچەکەو لەگونـدی ڕەشان بوو شەڕی گەورە لەنزیك پردی سێبواران ڕویـدا کـە مـەلا ڕەسـوڵ تیایـدا شـەهیدبوو بـەڵام پـاش تەسـلیم کردنـی (مەرکـەزی پۆلیسـی پێنجـوێن) و مەخفـەرەکانی دەوربـەری گرۆتینێکـی تـازەی دا بـە شـۆڕش. وە لـەم کاتـەدا کودەتای شومی بەعسییەکان ڕویـدا کـە سوپای عیـراق بـە فەرمانـدەیی (زەعیم صدیق)ی خوێنرێژهـاتن و پێنجـوێن سووتێنرا و خەڵکەکـەی ئـاوارەبوون بـەڵام ڕق و قینی ڕژێم بەرانبـەر پێنجوێن ئەوەنـدە زۆربـوو خێـرا خێـرا فرۆکـەکانی دەهــاتن بــۆ بۆردومــانی پێجـوێن و دەوروبــەری کــە لــەئاکام دا بووەهـۆی شەهیدبوونی (مەلا حە مەمینی وەستا مصطفی و کاك عارفی فەتاح و عـەزیزی حــاجی حســەینەڕەش. لــەم پێودانگــەدا ســەرجەم پێنجـوێن و گونــدەکانی دەوروبـەری بوبوونـە بارەگـاو شـوێنی حەوانـەوەی پێشـمەرگە. لـە هـەمان کاتـدا گفتوگۆ ئایدیۆلۆژیەکان ئەوەندە پەرەیان سەندبوو جگەلە کـادرانی پـارتی لـەناو چەپەکانیشـدا تونـد ڕەو و میـانڕەو خەتـەکانی ترۆتسـکی و مـاویزم ومارکسـی لینینی دەرکەوتبوون کە دواتر بەدروستبوونی کۆمەڵەی مارکسی لینینی زۆر لـە پێنجوێنیـەکان وەك ئامـادەکراو وابوون بـۆ پەیوەنـدی و چوونـە کـۆڕی خـەبات. هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەرکـەوتنی پێنجوێن وە ك ناوەنـدێکی بازرگـانی و دواتــر بوونــە ناوچــەی ئــازادکراو تانسـکۆی شــۆڕش و پــەیمانی جــەزائیر. لەسەرەتای حەفتاکانەوەدەرکەوتنی دەنگە شیعرییەکانی (باخەوان کە بەداخـەوە تەمەنی لەزیندان دا بردەسەر وە حەمەئەمین پێنجوێنی و حسینی حاجی مـەلا و دواتر فاتح عزەدین و جەلال شکۆ و چەنـدانی تـر دەنگیـان زولاڵ بوو.لەپاش نسکۆی شۆڕش پێنجوین جارێکی تـر بـوو بـە کوانـووی سـەرهەڵدان و بەشـێکی گەورەی (مەفرەزەسەرەتاییەکانی)یەکیەتی نیشتمانی لەم شارەوە سەری هەڵدا و

بەردەوام دانیشتوانی شار بۆ هەلێك دەگەڕان کە بە گژ ڕژێم دا بچنەوە. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە ساڵی ١٩٧٦ کە سەرکردە دیارەکانی (کۆمەڵە) لە ئێرانەوە تەسلیم بە ڕژێمی عێراق کرانەوە لەڕێگەی پێنجوێنەوەبوو ئەو کاتە بەشێك لە پۆلیسەکان پێنجوێنی بوون و ڕێکخستنی کۆمەڵەبوون لەگەرمەی خەباتدابوون لە ناوجەرگەی دەسەڵاتی ڕژێم دا لەڕێگەی کاك بەکری حاجی صەفەرەوە هەوڵدرا بۆ دەربازکردنیان لەڕێگەی پۆلیسە ڕێکخستنەکانەوە بەڵام یەکێك لەو شەهیدانە وتبوی ئێمە بە سەرپێچی (سنوربەزاندن) گیراوین با کێشەکە گەورەتر نەبێت بەڵکو بەرببین، بۆیە جێ بەجێ نەکرا. وە هەموو ئاهەنگی نەورۆزێك خۆپیشاندان دەکرا و کە پرۆگرامەکانی خوێندن کرایە (عەرەبی)قوتابیان خۆپیشاندانی گەورەیان سازکرد و کار گەیشتە ئەوەی کتێبەکان بە ڕووی هێزەکانی حکومەتدا فڕێ بدرێتەوە وێنەکانی سەرۆکی ئەوکات(ئەحمەدحەسەن بەکرو صەدام حسەین)خرانە ژێرپێ. ئەوەی لەم ماوەیەدا کاریگەری قوڵی لەدڵی خەڵکدا دروست کرد ئەوەبووکە ڕژێم بۆ نەهێشتنی شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە و کۆنترۆڵکردنی جەماوەر بە بیانووی دروستکردنی (گوندی هاوچەرخ) (قرية عصرية)بڕیاری ڕاگواستنی سەرجەم گوندەکانی دەرکردو لەبەشی خوارەوەی پێنجوێن ئۆردوگایەکی زۆرەملەو لەناڵپارێز(کەپاش چۆڵکردنی گەرمك ناڵپارێزبە ئۆردوگاکەوە کرابە ناحیە)بەشێکی ترو بەشێکیشی لە دەشتایی نێوان گوندی شانەدەری وسەیدصادق جێگیرکران تەنانەت لە چەقی ئۆردوگای خوارەوەی پێنجوێن پەیکەری ئافرەتێك دانرا کە لێی نوسرابوو (جميلة الجزائرية) کە یەکەم جاربوو پەیکەر لەم شارە دابنرێت بۆیە بۆ ناسینەوە بەشی خوارەوەی پێنجوێن پێی دەوترا(هەیکەلەکە)تا ئێستاش ئەو ناوە هەرماوە.ئەم کارە کە بووەهۆی تیاچوونی سەرجەم زەوی و زار و باخ و باخات و سامانی ئاژەڵ وە بێکار کردنی دانیشتوان کە پێشتر لەگوندەکان دا هەموویان کاری خۆیان دەکرد. وە جگە لە بازنەی دیاریکراوی شارەوانی کەتەنها ناوشاری دەگرتەوە ئەوانی تر ناونرابە(اراضي محرمة) وە هیچ کەسێك بۆی نەبوولەوبازنەیە دەربچێت چونکە هەرکەس لە دەرەوەی شار ببینرایە تەقەی لێ دەکرا و چارەنوسی کوشتن بوو.

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی لەئێران ڕویاندا و دەسەڵاتی شای پەهلەوی نەما هاتوچۆیەك دروست بووبۆ گوندەکانی ئەودیو سنوور کە هێشتا کۆنترۆڵ نەکرابوونەوە و هێزە کوردییەکانی (کۆمەڵە و حدکا)ی تێدابوو بۆیە پێشمەرگە کانی سنوری پێنجوێن جێگەیەکی حەوانەوەیان دەستکەوت لەودیو سنوورکە ئەم گۆڕانکارییەی ئێرانیش هاندەرێك بوو بۆ زیاترڕق ئەستووربوون لە ڕژێمی بەعس.وە هەندێك لە دانیشتوانی پێنجوێن کە سەرقاڵی ئاڵوگۆڕی شمەك و کاڵا بوون بۆئەودیوسنوور شەوانە بە ئەسپسواری کاڵاکانیان دەگواستەوە و لە بەشی خوارەوەی پێنجوێن بە ناو ئەو باخەی فەرمانگەی کشوکاڵ(بەستەنەکە)دا دەڕۆیشتن لە نێوان درەختەکانەوە تا نزیك گوندی ئاڵیاوا و چەمی گەورە وهەندێکیان نامەو کارەکانی ڕێکخستنیشیان جێبەجێ دەکرد. هێزەکانی حکومەت بە سەرپەرشتی خوێنڕێژ (عەقیدضاحی)کە فەرماندەی هێزەکانی پینجوێن بوو کەمینیان بۆ دادەنان و کۆمەڵێکیان لە و کاسبکارانەی پێنجوێن شەهیدکرد کە ئەمەش ئەوەندەی تر قین و ڕقی لە دڵی جەماوەری شارەکەدا دروست کردبوو.جێگەی ئاماژەپێدانە کە ڕیکخستنەکانی کۆمەڵە لەناو پۆلیس و فەرمانگەکاندا ئەوەندە بەهیز بوون قەناعەتیان بەقایمقام(فوزی ئەحمەدسەلیم عەقراوی) کردبوو بۆ نەخشەدانان کە مەرکەزی پێنجوێن تەسلیم بەشۆڕش بکەن. لەم کارەدا کەسێکی تری پڕ هەستی کوردایەتی بەشداربوو بەناوی (شەریف کەریم کەشکە)کەدواتر بەناحەق شەهید کرا.

### یەکەمین ڕاپەڕین لەم هەرێمە لەدوای نسکۆ:

هەموو ساڵێك بۆ یادی کودەتا شومەکەی ١٧/ ٧/ ١٩٦٨ ڕژێم دروشمەکانی خۆی بە دارو دیواری ناوچەکان دا بڵاو دەکردەوە و نمایشی سەربازی و بڵاوە پێکردنی هێزی بە هەموو قوژبنێکی وڵات دا دەکرد. وە لە ساڵی ١٩٧٩ وە کە ئێران شۆڕشی تێکەوت و ڕژێم زۆر هەوڵی دەدا کە ناوچە سنورییەکان هەمیشە لە ژێر کۆنترۆڵیدا بن. بۆیە لە ١٩٨٠/٧/١٧ هێزێکی زۆری سەربازی بە دەوری پێنجوێن دا بڵاوەی کردبوو سەر هەموو بەرزاییەکان (ڕابایە)ی لێدانرابوو خەڵکی پێنجوێن کە هەندێکیان ئازەڵداریان دەکرد دەرەتانیان نەمابوو بۆ

لەوەڕانـدنی ئاژەڵـەکان. بـە زۆری پیاوماقوڵانی پێنجوێن پـاش مشتومڕی زۆر ڕێگـەدرابوو بـەوەی کـە شـوانێك یـان دوان(گاگەل)ەکـە بـۆ لەوەڕانـدن لـەنزێك گوندی ئاڵیاواوە تا دەوروبەری چەمی گـەورە بـڕۆن لـەم کاتـەدا ڕۆژی ١٩٨٠/٧/١٨ کـە هێزەکانی ڕژێـم هێشتا دەوروبـەری پێنجوێنیـان تەنـدبوو پێشمەرگەیەکی پێنجوێنی بەناوی (عەولابچکۆل)نەرزمنەیی بە کارێکی پێشمەرگانە دەیـەوێت بـە دەشتی پێنجوێن دا بپەڕێتەوە ولە ڕێگەی چیای تالیەرەوە بگاتە شاربازێڕ بـەڵام لـەکاتی نزیـك بوونــەوەی لـە ڕێگـا ئۆتومبیـل لـە نێـوان دەشـتەکانی گونـدی هەرگێنـەو ئاڵیـاوا کـاتی پەڕینـەوەی توشـی (جێـب قیادة)وازێك دەبێـت و خێـرا لێیـان دێتەدەسـت و تەقـەیان لێـدەکات دەبێتـەهۆی کـوژرانی ئەفسـەرەکەو بریندابوونی شۆفێرو ئەوانی تر بۆیە هێزێکی گەورەی ڕژێـم بـەدەم تەقەکـەوە دەچـن بـەڵام شـەهیدعەولا خـۆی دەربـازکردبوو پـاش گـەڕان و پشـکنین لـە دەرەوەی پێنجوێن تـەنها دێوانـە (مەجیدعبدالله) دەبیـنن کـە خـەڵکی گونـدی شەییان بـوو و پـاش ڕاگواستنی گونـدەکان نـەچووبوە ئۆردوگا زۆرەملێکان ولـە گـەڕەکی پیرخەسرەو لـەماڵێکی هەژانـەدا دەژیـا کرابـووە شـوانی (گاگەلەکـە) بـۆ پەیدکردنی بژێوی خۆی لەڕاستیشدا پیـاوێکی کەڵەگـەتی بـەبازوو بـوو ڕیشـێکی پڕو سمێڵی بـەملاولادا دادەنـا چاوەکـانی تـا ڕادەیـەك زیـت و درەوشـاوەبوون. وە کوڕێکی منـداڵ دواشـوانی بـوو کـە نـاوی (طـەهای شـێخ بـەها). لـەنزیك چـەمی گـەورە گاگەلەکـەی مـۆڵ داوە و لەسـێبەری داربییـە هەمیشـەییەکانی کـەناری چەمی گەورەدا هەناسەیەکی فێنکی هـەڵبمژێت (مـانگی ڕەمـەزان بـوو و دێوانـە بەڕۆژووبوو)لەم کاتەدا جەلادەکانی پـەروەردەی دەستی بـەعس و عەقیدضاحی دایدەبڕن لـە مناڵەدواشوانەکەی و دەکەونـە ئەشکەنجەدانی بـە نامرۆڤانـەترین شێوە وە گاگەلەگـە ڕووەو پێنجوێن پـرژوبڵاو دەکەنـەوە پـاش ئەشکەنجەیەکی زۆر دەیبەن بۆ بووبان وە شەهیدی دەکـەن وە بـۆ ڕۆژی دوایـی لـەنزیك چـەمی گەورە تەرمەکەی بە شێوێنراوی فڕێ دەدەنەناو پوش و پەڵاش(دەوروبـەری ئـەو شـوێنەی تەرمەکـەی تیـا جێهێڵرابووپووشـەکەی سـوتابوو). پـەردەوازەبوونی گاگەلەگـەو هەوڵـدانی ئـەو مناڵـەبۆ کۆکردنـەوەیان هێلاکـی دەکـات و بڕەسـی لێدەبڕێـت وە مامـە ڕەشـە نەسـە کـە لەناونەمامـەکانی(بەسـتەنە)کەدا ئـەبێت

هاوکاری دەکات و پێش کاتی خۆی تاك وتەرا ئاژەڵەکان دێنەوە بۆ ناوشار و بەبیستنی هەواڵەکە مقۆمقۆ و وتو ویر درووست بوو. کاك حەمەصالحی سۆفی ئەحەمەد کەخزمی نزیکی ماڵ دێوانەمەجید بوو زۆر پەرۆش بووبۆ سۆراخی دێوانەو وەك ڕیش سپی بنەماڵەکە کەوتەخۆ بە پرس و ڕاوێژی هەندێك پیاومـاقوڵانی پێنجوێن کە لە تەکیەی شێخ قادری شێخ کاکە حەمە کۆدەبوونەوە بۆ زیکر کاك صالح بەیانی زوو سەردانی شێخ محەمەدی کەسنەزانی کردوە کەلە بوبان بوو کارەکەی پێووت بەڵام بەداخەوە نەهات بەدەمیەوە و بێهودەبوو لەگەڕانەوەیدا کەسێك پێی وتبوو بۆ سەردانی کاك شەریف ناکەیت(شەریف سەعید خەڵکی گوندی بێماوا پێشتر پێشمەرگەی ئەیلول تەسلیم بە حکومەت ببوەوە و چەکداربوو) کاك صالح کە ڕوداوەکەی بۆ کاك شەریف باس کردبوو یەکسەر ئەو پیاوە هەڵوێستی وەرگرت و پێی وتبوو بچن بۆ تەکیەی جەنابی شێخ قادری شێخ کاکە حەمە من خۆم ئاگادارتان دەکەمەوە پاش سەردانی ئەمن و ئیستخبارات و عقیدضاحی خۆی بە جێبێکی لاندرۆفەری کورتەوە لەگەڵیان تێکۆشا وە تراکتۆرێکیان بردکە شۆفێرەکەی کاك تۆفیق عارف بوو وەکاك صالح و کاك حەبیب و کاك صدیق برای دێوانە مجید وە قادربەگ چوون بۆگەڕان بە دوای تەرمەکەدا(لەسەرەتاداهێزەکانی ڕژیم ئینکارییان کردبوو وە وتبوویان ئێمە ئاگادارنین)لەئاکام دا لەنزیك چەمی گەورە لە بەری دەشتی مەسۆ تەرمەکەیان دۆزییە وە و بە تراکتۆرەکە هێنایانەوەبۆ مزگەوتی حاجی ڕەسوڵ وە ئیتر سات لەدوای سات کە خەڵك هاتن و تەرمەکەیان بینی وا ئەشکەنجە دراوەو شێوێنراوە قین و ڕقیان ئەوەندەی تر ئەستووردەبوو لە کاتی شۆردن و کفن کردنیدا گفتوگۆ و وتوویژ لەبەردەمی مزگەوتەکەدا کرا کە نابێت ئەم کارە دڕندانەیە وابەئاسایی بڕوات ئەوکاتە ئەو خوێنکارانەی زانکۆ کە بۆ پشووی هاوین هاتبوونەوەپێنجوێن زۆریان خۆنەویستانە بڕیاردرا کە تەرمەکە بە خۆپیشاندان بە پێنجوێندا بگێڕدرێت، زۆرینەشیان چەپ بوون.

لەگەڵ هەڵگرتنی تەرمەکە بەسەرشانی جەماوەرەوە دروشمی (بژی گەل. ...هێزی گەل. .حوکمی گەل.. بۆ گەل) بەدەنگی بەرز ئەوترا،لەوانەی کە دەمناسین جگە لە محمد حاجی عارف و تۆفیق سعید زۆراب و کاك تۆفیقە رەش و محمودی مەلا صالح کە ئەو کاتە فەرمانبەری پۆستەو گەیاندنی پێنجوێن بوو وە ئەیتوانی هاتو چۆ بکات لەوانەبوون کە رۆڵی دیاریان هەبوو تەنانەت کاك محمود کە بە ماتۆری ئەو فەرمانگەیە هات و چۆی دەکرد توانی دوای لێدانی عومەری حەمەی میرزا فەتاح بۆ یەکێك لە قوات خاصەکان دەربازی بکات لەگرتن، وە لە شەقامی سەرەکی نێوان مزگەوتی بەرکێو و مزگەوتی حاجی عبداللە ی کنردا جەمالی رەشە هەلاج بەرزکرایەوەو بەسەرشانی خەڵکەوە وتی (ئەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە رق ئەستورترم. ... لێم ئەدا ئەمما لەسەر داوا رەواکەم سوورترم..... ئەمکوژێ ئەما بەگژ جەڵادەکەمدا دێمەوە...... کوردم و ناتوێمەوە. .... ناتوێمەوە. .... ناتوێمەوە) ئیتر شار خرۆشا وە کۆمەڵیکی باش لەتەکیەی کاك شێخ قادرەوە هاتن یەکێکیان شیخ موعطصم وە مامۆستا ملا عبداللە ی رەشمار کە ئیمامی مزگەوتی بەرکێوکەوتنە ناو ئاپۆرای جەماوەرەکە هاوشانی پیاوان خاتوو گەلاوێژعەلی محمەد ئەوێهەنگی کەخێزانی حاجی عزەتی مامە حەسەن بوو بانگی هەڵداو هاواری کرد کە ژنان و کچانی پێنجوێن هاوشانی براو کەس وکاریان بێنە راپەرینەکەوە. ئاواتی عەزیزی حاجی حسەینە رەش یەکێکی تر لەوژنانەی کە بەشداری هوتاف کێشان بوو وە ئیتر سات لە دوای سات ئاپۆرای جەماوەر گەرمتردەبوو. چەند ئەندامێکی رێکخستنەکانی کۆمەڵە و چەند کەسێك لەچەپەکان لەنزێك مزگەوتی قازی پرس و راوێژیان کرد بۆ سەرپەرشتی و بەهێزکردنی راپەرینەکە(ریکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران زۆربوون و ناسراویش بوون جیگەی شانازییە کە لەپێنجوێن دا ئاوماڵەتی وخۆشەویستی نیشتمان ئەوەندە بەرز بووهیچ کەسێکی ریکخستنەکان زیانی بەرنەکەوت بەدەستی ئەوپێنجوێنیانەی سەر بە ڕژێم بوون. وە لەکاتی هێنانی تەرمەکە بەناو بازاردا خەڵکی پێنجوێن رەوشتیان وابوو زۆرینەی دوکانەکان داخرا و کەوتنە شوێن تەرمەکە وە بە دورووشم و شیعری حەماسی لە ناوجەرگەی

بازاڕی پێنجوێن که بەشێکی زۆری ژنان و قوتابیان وەك قەڵغانی مرۆیی له پێشیانەوە گەلاوێژخان کەوتبووە پێشەوەی تەرمەکەیش. ویسترا که تەرمەکە بهێنرێته خوارەوەی پێنجوێن بەڵام هەواڵ هات که ئەمن و ئیستخبارات و سوپا به مدەرەعەوە لای پردی حاجی کوێخا و ئینحصاری توتنەکە هێزێکی زۆریان کۆکردۆتەوە و کارەساتی گەورەتر دەقەومێ قەناعەت کرا که تەرمەکە ببرێته گۆڕستانی حاجی شێخ و بەخاك بسپێردرێت لەکاتی دانانی تەرمەکەدا هێزێکی ڕژێم نزیك بووەو قایمقام و چەند ئەفسەرێك هاتنه نزیکەوە و قایمقام داوای کرد کەسێك قسەی لەگەڵدا بکات به عەرەبی چەند کەسێك چوون که یەکێکیان محمدی حاجی عارف بوو بۆ لای قایمقام و پێیوترا کەبێت و سەیری تەرمەکەبکات پاش سەیرکردن (وەك ئەوە وابوو قایمقامیش دڵگران بێت بەشێواندنی تەرمەکە) پاشان قایمقام ووتی ئەم کارە (تەخریب)ە و ئاسایشی شار تێك دەدەن ئەگە ر وازبێنن و بچنەماڵەوە ئەتوانین خۆمان چارەسەری بکەین. پاش بەخاك سپاردنی به مامۆستا مەلا عبدالله ی ڕەشماریان ووت که دەبێت بەکوردی تەڵقینی بخوێنێت وە ئەویش بەکوردی تەڵقینی خوێند پاش تەواو بوون ئیتر جارێکی تر جەماوەر خرۆشا هەندێك له سیخوڕ و ئەمنەکان به کامێرا ڕەسمی ئەوانەیان دەگرت که زۆر چالاك بوون (کەمالی محمودی حەمەخوله بەردی تێگرت و کامێراکەی له دەست خستەخوارەوە) قوتابیان لەسەر دیوارەکەوە چوونه ئەو شوێنەی پێی دەوترا(طلایع) لوقمانی ڕەشیدچاله ڕەسمی صدامی له دیوارەکە کردەوەو پاشان له سەر جادەکە خرایه ژێر پێ وە گەلاوێژ خان نەعلەکەی پێی بەرزکردەوە به ڕووی بەرپرساندا و وتی ئەوەی ئەم کارانه دەکات به هاووڵاتی کورد له نەعل کەمترەو دەبێت تۆڵەی خۆی وەربگرێت.لەسەر جادەی نزیك مزگەوتی جامیعه (عومەری حەمەی میرزا فەتاح) زلەی له یەکێکی قوات خاصەکان دا وە به دەنگی بەرز وتی پێ ی من نائب زابتی جەیشم بەڵام پاشان کەزانیان خانەنشینه ڕایان دەکرد بەدوایدا بەردەوام جەماوەری خرۆشاو به دروشم و هوتاف کێشان هاتنەوە بۆ بەردەم مزگەوتی پیر خەسرەو وە لەوێدا جگه لەسەرەخۆشی و تازیەباری بۆ بنەماڵەو کەس وکاری دێوانه مەجید گەنجێکی تازه پێگەیشتوویان بەرزکردەوە(عوسمانی

حاجی فەقێ عەزیز) وە سێ ڕۆژ مانگرت و بەردەوامی ڕاپەڕین ڕاگەیەنرا جەنابی شێخ قادر تەشریفی هێنا بۆ مزگەوتەکەو دووپاتی کردەوە کە لەهەموو هەنگاوێکدا لەگەڵ داواکاریەکانی جەماوەرە ئەمە وایکردبوو کە هەم چەپەکان و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و هەم کەسایەتی و پیاوە ئاینییەکان یەك دەنگ بن. بۆ شەوەکەی لە کۆڵان و گەڕەکەکان کۆبونەوی جەماوەری سازکرا کە تیایدا مامۆستا کەمال حەسەن میرزا ڕەشید کە لەوساتەدا بەرپرسی ڕیکخستن بوو وتاری بۆ خەڵك دەدا. بۆ ڕۆژی دووەم کە دوکان وبازارنەکرایەوەو ڕاپەڕین لە بەشی سەرەوەی پێنجوێن بەردەوام بوو ئیتر ڕیکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران زیاتردەردەکەوتن وە ڕژێم لە ڕێگەی هێنانی هێزێکی زۆر و چەند هێلیکۆبتەرێکەوە ئاگاداری بڵاوکردەوەکە دەبێت کۆتایی بەمانگرتن و ڕاپەڕین بهێنرێت وە هەڕەشەی شکاندنی قوفڵی دوکانەکانیان کرد(هەندێکیشیان شکاند و چەند دوکانێك تاڵان کرا)

عقیدضاحی و ملازم ئەکرەم ئیسماعیل و قایمقام بەیاوەری سیروان جاف کە ئەوکاتە بەرپرسی کاروباری ئابوری ناوچەی بەناوئۆتۆنۆمی بوو هاتنە پینجوێن و زۆر هەوڵیاندا کە کۆتایی بەڕاپەڕین و مانگرتن بهێنرێت بەڵام کەس بەهانایانەوەنەچوو بۆیە باری نائاسایی و قەدەغەی هاتوچۆ(منع التجول) ڕاگەیەنرا محمدی حاجی عارف بە هاوکاری فاروقی ڕەشید چالە و فاروقی حاجی ئەحمەد حەمەئەمین تەجیلێکیان هێنا وە شەو لەماڵی کاك محمد بە دەنگی خاتووخانمی خێزانی (لەگەڵ ئەوەی کە نەخوێندەواریش بوو) بانگەوازی بەردەوامی ڕاپەڕین و هەندێك دروشمی تۆمارکردبوو و لەکۆتاییەکیدا سروودی نەوڕۆز بە دەنگی (صالح دیلان) تیایدا تۆمارکرابوو وە هەردوو فاروق بەتایبەتی حاجی فاروقی ڕەشید چالە و کاکەحەمی حاجی قادر بەیانی دوای نوێژی بەیانی لە مزگەوتی پاشا کە دەکەوێتە چەقی بازاڕەکەوە بە بڵندگۆکانی مزگەوت بانگەوازەکە لێدرا مامۆستا مەلاسەیدئەحمەد بەڕاکردن هاتەوەبۆ مزگەوت و جارێکی تر شار خرۆشا وەهێزەکانی ڕژێم هاتن تەجیلەکە لای مامۆستا مەلا سید ئەحمەد مایەوە بەڵام شریتەکەی لابرا نەوەکو لەڕێگەی

دەنگەوە بناسرێتەوە ئیتر ڕژیم کەوتنە شکاندنی قوفڵی دوکانەکان و گەڕان و پشکنین و گرتنی هەندێك کەس دەستیپێکرد ئەوانەی کە لەوکاتەدا گیران ئەمانە بوون:

١- فاروقی حاجی ئەحمەد حمەئەمین
٢- حامدی حەمەی خواکەرەم
٣- عبدالله وەستا ئەحمەدی خەیات
٤- کەمال محمود حەمەخولە
٥- عمر حەمەکەریم
٦- گەلاوێژ علی محمد
٧- جمال حەمەبچکۆل
٨- بەرزان حاجی ئەمین چالە
٩- حاجی عیزەت حەسەن هاوسەری گەلاوێژ علی
١٠- کمال محمود رشید
١١- لوقمان ڕەشید حەمەصالح چالە
١٢- محمد عبدالله موسی

پێشتر عوسمانی حەمەی خواکەرەم گیرابوو بەڵام لەکاتی گرتنی ئەمانەدا بوبووە مامۆستای خۆڕاگیری و ئامۆژگاری کاری هەموویان کەبەهیچ جۆرێك قسە نەکەن لەژێر ئەشکەنجەدا

هەروەها لەگەڵ ئەم هەڵمەتەی گرتن کەس وکاری پێشمەرگە پێنجوێنییەکان گیران لەوانە:

١-کافیە خانی حاجی محمدی ڕەسوڵ(خێزانی فەرماندە کاك بەکری حاجی صەفەر)لەگەڵ کاك بەرزان حاجی صفر

٢-لالە سعید زۆراب و کوڕێکی (باوکی شەهیدی فەرماندە مصطفی سعید زۆراب)

٣-کەس وکاری فەرماندە جمال جلال کریم

٤-کەس وکاری فەرماندە فەرەیدون حەمەصالح

٥-ڕەشید حەمەصالح و دادە ڕەعنای خێزانی و ژیانی کچی(کەس وکاری کامەرانەبچکۆل)

٦- قادری حاجی خەلیفە میرزاحەسەن(باوکی جەمال قادرمیرزا)

٧- کەس وکاری شەهیدی فەرماندە کەمال حەمەئەمین بۆسکانی

٨- کەسوکاری فەرماندە ئەکرەمی مام برایم

٩- حاجی ئەمین باوکی ئەحمد کە یەکێك بوولەو پۆلیسانەی پێشتر بونە پێشمەرگە

١٠- عوسمانی مام فەرەج (قوجیلە) ودادە گوڵەی خێزانی کەس وکاری مەلا جەبار

١١- حاجی قادری شیرین

١٢ خێزانی شەهید صدیق محمود خواکەرەم (سنەوبەرخان)

لەبەر هەڵوێست و کەسایەتی محمود غلام (مامە خولە) دوای ئەوەی ١٠ ڕۆژ لەماڵی مامە عەزە شاراوە بوو دەسگیر کراو برایە هەیئەی کەرکوك وە لەژێر ئەشکەنجەدا پێیان وت کەنامەت بۆ کاك بکر حاجی صفر نوسیوەو وەڵامەکەیت وەرگرتۆتەوە و کەسێکی تر گیراوە کە بەم نامەیەی زانیوە و شاهیدیت لەسەر دەدهات بەڵام پاش خۆڕاگری و قسە نەدرکاندن دوای ٠هێشتنەوەی بۆ ماوەی سێ مانگ بەربوو بەڵام ئەوکەسەی ناوی ئەمی بردبوو دووساڵ حوکم درا.

هاوکات لەگەڵ هاتنی کۆبتەرەکان بۆ پێنجوێن لەڕۆژی ١٩٨٠/٧/٢٠ بە سەر شاربازێڕدا بۆ پێنجوێن پێشمەرگە بەجەرگەکان کە ئەوکاتە لە بناری کوڕەکاژاو و ڕەزڵەبوون کەوتبوونەخۆ وە بڕیاریان دابوو کەلە ڕێگەی دۆڵەسوورەوەبۆ کۆڵیتان و پاشان لە بووزانەوەبۆ ئاسناوە بێنەوەبۆ پێنجوێن ئەوانەی خۆنەویستانە هاتن پۆلێك فەرماندەی چاونەترس و پێشمەرگەی قارەمان بە فەرماندەیی کاك جەمال ی حەمەی خواکەرەم و کاك فەرەیدون حەمەصالح و مامۆستا شاهۆ کە ئەوکاتە فەرماندەی کەرت بوون

هاتنەوە لەنزیك گوندی تازەدێ ی بناری سورێن کەوتبوونەکەمینی هێزێکی ڕژێمەوەو قارەمانانە تێکیان شکاندبوون کە لەو شەڕەدا سالار نەرزەنەیی برای شەهید عەولا بریندارببوو و گەیاندیانە گوندی مرانە وە بە ورەیەکی پۆلاینەوە بێ سڵکردنەوە لەوهێزە زۆرانەی هێنرابوونە پێنجوێن هەر سەرلە ئێوارەی ٧/٢٤ نزیك کەوتنەوە و بەنەخشەیەکی تۆکمە و دانانی بەشێك لە پێشمەرگە بۆ پاراستنی ڕێگەی دەربازبوون هاتنەناو پێنجوێنەوە و لەگەڵ الله أکبەری بانگی عیشا و تەراویح دا لەناوجەرگەی بازاڕو نزیك مەرکەزی پێنجوێن کەوتنە شەڕی دەستەویەخەوە زیانێکی زۆریان بەڕژێم گەیاندبە تایبەتی کە زۆرینەی پێشمەرگەکان شارەزای کۆلان و پێچ وپەنای بازاڕەکەبوون کە تیایدااناقلەیەك تێکشکێنراو بەهەندێ زانیاری کوژراوەکانی ڕژێم (١١١) کەس بوون لە ئەفسەرو قوات خاصە وە (١١) دوکان سوتا، ئەوشەوە پێنجوێن سەرباری کارەساتەکە وەك زەماوەندی لێهاتبوو بە شادبوونەوە بە پێشمەرگەو تۆڵە سەندنەوەی دێوانە مەجید و ئەو جەوروستەمەی خرابووە سەری وە ڕەبایەکانی دەوری پێنجوێن لوولەی دۆشکایان کردبووە ناو ماڵەکان و تەقەیان دەکرد(هەندێك کەس بە تەجیلی سلفەرکە ئەوکاتە مۆدی بوو تەقەکانیان تەسجیل کردبوو) شەرتا پارشێو و دەمەوبەیانی خایاند ڕژێم لەمەلا بانگدانەوە نەیهێشت هیچ کەسێك لەماڵ دەربچێت و زیانەکان بزانرێت تەرمەکانیان کۆ کردەوەو بە تەنکەر سەرجادەو ڕێگەکانیان شۆرد کە خەڵتانی خوێن بووبوو.ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو ئەوەبوو کە پێشمەرگەکان سەلامەت بوون جگە لەوەی کە

پێشمەرگەی قارەمان عبداللە ی محمودی شەریف قاچی برینداربووبوو هەروەها عبداللە ی حەمەی خواکەرەم فیشەك بەناو قژیدا ڕۆیشتبوو پێستی سەری سوتاندبوو.هێزی پێشمەرگە بۆ دەرچوون لەشار ڕێگەیان گۆڕی و لە نێوان ڕەبیەکانی هێلانە کۆلاران و پیر جومعەوە بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە بە هۆی برینداربوونی عبداللە ی محمودی شەریف لەگەڵ ئەحمەدی حاجی ئەمین و عبداللە ی حەمەی خواکەرەم دابڕابوون لێیان چونکە ئەحمد بەکۆڵ عبداللە ی هەلگرتبوو لە گەڕەکی بەرزانەوە ڕووەو قەلادێ و لەوێوە بەرەو بلکیان خۆیان دەرباز کردبوو و کاك جمال حەمەی خواکەرەم هاتبووەوە بە دەمیانەوە و کۆمەکی کردبوون تا سەربەرزانە دەرچوون.بۆ چەند شەوێك دوای ئەوە لە تۆڵەی تەقەکردن ڕووەو ماڵەکان کاك جەمال و شەهید شەریفی قورئانی و چەند پێشمەرگەیەك بەهاوەن لە پشتی بلکیانەوە ڕەبیەکانی کێوی ئەحمەد هاجەرو حەمەقاسێیان ئاگر باران کرد. ئیتر لەمەوە ڕژێم بۆیدەرکەوت کە ئازاردانی خەڵکی پێنجوێن هەروا بە ئاسانی بۆی ناچێتە سەرو تۆڵەی بەزەبرە.

بە وتەی مامۆستا شاهۆ کە یەکێك بووە لە فەرماندەکان پێشمەرگەکانی پێنجوێن ڕۆڵی زۆر قارەمانانەیان هەبووە چونکە خۆیان لەو کۆلان و گەڕەکانەدا گەورە بوون لەوانەی زۆر دیاربون لەرێنیشاندان (مستەفای سعید زۆراب وە شێرزادی مامە خولە) کە لەپشتی بەنزینخانەکەوە سەرجەم کوچەو ماڵەکان شارەزابوون وەك دەلیل و پێشڕەو ڕێنیشاندەربوو تا دەرچوون.

بەشێك لەوپێشمەرگانە بریتیبوون لە (فەرماندە جمال محمەد خواکەرەم و فەرماندە فەرەیدوون حەمە صالح فەرماندە مامۆستا شاهۆ وشەهیدی فەرماندە حەمەئەمین صالح (خەجێ) وهاوڕێ عەزیز و شەهید ی فەرماندە مصطفی سعید زۆراب و شێخ فەتاح و ئەمیر سەعید مەلا تایەر وعەریف کەریم و شەهید صاڵح مەجیلان و عبداللە ی حەمەی خواکەرەم وعبداللە ی محمودی شەریف وشەهید شەریفی قورئانی و شەهید حسەین ئاڵیاوایی وشەهید علی مام ئەحمد(علی بچکۆل) کامەران ڕەشید صالح(کامەرانە بچکۆل) و شێرزادی مامە خولە وشەهیدی فەرماندە مامۆستا جەمال عەزیز وشەهیدی فەرماندە فەرەج

هۆنەرێنەیی وشەهیدی فەرماندە صدیق محمود خواکەرەم و حاجی فاروق ڕەشید صالح(چاله) کە شەوێك پێشتر چوبووە ئاسنەوە.و جەمال قادر میرزا حەسەن و کەمال حاجی خەلیفە میرزاحەسەن و عوسمان غەفور وکاکە حەمەی حاجی قادری شیرین تازە چوبووە دەرەوە وکامەران حەمەصالح(برای کاك فەرەیدون)و مەلاجەبار عەزیز(برای مامۆستا جەمال)و شەهیدی فورماندە سالار قادرنزارەیی و عەلی حاجی فایەق وحەسەن عبداللە میشیاوی و حەمە بناوەسووتەیی و مەلا یوسف و ئەحمەدی حاجی ئەمین و عادل جلال کەریم کە بێ چەك گولە ئاربیجیەکانی پێبوو دەیان پێشمەرگەی تریش کە بۆ سەلامەتی ڕێگاکان پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ و دڵ و گیانیان بەخشیبووە نیشتمان.

جێی خۆیەتی بڵێین کە لە دوای نسکۆی شۆڕشەوە ئەمە یەکەم جاربوو کە شارۆچکەیەك بەو شێوەیە بە گژ جەبەرووتی بەعس دا بچێتەوە کە لەوپەڕی هێزیدابوو بۆیە لە ڕادیۆی دەنگی شۆڕی عێراقەوە (دەنگی گەلی کوردستان) گرنگی تایبەتی پێدرا و لە شوێنەکانی ترەوە پشتیوانی بۆ دەربڕرا و لە قەڵادزێ ورانیەو سلێمانی لەسەر دیوارەکان نوسیبویان پشتیوانی جەماوەری ڕاپەڕیوی پێنجوێن بکەن

لەم پێودانگەدا وپاش تەواو بوونی پرسەی دێوانە مەجید وتیان لیژنە لە بەغدادەوە هاتووە و چەند جارێك هەوڵیان دا کە بەوە ڕازی ببن کە ڕوداوێك ڕوویداوە و قەرەبوو بکرێنەوە بەڵام کەس وکارەکەی بە هەڵوێستێکی بەرزی پێنجوێنیانە وتیان ئێمە تەنها ئەوەمان دەوێت کە گیراوەکان هەموویان ئازاد بکرێن.

پاشان بەدانیشتنی نێوان پیاو ماقوڵانی پێنجوین و قایمقام و لێپرسراوانی ڕژێم ڕاپەڕینەکەهێور کرایەوە کەدواکارییەکان بریتی بوون لە:

١- ئاشکراکردن و دادگایکردنی ئەوانەی دێوانەیان شەهید کرد

٢- ئازادکردنی سەرجەم گیراوەکان

٣- دەشت و دەری نزیك پێنجوێن ئازاد بکرێت

٤- قەرەبووکردنەوەی خێزانی دێوانەمەجید

ئەوانەی کە لەناو شاردا ڕۆڵیان هەبوو و دیاربوون جگە لەگیراوەکان سەرباری ئەوەی کە سەرجەم جەماوەری پێنجوێن بەشدابوون

١- جەمال ڕەشید هەلاج

٢- محمدی حاجی عارف دارەبەنی

٣- فاروق ڕەشید صالح(چالە) ئە م پیاوە ڕۆڵی تایبەتی هەبوو بەتایبەتی گوێگرتن لە تەلەفۆنی نێوان ئەمنی سلێمانی و ئەمن و ئیستخباراتی پێنجوێن چونکە وەك پۆلیس لەبەدالەی پێنجوێن بوو ببووە هۆی ئاگادارکردنی ئەوکەسانەی کە ئەمری گرتنیان دەردەچوو لەوانە مامۆستا کمال حسن میرزا ڕەشید.

٤- محمودی مەلا صالح(لەبەدالە)بوو

٥-کاکە حەمەی حاجی قادری شیرین لەگەڵ کاك فاروق ڕەشید لەبەدالەی پێنجوێن بوو

٦- عمری حاجی حەمەفەرج

٧- شەهید مەلا برایم

٨-تۆفیق سەعید زۆراب(موحسین کەریم)

٩-عزەتی حەمەکریمی نادر

١٠- شەهید حەمەڕەحیم قەرگۆلی(هاوڕێ شەماڵ)

١١ تۆفیق حەمەکریم نادر

١٢-شێخ حەمە زاهیر محی الدین

١٣- عمری حەمەی میرزا فەتاح زلەی لەئەمنێك دا لای مزگەوتی جامعە وتی من نائب زابتی خانەنشینم تۆ داگیکەریت.

١٤-د. عوسمانی حەمەبچکۆل ڕۆژی دووەم گەڕایەوە پێنجوێن

١٥- عمری حاجی حەمە بچکۆل

١٦- مامۆستا کمال حسن میرزا رشید

١٧ احمدی حاجی محمدی مینەمەلێ کە دواتر دوو دەمانچەشی دا بە ڕێکخستنەکان بۆ خۆپاراستن و دواتریش بەخشرا بەشۆڕش

١٨- دادە ئاواتی عەزیزی حاجی حسین.

١٩- تۆفیق سعید ڕەش و کۆمەڵێك هاوڕێ ی بەنگەڵەو حەسەن ئاوای لەگەڵ بوو

٢٠- عمر شریف محمد جبرئیل

٢١- صلاح حمەصاح (بابەت)

٢٢- مامۆستا صدیق حسن حبیب

٢٣-عەلی حاجی حەمەفەرەج کە ئەوکاتە چەپی ماوی بوو بەنهێنی ڕاوێژی بۆ هەندێ لەبەشدابووان دەکرد و سەرپەرشتی دەکردن.

لە ڕاستی دا ناوی ئەو جەماوەرە زۆرە لێرەدا ناتوانم هەمووی تۆماربکەم ئەوەندە ئەتوانین بڵێین کە هەموو دانیشتوانی ئەوکاتەی پێنجوێن بەشدارییان

کردووە و ڕۆڵیان گێڕاوە. هەروەها ئەم ڕاپەڕینە بووە هۆی ئەوەی کە ڕیزەکانی هێـزی پێشمەرگە پتـەو و زیـاتر بکـات چونکـە زۆرێـك لەوانـەی داواکراوبـوون پەیوەندییان کرد بە دەرەوە.و بوونە پێشمەرگە بە چەپەکانیشەوە.

لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بۆیەکەم جار بە ئازادی لـە مـانگی گـەلاوێژی هـەمان سـاڵدا یادکرنـەوەمان بـۆ سازکرد وە سـاڵی ١٩٩٨ بەناونیشانی کەرنـەڤاڵی دێوانە سازکرا و ئیتر هەمووساڵێك بەجۆرێك لـە جۆرکان یـادی دەکرێتـەوە. وە سـاڵی ٢٠٠٧ بـە سەرپەرشـتی بنکـەی گـەلاوێژ یادکرایـەوە ئـەم هەوڵانـە بـۆ تۆمـارکردن و چەسپاندنی ئـەو مێژووەیـە کـە پێـدەچێت لـە گۆشـەنیگای جیـا جیاوە سەیری بکرێت و گێڕانەوەکان هەنـدێك جـار زیـاد و کـەمی تێدا بکرێت بەڵام هەموودەچێتە ئەو خەرمانەی کە پێنجوێنیەکان لاپەڕەیەکی پرشنگداریان بۆ مێژوو تۆمار کرد کە خاوەنی یەکەمین ڕاپەڕین و بـە گژاچوونـەوەی ڕژێمی ئـە وکاتـەی عێـراقن لـە کاتێکدا بـەعس لەوپـەڕی هێـز و توانایـدابوو. بـەمافی خۆمی دەزانم لێرەدا شانازی بەهەموو ئەو بەڕێزانـەوە بکـەم کـە بـەچاوی خـۆم بینیومن چونکە مـن لـەو کاتـەدا قوتـابی پۆلی سێیەمی ناوەنـدی بـووم وە تکا دەکـەم لـە هەمووبەشـداربووانی ئەوکاتـە کەهەوڵبـدەن بـۆ تۆمـارکردنی ئـەو مێژووە و دڵنیام هیچ گێڕانەوەیکیش بێ لەبیر چوونـەوە وکـەم و کورتی نییە بۆیە داوای لێبوردن لەو جەماوەرە قارەمانـەی پێنجوێن دەکـەم ئومێـدەوارم بـە لوتفی پێنجوێنیانەیان بمبورن

..............................................

زانیاری یەکانی سەبارەت بـە پێنجوێن بەشی هـەرەزۆری بـە گفت وگۆ لای خۆم تۆمارم کردوون لەگەڵ ئەم بەڕێزانە:

١-کــاك بـــەکری حـــاجی صـــەفەرفەرماندەو ماندوونـــەناس لـــەکۆڕی خەباتدا(سلاوله گیانی)

٢ وەستا لالۆ عبدالرحمن فەرماندە وخەباتگێڕی نیو سەدە کوردایەتی(سڵاوله گیانی)

٣ محمدی دەرویش حمەصالح(باخەوان)ی شیعر و ئیحساس (سڵاوله گیانی)

٤-محمد ئەمین پێنجوێنی شاعیر و سیسەتمەدار

٥-ئەو یادانەی سازکراون لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ وه لەگەڵ زۆرینەی بەشداربووان

٦- حاجی محمودحەمەئەمین(شەش وبیست)که ئێستاش وێنەی قەواڵەو تاپۆی کۆنی پێجوینی لایه

٧- مامۆستا غفور شکو خواجه خوا تەمەن درێژی بکات

٨- مامۆستا صدیق حاجی حەمەئەمینی خەیات کە زۆرجار خۆی لوتفی کردووه و زانیاری داومەتێ

١٠- دیدار لەگەڵ محمود غولام (مامه خوله)

### من پێنجوێنم

**عەزیز بلکیانی**

لووتکەی بەرزی قەڵای کچێ

بەردێك ئەخاتەسەر مەلۆ وچینێکی تر

بۆ لای خۆری ئاسمان ئەچێ

کانی شەوەقەتی سەرکەش

بووبە لانکه بۆ هەزاران کەله سەری

گورگی دووپێ وبەرازی ڕەش

جنەدەرم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ

ڕەگی زیاتر دادەکوتێ و

گەشتۆتە سەر پشتی گا ڕەش

پێرێ کەمن شارستان بووم

ڕوناکیم ئەدا بە دونیا و کچە شۆخێك

حوکمڕان بوو

دوێنێی نزیك کە دەروازەی ڕاپەڕین بووم

پەرداخێك ژەهرم پێشکەش کرد

بەدوژمنە سەرسەختەکەم

کەلە سەری مەجید شوان بوو

من شاری پاشای شاران بووم

دیوانم شەوی وەك ڕۆژ بوو

تاجی بڵندی سەر سەرم

موفتی و مەلا ئەوڕەحمان بوو

لەکاروانی کوردایەتی

چونکە جووت مەمکی سەرسنگم

بلکیان و هەزار کانیان بوو

هەر کۆرپەیەك لە هەناوی منا بوایە

خوێنەکەی گوڵاڵە سوورەو تەرمەکەیشی

مەتەرێز و قەڵغانی ڕێ ی نیشتمان بوو

من خاوەنی حاجی شێخم

بەناولاپەڕەی مێژوودا

چۆتە خوارێ ڕەگ و بێخم

تو خوا لە لووتکە بپرسن

خاوەنی چەند باز و هەڵۆی بەرزەفڕم؟

چەندین ساڵە کراسی ڕەش

بۆ باڵای هاوسەر و خوشك و

دایکی شەهیدانم دەبڕم

کام سەرکردە؟

دەڵاڵەکانی خۆی نەنارد بۆ مەرزی من

کامە سەرۆك دوای ڕاپەڕین

کەلاوەیەکی بنیات نا و

دایەوە نیوەی قەرزی من؟

منم دایم بۆ کوردوستان

خوێناو لە جەرگم دێتەخوار

خوێنی منە

لەناو پێکی شەوانەدا

ئەیخۆنەوە وەك ژەهری مار

خوێنی منە کوڕەکانتان

ئەیخەنە سەر مێزی قومار

با هەموولایەك بزانن

بۆ دوژمن ژەهری مارم و

بۆ کوردیش شانەی هەنگوێنم

من پێنجوێنم

من شارەکەی بەفر و خوێنم.

# شیوەنێک بۆ پێنجوێن

تۆ مردیت و

تەرمەکەتیان فرێدایە

نێو تەپوتۆزی دوکەڵی بۆمبا بارانی جەنگەوە

*　　　*　　　*

تۆمردیت و

چوارباخ و بلکیانیشیان کوشت

قورە ڕەشەشیان لە چەمی خۆیا خنکاند

خۆ گیانی ئەلیاسە فرەش کە مەرگی تۆی دی هەڵفڕی

*　　　*　　　*

شەوی باران لەباتی تۆپ گوڵە ئەستێرە ئەباری

شەوی جاران... لەبری گرمەو هاژەی موشەک

هەر کوکوختی و تاقتاق کەرە و

چۆلەکەکان بون دەیانخوێند

*　　　*　　　*

شەوی جاران

یان زایەڵەی مۆسیقا و شمشاڵمان دەبیست

یان گریان و خەنینەوە و گڕوگاڵی منداڵی ساوامان دەبیست

* * *

لەناو تۆدا لەدایک بووین

بەشادی تۆوە پێمانگرت

بەڵام نەیانهێشت تا لەگەڵ

شنەبای بەیانتا بمرین

نەیانهێشت بەرلە مردنمان

چاو ببڕینە شاخەکانت و

بزەیەک بۆ جوانی بلکیان بێنینە سەر لێو و بمرین

کەمردیشین لەناو دڵی حاجی شێخدا

لەگەڵ وەرینی فەمێسکی گەڵاکانا

وەکو باپیران بنێژرێین

* * *

قوتابخانەکان کەجێگەی فێربونی شیعر و ئەدەب و مێژوو مان بوو

ئێستا کەلاوەن و

سەگ و پشیلە لەناویا

فێری وانەی بردنەوەی جەنگی نوێ ئەبن

تولە ڕێکانی بناری باخەکانیش کە ئێواران

بەبۆنی عەتری گوڵاڵە و چێژی میوە خۆشەکانیان

پێشوازییان لەهاتوچکانی ئێمە دەکرد

ئەوا ئێستا وێرانەن ولەنێو سەربازگەدا کپن

* * *

کەجوانی تۆیان شەهید کرد

بە هەڕەشە و جنێوەوە!

فڕۆکە و مووشەک و تۆپ و ڕاجیمەیان ناردە سەرمان

تا تەرمی لەخوێنا سوور بووت جی بهێڵین

ئیتر بۆسەر گۆڕی وێران بویشت نەیەینەوە

جارێکی تر بۆ سۆراخت

نەچینە سەر لووتکەی کانی شەوەقەت و

پێچا و پێچی ملەکەوە!

بڕیاردرا

جارێکی تر لەخوێناوی کانییەکانت

قومێ ئاو نەخۆینەوە.

بەڵام پسوڵەیان داینی بۆمان هەبێ

لە ئاڵۆزی خەونەکانمانا بتبینین

یان لەناو ئاوێنەی پڕ لە ئەشکی

ئاوارەکانا بتبینین!

* * *

جێمان هێشتی و گوێمان نەدایە بێ کەسی باخەکان و نامۆ بوونی باڵندەکان

پێمان وتن ئێوەش ناچارن جێی بێڵن!

جێمان هێشتی و گوێمان نەدایە بێدەنگی مردووەکان

شوێنمان کەون بە زریکەو قیژە و شین و شەپۆڕەوە

بۆ پێنجوێن و ئێمەی زیندوو ئەشکی هەوری تورەی ئاسمان ببارێنن.

جێمان هێشتی و تۆمان سپارد بەشەوانی تاریکی و کپی وخامۆشی تۆمان سپارد

بەسۆزی وەڕینی سەگ و جریوەی چۆلەکەکان و

چاوانی شەمشەمەکوێرەی لە شەو ئەنگوستە چاوی پڕ بینای!

وەک چۆن بە بۆمبای ئەتۆمی زانستی بەد

خەندە و هیوای چاوی گەشی هێرۆشیمای توایەوە!

ئاوا سروشتی قەشەنگی ئەم پێنجوێنەش

لەچاومانا تاریک داهات کوژایەوە

ئەی شەهیدی قوربانی بوی جەنگی بەدفەڕ

بمانبەخشە

لەناو تۆدا لەدایک بووین خۆ ئەگەرچی لە باوەشی گەرمی تۆی ئازیزدا نەمردین

بمان بەخشە

فاتیح عزالدین

شەوی ١٤/ئابی /١٩٨٥

# ئەلبومی وێنەکان



هەوێنی ڕاپەڕینی ١٩٨٠/٧/١٩ شەهید دەرویش مجید



قەزای پێنجوێن



قەزای پێنجوێن ١٩٦٩



قوتابخانەی پێنجوێن



چەند پیاوماقولێکی ئەوکاتەی پێنجوێن



یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین/ نزیک مەیانەکە

ئەی کۆمەڵانی

خەڵکی کوردستان!

ئێوەش وەک جەماوەری

قارەمانی پێنجوێن ئیستە بڵێن

کە کوردستان سەر بۆ

فاشستەکان شۆڕ ناکا!



● یەکێتی نیشتمانی کوردستان ●

یەکێک لەو پۆستەرانەی لەشارەکانی کوردستاندا بۆ پشتگیریی لەڕاپەڕینی جەماوەری پێنجوێن بڵاو کرابوونەوە

# پێنجوێن

## شاری [illegible]

لەرۆژی ١٩٨٠/٢/١٨ و لە تیپی بازاری پێنجوێن پێشمەرگەیەکی قارەمانی
م ٢ ، لەگەڵ هێزێکی زۆری فاشیستدا دەکەوێتە شەڕێکی سەختەوە ،
پێشمەرگەکە بێترسانە پەلاماریان دەدا زۆربەیانی دەکوژێت
و دوو سەربازیش بریندار دەکات و خۆی بەسەلامەتی دەرباز دەبێ.

دوژمنی فاشیست لەبابی ئەوە کاروانی بازاری پێنجوێن (شەهید عەبدوللا) دەگرێ و بەهانەی ئەو منداڵەی لەگەڵیدابووە رایدەکێشن
دەدەن بۆ سەربازگەکە و لەوێ بەهۆی ئازاردانێکی دڕندانـــــە
دەیکوژن و بۆ بەیانی وایە لەرۆژی ١٩٨٠/٢/١٩ لاشەکەی پەیدابوو
لێی دەدەنە خوێنی رووداوەکە .

کاروانی بازاری پێنجوێن ، بەئاگاداری (ئامر لیوا) و رێکخـــراوی
ئالمینەکان و ئابهتام ئاگالەکەی دەڵەوەراند ، کەچی دوژمنـــی
فاشیست بەبێ گوێدانە هیچ بنیاتێکی مرۆڤایەتی ، دڕندانە کاروان
هەژاریان کوشت .

هەر ئەو رۆژە لاشەی کاروانی شەهیدیان هێنایەوە بازار . کاروانـە
کە لەلای خەڵکی پێنجوێن خۆشەویست بوو ، لاوێکی راستگۆ و دڵسۆز
بوو ، بۆیە کە بازرگانانی بازاری پێنجوێن ئەم رووداوەیان زانـی
هەموو بەیەکجار رژانە ئەو شوێنەی کە لاشەکەی کاروانـــی

(١١)

هەواڵنامەی کوردستانی عیراق – مەکتەبی راگەیاندن

ژ: ١١ تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ ل: ١١-٢١




عبدالله گۆج



جمال رشید هەلاج



کاک بەکری حاجی سەفەر



عمری حاجی حمەفرج



شەهید شەریفی قورئانی



جەمالی حەمەی خواکەرەم



لەڕاستەوە..هاوڕێ کامەران-فریەدون حمەساڵح- و
ماموٚستا شاهۆ



شێرزادی مامە خولە و شەهید عبداللەی حاجی عزیز



کامەرانی ڕەشە چاڵە(کامەرانە بچکۆڵ)



عوسمانی محمدی جواکرم



شەهید مەلا برایم



شەهید صدیقی خولەی خواکەرەم



ڕشید حمه صالح (ڕەشەچالە)



سعید زۆراب



حاجی قادری شیرین و حمەی خواکەرەم



شێخ قادر شێخ کاکە حەمە



حاجی خەلیفە میرزا حەسەن



مامەخولە



شەریف سەعید





یەکەم یادکردنەوەی ڕاپەڕینەکەلە١٩٩١

عوسمان ماملێ و مامۆستا عزیز بلکیانی











## سوپاس و پێزانین

**سوپاسی هەریەکە لەم بەڕێزانەی خوارەوە دەکەین کە هەریەکەیان بەجۆرێک هاوکارمان بووە لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم کتێبەدا:**

١- رۆشنا مجید سعید

٢- پشتیوان فرهاد حمەکریم

٣-سۆزان علی محمد

٤-پشتیوان غریب حمەصاڵح

٥-م.بەهزاد محمود (بەهزاد مامەخولە)

تۆمردیت و

چواریاخ و بلکیانیشیان کوشت

قورە ڕەشەشیان لە چەمی خۆیا خنکاند

خۆ گیانی ئەلیاسە فرەش کە مەرگی تۆی دی هەڵفڕی

شەوی باران لەباتی تۆپ گوڵە ئەستێرە ئەباری

شەوی جاران... لەبری گرمەو هاژەی موشەک

هەر کوکوختی و تاقتاق کەرە و

چۆلەکەکان بون دەیانخوێند

شەوی جاران

یان زایەڵەی مۆسیقا و

شمشاڵمان دەبیست

یان گریان و خەنینەوە و گڕوگاڵی منداڵی

ساوامان دەبیست

لەناو تۆدا لەدایک بووین

بەشادی تۆوە پێمانگرت

بەڵام نەیانهێشت تا لەگەڵ

شنەبای بەیانتا بمرین

نەیانهێشت بەرلە مردنمان



**دێوانە مەجید( 1945 ـ 1980 )**

چاو ببڕینە شاخەکانت و

بزەیەک بۆ جوانی بلکیان بێنینە سەر لێو و بمرین

کەمردیشین لەناو دڵی حاجی شێخدا

لەگەڵ وەریشی فەمێسکی گەلاکانا